راپۆرتی بەراوردکاری پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ

٢٠٢١ - ٢٠٢٥

نووسینگەی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

تەمموزی ٢٠٢٣

# ناوەڕۆک

ناوونیشان لاپەڕە


پێشەکی................................................................................................... 3
بەشی یەکەم: چوونە نێو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان ........................................................................ 5
بەشی دووەم: دەرچوواندن و هەموارکردنی یاساکان ........................................................................... 6
بەشی سێیەم: بنیاتنانی و پەرەپێدانی کاری دامەزراوەکان ........................................................................ 13
بەشی چوارەم: هاوکاریکردن لەگەڵ میکانیزمە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ................................ 14
بەشی پێنجەم: ڕێزگرتن لە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و مافەکانی مرۆڤ ................................................... 17
بەشی شەشەم: مافە مەدەنی و سیاسییەکان ........................................................................................ 20
بەشی حەوتەم: نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ.................................................................................. 32
بەشی هەشتەم: بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان............................................ 36
بەشی نۆیەم: بەرهەڵستیکردنی ئەشکەنجەدان و شوێنبزرکردنی زۆرەملێ ........................................................ 42
بەشی دەیەم: بەڕێوەبردنی چاکسازییەکان و سەنتەرەکانی راگیرکردن ........................................................ 46
بەشی یانزەیەم: ئاشتەوایی نیشتیمانی ................................................................................................ 52
بەشی دوانزەیەم: بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ........................................................................................ 54
بەشی سیانزەیەم: مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان ................................................................ 57
بەشی چواردەیەم: گەشەپێدان و نەهێشتنی هەژاری ................................................................................ 76
بەشی پانزەیەم: بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ......................................................................................... 80
بەشی شانزەیەم :مافی ژیان لە ژینگەیەکی خاوێندا.................................................................................. 85
بەشی حەڤدەیەم: مافەکانی ئافرەت.................................................................................................... 90
بەشی هەژدەیەم: مافی منداڵ.......................................................................................................... 94
بەشی نۆزدەیەم: کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت.............................................................. 99
بەشی بیستەم: مافی ئاوارە ناوەخۆییەکان.......................................................................................... 108
بەشی بیست و یەکەم: دادپەروەری راگوزەری ........................................................................................ 114
بەشی بیست و دووەم: مافەکانی پێکهاتەکان و ڕێگریکردن لە جیاکاری...................................................... 117
بەشی بیست و سێیەم: جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن دادگاکانەوە ............ 122
بەشی بیست و چوارەم: ئاماژەکانی مافەکانی مرۆڤ .............................................................................. 124
بەشی بیست و پێنجەم: راهێنان و بڵاوکردنەوەی کەلتوری مافەکانی مرۆڤ ................................................ 125

پێشەکی

دوای پەسەندکردنی پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ئەیلولی ٢٠٢١، راپۆرتی یەکەم (راپۆرتی پلانی کار) بۆ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری ئامادەکرا و ڕاسپاردەکانی پەیوەست بە هەر دەسەڵاتێک دەستنیشان کران و کەوتە بواری جێبەجێکردن.

دوای وەرگرتنی تێبینی لە هەر سێ دەسەڵات، لە حوزەیرانی ٢٠٢٢ ڕاپۆرتی دووەم (ڕاپۆرتی میکانیزمی جێبەجێکردنی پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ) ئامادەکرا کە تیایدا ڕاسپاردە جێبەجێکراو وجێبەجێنەکراوەکان دیاریکران و پێشنیاری پێویست پێشکەش کرا بۆ مەبەستی پیادە کردنی هەنگاوی خێرا بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان. لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ ڕاپۆرتی سێیەم (ڕاپۆرتی ساڵی یەکەمی جێبەجێکردنی پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ) پیشکەش بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران کرا لە بەرواری 2023/1/15، بەپێی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم لە کۆبوونەوەکەدا بە کۆی دەنگ پەسەند کرا کە ڕیژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان لەسەر ئاستی دەسەڵاتەکان دیاریکراوە.


هەروەها لە مانگی ئایاری 2023 راپۆرتی چوارەم (راپۆرتی پۆلینکاری جێبەجێکردنی راسپاردەکان بەپێی دام و دەزگاکان) ئامادە کرا کە تێیدا رێژەی جێبەجێکردنی راسپاردەکان بەپێی دام و دەزگاکانی هەرێم بۆ سێ بەش پۆلین کران جێبەجێکراو، جێبەجێ نەکراو و ئەوانەی لە قۆناغی جێبەجێکردندان.

ڕاپۆرتی پێنجەم هەڵسەنگاندنێکی گشتگیری بەراوردکاری دەخاتەڕوو بۆ پرۆسەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی پلانی هەرێمی بەپێی بابەتەکان لە سەرەتای پەسەندکردنی پلانەکە لە مانگی ئەیلولی ٢٠٢١ تا تەمموزی ٢٠٢٣. تا ساڵی ٢٠٢٢ لە کۆی (٤٠٠) ڕاسپاردە (١٣٩) ڕاسپاردە جێبەجێکراون، (٢٢٦) ڕاسپاردە جێبەجێنەکراون، (٣٥) ڕاسپاردە لە پرۆسەی جێبەجێکردن دابوون، بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان بەرزبوونەوە بۆ (١٧١) و ڕاسپاردە جێبەجێنەکراون کەم بوونەوە بۆ (١٢٧)، ئەو راسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدان گەیشتە (١٠٢).

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە رێژەی جێبەجێکردنی راسپاردەکان بەم شێوەیە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە لە ساڵی 2022 راسپاردە جێبەجێکراوەکان (34.8%)، راسپاردە جێبەجێ نەکراوەکان (56.5%) ئەوانەی لە قۆناغی جێبەجێکردندان (8.8%). بەڵام لە ساڵی 2023 راسپاردە جێبەجێکراوەکان (42.8%)، راسپاردە جێبەجێ نەکراوەکان (31.8%) ئەوانەی لە قۆناغی جێبەجێکردندان (25.5%) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەپرۆسەی جێبەجێکردنی پلانەکە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە.


ڕاپۆرتی بەراوردکاری سێ پێوەری سەرەکی لەخۆ دەگرێت یەکەمیان پێوانەکردنی ڕۆڵی یاسادانان سەبارەت بە پێداچوونەوە و هەموارکردنەوەی یاساکان بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان، دووەمیان بەدواداچوون و

هەڵسەنگاندنی ئەدای  دامەزراوەکان بەپێی ڕێکار و بەرنامەی کاری دەسەڵاتی جێبەجێکردن و سێیەمیان بەڕێوەچوونی پرۆسەی جێبەجێکردنی یاسا بە شێوەیەکی شەفاف و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری دەسەڵاتی یاسادانان لە بەها دیموکراسیەکان، ئازادییە گشتییەکان و مافەکانی مرۆڤ.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 139 | 171 |
| جێبەجێنەکراو | 226 | 127 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 35 | 102 |
| | | |
| کۆی ڕاسپاردە | 400 | |

Figure – 1 ژمارەی جێبەجێکردنی ساڵانەی ڕاسپاردەکان




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 139 | 141 | 144 | 149 | 157 | 164 | 171 |
| جێبەجێنەکراو | 226 | 222 | 215 | 202 | 175 | 148 | 127 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 35 | 37 | 41 | 49 | 68 | 88 | 102 |

Figure – 2  2023 - ٢٠٢٢ بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان

بەشی یەکەم: چوونە نێو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان

چواردە ڕاسپاردەی نێودەوڵەتی و سەرنجێکی کۆتایی وەرگیراوە کە پەیوەستن بە ئەندامبوونی عێراق لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان یان پەسەندکردنی زۆرێك لە پرۆتۆکۆلە ئارەزومەندانەکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ و کشاندنەوەی تەحەفوزات لەسەر ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەك لە دژی ئافرەتان (سیداو) کار لەسەر ئەم ڕاسپاردانە نەکراوە لەبەر ئەوەی لە دەسەڵاتی حکومەتی ئیتیحادیە.




Figure – 3 ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە چوونە نێو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان





Figure – 4 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە چوونە نێو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان

بەشی دووەم: دەرچوواندن و هەمواركردنی یاساكان

بۆ یەكخستنی سیستمی یاسایی و زامنكردنی گونجانی یاساكان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەروەها گونجانیان لەگەڵ ڕێككەوتننامە نێودەوڵەتییەكان لەسەر ئاستی دەرەكی، پەرلەمانی كوردستان بە بەردەوامی پێداچوونەوە بە یاساكان دەكات كە پێویستە هەموار بكرێتەوە یان یاسای نوێ دەربچێت بەپێی پلانی هەرێمی كوردستان بۆ مافەكانی مرۆڤ ئەم پرۆسەیە خێراتر كراوە بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەی تایبەتمەند دانراوە لە كەسانی پسپۆر و شارەزا بۆ ئەوەی پرۆسەی یاسایی هاوتەریب بێت لەگەڵ پلانی هەرێمی كە هەرێم بە هەرسێ دەسەڵاتەوە پابەندن بە سەقفی زەمەنی لە چوارچێوەی ئەو پلانە نیشتمانییەی كە عێراق لە ناوەڕاستی ساڵی 2021 ڕایگەیاندووە.


<u>ئەو یاسانەی لە ساڵانی ٢٠٢٠ – ٢٠٢٣ لە پەرلەمانی كوردستان دەرچوونە و پەیوەندیدارن بە جێبەجێكردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەكانی مرۆڤ:</u>

- ساڵی ٢٠٢٠ (١) یاسا دەرچوو.
- ساڵی ٢٠٢١ (٩) یاسا دەرچوو.
- ساڵی ٢٠٢٢ (١٠) یاسا دەرچوو.
- ساڵی ٢٠٢٣ (٢) یاسا دەرچوو.
- (٨) یاسا لە پرۆسەی جێبەجێكردن دانە بۆ تەشریعكردن.
- (١٤) یاسا بەركارە كە لە ساڵانی پێشووتر دەرچووە.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| لە پرۆسەی جێبەجێكردن دایە | 8 | 42 |
| جێبەجێنەكراو | 94 | 41 |
| جێبەجێكراو | 30 | 49 |
| | | |
| كۆی گشتی | 132 | |

Figure – 5 ژمارەی جێبەجێكردنی ساڵانەی ڕاسپاردەكان تایبەت بە دەرچواندن و هەمواركردنی یاساكان




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 30 | 32 | 34 | 38 | 42 | 45 | 49 |
| جێبەجێنەکراو | 94 | 90 | 84 | 74 | 60 | 51 | 41 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 8 | 10 | 14 | 20 | 30 | 36 | 42 |

Figure – 6   بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە دەرچواندن و هەموارکردنی یاساکان

<u>ساڵی ٢٠٢٠</u>

1. مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان: یاسای مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان بە ژمارە (1) بۆ ساڵی 2020ی دەرچووە و لیژنەیەکی باڵاش پێکهێنرا بۆ خۆپارێزی لە مادده هۆشبەرەکان.

<u>ساڵی ٢٠٢١</u>

1. بەرهەمە خۆماڵییەکان: یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ لە هەرێمی کوردستان دەرچووە.
2. ئاو و ئاوەڕۆ: یاسای پاراستنی پرۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ لە هەرێمی کوردستان دەرچووە.
3. بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار: یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار لە هەرێمی کوردستان بە ژمارە (5) بۆ ساڵی 2021 دەکرا, هەرێمی کوردستان زیاتر لە هەشت هەزار ناوچەی شوێنەواری هەیە، و ئەم یاسایە گرنگی دەدات بە دیاریکردنی شوێن و ناوچە شوێنەوارییەکان لە هەرێمی کوردستان و بوار بە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەدات بۆ ئەوەی کار و هەڵکۆڵین و ڕووماڵکردن بکەن.
4. نوژەنکردنەوە و پاراستنی کەلەپور و شوێنەوار: یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور ژمارە (٥) ساڵی ٢٠٢١ دەرچووە لە هەرێمی کوردستان.
5. ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان: یاسای ژمارە (8) لە ساڵی 2021 هەمواری یەکەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستییە تایبەت لە هەرێمی کوردستان دەرچووە.

6. وەبەرهێنانی پیشەسازی: یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢١ یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاوی عیراقی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٩٨ هەموارکراو دەرچووە.
7. بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی: یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢١ یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان – عیراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ دەرچووە.
8. یاسای بزربووەکان: یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢١ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لەناوبردنی بەکۆمەڵی گەلی کوردستان – عیراق دەرچووە.
9. بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن: یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن ژمارە (٦) ی ساڵی 2008 لە هەرێم دەرچووە، بۆ جێبەجێکردنی یاساکە رێنمایی بۆ رێکخستنی میکانیزمی فرۆشتنی سیم کارت لە هەرێمدا دەرکرا و لە رێککەوتی 2021/10/12 لە رۆژنامەی وەقائیعی کوردستان ژمارە (272) بڵاوکرایەوە.

ساڵی ٢٠٢٢

1. قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەک: یاسای ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٢٢ یاسای چەک لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق دەرچووە.
2. پاراستنی ئاو: یاسای ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٢٢ یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق دەرچووە.
3. پرۆگرامەکانی خوێندن: یاسای ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٢٢ یاسای دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق دەرچووە.
4. کاڵای قاچاغ: یاسای ژمارە (٨) ساڵی ٢٠٢٢ یاسای گرتنی کاڵای قاچاغ و قەدەغەکراو لە مامەڵە پێکردن لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق دەرچووە.
5. گەشتوگوزار: یاسای ژمارە (٩) ساڵی ٢٠٢٢ یاسای گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان ـعیراق دەرچووە.
6. چاکسازی: رێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، هەروەها هەموارکردنی رێنمایی تایبەت بە کارمەندانی هێزی جێبەجێکردن سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠٢١ دەرچووە.
7. چاودێری نەوجەوانان: یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی٢٠٢٢ هەمواری پیادەکردنی یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان دەرچووە.

8. ژینگە: یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٢ هەمواری یەکەمی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان ــ عیراق دەرچووە.
9. پەروەردە: یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان ــعیراق دەرچووە.
10. دامەزراوە یاساییەکان: یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٢ یاسای هەمواری یەکەمی ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان ــعیراق دەرچووە.

ساڵی ٢٠٢٣

1. یاسای کار: لە ١ ئاداری ٢٠٢٣ خوێندنەوەی دووەم بۆ یاسای کار لە پەرلەمانی کوردستان کراوە، لە ئیستادا چاوەڕێ دەکرێ لە وەقائیعی کوردستان بلاوبکرێت تا بچێتە بواری جێبەجێکردن.
2. پاراستنی منداڵ لە هەرێمی کوردستان: لە ڕێکەوتی ١٢ نیسانی ٢٠٢٣ لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران سیاسەتی پاراستنی منداڵ لە هەرێمی کوردستان پەسەند کرا کە بریتییە لە کۆمەڵێک بەرنامە و ڕێکار بۆ پاراستنی منداڵان لە توندوتیژی و سووکایەتی پێکردن و پشتگوێخستن لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامە و ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان.

یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان کە لە ساڵانی پێشووتر پەسەند کراون و پەیوەستن بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان:

1. یاسای سزای لە سێدارەدان: بە گوێرەی یاسای (21) بۆ ساڵی 2003 کارکردن بە ماددەکانی (156-228) لە یاسای سزاکانی عێراقی ڕاگیراوە کە تایبەتن بەو تاوانانەی سزاکەیان لەسێدارەدانە. هەروەها ماددە (٢٨٧) لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی کاری پێناکرێت کە ئەویش تایبەتە بە سزای لەسێدارەدان بەسەر ئافرەتی دووگیان یان شیردەر بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ڕێککەوتنی لەدایکبوونەکەوە.
2. مافی دەستکەوتنی زانیاری: یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری ژمارە (11) بۆ ساڵی 2013 دەرچوو لە هەرێمی کوردستان بۆ ڕێکخستنی پێشکەشکردنی زانیاری ڕاست و درووست و دەستەبەرکردنی کەشێکی باشتر بۆ ئازادی رادەربڕین.
3. ڕێکخستنی خۆپیشاندان: یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (11) لە ساڵی 2010 دەرچوو، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان گوزارشت لە راو و بۆچوونی خۆیان بکەن و داواکارییە رەواکانی بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دوور لە پشێوی بخەنە ڕوو، هەروەها لەپێناو پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتییەکان لەوەی زیانیان پێنەگات، لە یاساکەدا بنەما و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ماف و ئازادییەکانیش لەبەرچاو گیران.

4. یاسای کاری ڕۆژنامەوانی: یاسای کاری ڕۆژنامەوانی ژمارە (35)ی ساڵی 2007 دەرچووە بۆ پاراستنی ڕۆژنامەنووسان.
5. چاپەمەنی: یاسای چاپەمەنی لە هەرێمی کوردستان بە ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ دەرچووە.
6. پاراستنی پێکهاتەکان: یاسای ژمارە (5) بۆ ساڵی 2015 دەرچووە لە هەرێمی کوردستان بۆ زامنکردن و پاراستنی مافە سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری و ئابوورییەکانی پێکهاتەکان بە گوێرەی یاسا ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و لە ئێستادا ئەم یاسایە بەرکارە.
7. لە ساڵی 2003 حکومەتی هەرێمی کوردستان (لائحة حقوق القوميات و الاديان و الطوائف الدينية في اقليم كوردستان العراق)ی دەرکرد، کە بەڵگەنامەیەکی گرنگە بۆ پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە هەموو ڕوویەکەوە. هەروەها یاساکانی هەڵبژاردنەکان، دیاری کردنی کۆتای پێکهاتەکان، باری کەسی و زمانە فەرمییەکان گوزارشت لە پاراستنی مافی پێکهاتەکان دەکەن.
8. یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ: یاسای ژمارە (6) ی ساڵی 2018، تایبەت بە (انفاذ)ی یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ ژمارە (28) بۆ ساڵی ٢٠١٢ کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی دەرچووە.
9. یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی: بۆ پاراستنی ئافرەتان لە توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (8) ی ساڵی (2011) بەرکارە، بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر لەگەڵ بارودۆخی ئێستا گونجاو بێت. لە ئێستادا کار دەکرێت بۆ هەموار کردنەوەی یاساکە و ڕەشنووسی پڕۆژە یاسایەك پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کراوە بۆ گفتوگۆ کردن و دەنگدان لەسەر هەموار کردنی.
10. تاوانی کوشتن بە پاساوی بیانوی شەرەف: لە یاسای لێخۆشبوونی گشتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (4) بۆ ساڵی 2007 دا هاتووە کە ئەم تاوانانە لێخۆشبوونی گشتی نایانگرێتەوە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەری دەکات.
11. جیاکاری لە دژی ئافرەت: ئەو دەقانەی لە خۆدەگرن لە یاسای سزادان وەک مادده (٣٧٧) هەڵوەشاوەتەوە.
12. هاوسەرگیری زۆرەملێ: بە یاسای ژمارە (15)ی ساڵی 2008 پەرلەمانی کوردستان چارەسەری کردووە بە هەڵوەشاندنەوەی هەردوو بڕگەی (1-2) لە ماددەی (9) و ماددەی (6)ی لە یاسای سزادانی عیراقی ژمارە (١١١) ساڵی ١٩٦٩ هەموارکراو.
13. مافەکانی قەرەج: لەبەر ڕۆشنایی ڕاسپاردە گشتییەکەی ژمارە (27) بۆ ساڵی ٢000 لەبارەی جیاکاری دژی قەرەجەکان حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢٦٤) خانووی بۆ قەرەجەکان درووستکردووە، هەروەها قەرەجەکان (٨٥) دەرچووی زانکۆ و (١١٢٥) قوتابیان لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن هەیە. بەڵام تا ئیستا قەرەج ناسنامەیان نییە لەکاتێکدا ژمارەیان لە (٣٠٠٠٠) سی هەزار کەس زیاترە.

14. لەباربردنی کۆرپەلە بە شێوەیەکی یاسایی کە مەترسی بۆ سەر ژیانی دووگیان هەیە: هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە بۆ رێگەپێدانی بۆ لەباربردن، چونکە ئەم کارە قەدەغە کراوە بەپێی یاسای سزادانی عێراق و فەتوای ئەنجومەنی فەتوای هەرێم. بەڵام لە کاتێک کە سکپڕی مەترسی لەسەر دایک هەبێت لێژنەیەکی زانستی هەیە لە هەموو بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکان لە وەزارەتی تەندروستی کە پێکهاتووە لە پسپۆڕە جیاکان بڕیار دەدات لەسەر بەردەوامی دووگیانی یان لەباربردن. بەپێی بڕیاری لیژنە لە هەرێمی کوردستان (٣٤٦) حاڵەتی لە باربردن هەبووە لە ساڵی ٢٠٢٢.


<u>ئەم یاسایانە لە پرۆسەی تەشریعکردندان و پەیوەستن بە جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ:</u>

1. یاسای نەهێشتنی ئەشکەنجەدان: سەبارەت بە دانانی پێناسەیەك لە یاسای نیشتیمانیدا بۆ تاوانی ئەشکەنجەدان، لە رێکەوتی ١ ئاداری ٢٠٢٣ لە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەم بۆ پێشنیازە یاسای تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەدان و مامەڵەی خراپ کرا.
2. پرۆژە یاسای بەرێوەبەرایەتییەکانی چاکسازی: وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی رەشنووسی پرۆژە یاسای بەرێوەبەرایەتییەکانی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان ئامادەکردووە و رەوانەی ئەنجوومەنی شورا کراوە.
3. هەموارکردنەوەی رێنماییەکانی رەفتاری پیشەیی پزیشکی بۆ ساڵی 1985: پرۆژەی تایبەت بە هەموار کردنی یاسای ئاکارەکانی پیشەیی پزیشکی لە هەرێم کاری لەسەر دەکرێ.
4. زیادکردنی رێژەی تەرخانکراو لە بودجەدا بۆ کەمئەندامان: ئەم رێژەیە بە گوێرەی راددەی کەمئەندامێتی دیاری دەکرێت لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکی تایبەتمەند بە گوێرەی پێوەری تایبەت کە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەریدەکات.
5. نەهێشتنی جیاکاری: وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پرۆژە یاسایەکی ئامادە کردووە بە مەبەستی دیاریکردنی سزا لەسەر بنەمای ئایین یان باوەڕ.
6. بیمەی تەندروستی: سەبارەت بە دەرکردنی یاسای بیمەی تەندروستی تایبەت بە هەرێم، وەزارەتی تەندروستی رەشنووسی یاسای بیمەی تەندروستی کوردستان ئامادەی کردووە و بەرزکراوەتەوە بۆ ئەنجومەنی شورا.
7. یاسای تاوانە نێودەوڵەتییەکان: بە هۆی ئەندام نەبوونی عێراق لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی وبەربەستەکانی حکومەتی فیدراڵی، سێ تاوانە نێودەوڵەتییەکە (جینۆساید، تاوانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی) لە یاساکانی عێراقی پێناسە نەکراوە، بۆیە نەتوانراوە تاوانەکانی تیرۆریستانی داعش وەک تاوانی نێودەوڵەتی پێناسە بکرێن، لەگەڵ تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) هەوڵەکان بەردەوامن بۆ دۆزینەوەی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ ئەم تاوانانە.

8. یاسای پاراستنی منداڵ: وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی پرۆژە یاسای پاراستنی منداڵی ڕەوانەکردووە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، ڕەشنووسی یاساکە لە (٨٢) ماددە پێکهاتووە و باس لە دروستکردنی ئەنجوومەنێك دەکات بۆ دانانی ستراتیژ و پلان و سیاسەت بۆ پاراستنی منداڵ و دابینکردنی مافەکانی منداڵ.


## بەشی سێیەم: بنیاتنانی و پەرەپێدانی کاری دامەزراوەکان

دامەزراوە نیشتیمانی و دەزگا پەیوەندیدارەکان بە پێشخستنی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ئامانجی هاوبەشیان هەیە ئەویش بونیاتنان و پەرەپێدانی تواناکان، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاکە کەس بە مافەکانی مرۆڤ و بەدی هێنانی دەرفەتی یەکسانە. لێرەدا نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە پاڵ دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێم، ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان، وەزارەت و دام و دەزگا حکومییەکان کار لەسەر پاراستن و چاودێری و بڵاوکردنەوەی کەلتووری مافی مرۆڤ و پێکەوەژیان دەکەن بەپێی پلانە ستراتیژیەکان، هەروەها کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵی کاریگەرییان هەیە لە پێداچوونەوە و دەستنیشان کردنی کەم و کورتییەکان لەبارەی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 12 | 12 |
| جێبەجێنەکراو | 4 | 3 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 1 |
| | | |
| کۆی گشتی | 16 | |

Figure – 7 ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە بنیاتنان و پەرەپێدانی کاری دامەزراوەکان




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 12 | 12 | 12 | 12 | 12 | 12 | 12 |
| جێبەجێنەکراو | 4 | 4 | 4 | 4 | 4 | 3 | 3 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 1 |


Figure – 8 بەراوردی بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە بنیاتنانی و پەرەپێدانی کاری دامەزراوەکان

## بەشی چوارەم: هاوکاریکردن لەگەڵ میکانیزمە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ

حکومەتی هەرێمی کوردستان پشت بە میکانیزمێکی تێکەڵ دەبەستێت بۆ جێبەجێکردنی پابەندبوونەکانی خۆی لە چوارچێوەی رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لە رێگای پێشکەشکردنی راپۆرتە وەرزییەکان لە بارەگای سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئۆرگانە هەرێمییەکان کە عێراق ئەندامە تێیاندا.


بەپێی ئەم پرۆسەیە هەرێم بەرچاورەوونی و بەدواداچوون دەکات لە ئاستی پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکان ئەوانەی پەیوەستن بە دام و دەزگاکانی، هەروەها لە رێگەی ئەندامبوون لە لیژنەی نیشتمانی نووسینی راپۆرتی ئەو رێککەوتنامانەی عێراق پەسەندی کردوون نووسینگەی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشدارییەکی کارای هەیە لە ئاڵوگۆڕی زانیاری و ئەو داتا و رێوشوێنانەی کە دەگرێنە بەر بە بەردەوامی بۆ گەیاندنیان بەو لیژنانە کە چاودێری ئاستی حوکمڕانی دەکەن لەسەر ئاستی  وڵاتان لە چوارچێوەی ستانداردەکان بۆ نموونە لیژنەکان لە جنێڤ تایبەتمەند بە پانۆرامای خولی گشتگیر (UPR).

لەم بەشە ئاستی ڕاسپاردەکان و بەرەو پێشچوونیان هاوتەریب لەگەڵ میکانیزمە نێودەوڵەتییەکان دەخەینە ڕوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدواداچوونی بۆ کردووە.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 10 | 10 |
| جێبەجێنەکراو | 2 | 0 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 2 |
| | | |
| کۆی گشتی | 12 | |

Figure – 9 ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە هاوکاریکردن لەگەڵ میکانیزمە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 10 | 10 | 10 | 10 | 10 | 10 | 10 |
| جێبەجێنەکراو | 2 | 2 | 2 | 2 | 1 | 0 | 0 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 2 | 2 |

Figure – 10 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە هەوکاریکردن  لەگەڵ میکانیزمە نێودەوڵەتییەکان

<u>هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون بە ڕاپۆرت، لێدوان و بەیاننامە بۆ ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان:</u>

<u>ساڵی ٢٠٢١</u>

- (٧) ڕاپۆرت، (١٦) لێدوان و (١٩) بەیاننامە پێشکەش بە لایەنی نێودەوڵەتی کراوە.

<u>ساڵی ٢٠٢٢</u>

- (١٥) ڕاپۆرت و (٣٨) لێدوان و بەیاننامە پێشکەشی لایەنی نێودەوڵەتی کراوە.

<u>ساڵی 2023</u>


- (5) ڕاپۆرت، (39) لێدوان و (15) بەیاننامە بە پێشکەش لایەنی نێودەوڵەتی کراوە.

<u>ئەو ڕاپۆرتانەی پێشکەش بە لایەنە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان کراوە لە چوارچێوەی پلانی هەرێمیدا:</u>

- ڕاپۆرتی خولی شەشەمی کۆماری عێراق تایبەت بە ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری مامەڵەی نامرۆڤانە بۆ ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێف.
- ڕاپۆرتی کۆماری عێراق بۆ خولی (١٥) مینی پەیماننامەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ سەر بە کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی.


- ڕاپۆرتی نێردەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ هاریكاری كردنی عێراق (یۆنامی) نووسینگەی مافەكانی مرۆڤ سەبارەت بە هێنانەدی دادپەروەری لە عێراق.
- ڕاپۆرتی روانگەی ئەوروپی _ ناوەڕاست بەرامبەر بە خۆپیشاندەران.
- وەڵامدانەوەی بەیاننامەكانی ڕێكخراوی (هیومان ڕایتس ووۆچ).
- وەڵامی بەیاننامەكانی ڕێكخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی (ئەمنستی ئینتەرناشناڵ).
- ڕاپۆرتەكانی كۆمیتەی پاراستنی رۆژنامەنووسان (CPJ).
- ڕاپۆرتی هاوبەشی یۆنامی و كۆمیسیاری مافی مرۆڤی نەتەوە یەكگرتووەكان سەبارەت بە دۆخی ئازادی ڕادەربڕین لە هەرێمی كوردستان.
- ڕاپۆرتەكانی بەدواداچوونی چارەنووسی (١٦٤٢٠) بێسەروشوێنبووی سەردەمی بەعس و لیژنەی چارەنووسی بێسەروشوێنبووانی داعش لە دوای ساڵی 2٠1٤ لەگەڵ لیژنەی بەدواداچوونی بێسەروشوێنبووان .
- وەڵامی ڕاپۆرتەكانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكای دەربارەی بازرگانیكردن بە مروڤ.
- ڕاپۆرتی بەشداری كردن لە كۆبوونەوەكانی پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە سیاسی و مەدەنییەكان خولی (١٣٤) ی لیژنەی نەتەوە یەكگرتووەكان.
- ڕاپۆرتی حكومەتی هەرێمی لەبارەی رەهەندە داراییەكانی تیرۆریستانی داعش لە بەرلین.
- ڕاپۆرتی حكومەتی هەرێمی لەبارەی تاوانەكانی شێوازی كۆمەڵكوژی هاووڵاتیان لەلایەن تیرۆریستانی داعش لە نیویورك.
- ڕاپۆرتەكانی ساڵانەی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤی دەربارەی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستان.
- ڕاپۆرتی خولەكانی (٢٦ و٢٧)ی ڕێككەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەكانی جیاكاری رەگەزپەرستی.
- ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەت بە (نەهێشتنی ئەشكەنجەدان و هەموو جۆرەكانی مامەڵەی توند و نامرۆڤانە و سووكایەتی پێكردن).

نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم ڕاسپێردراوە بە هەماهەنگی و هاوکاری کردنی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لەو تاوانانەی کە تیرۆریستانی داعش ئەنجامیان داوە بەپێی بڕیاری (٢٣٧٩) لە ساڵی ٢٠١٧ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی. لە ماوەی ڕابردوودا تیمە پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی هەرێم سەرقاڵی بونیادنانی تواناکان بوونە لە بواری پاراستنی شاهێدحاڵەکان و توانا نیشتمانییەکان لە یاسای تاوانکاری و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی، هەروەها پرۆژەی دیکیۆمێنت کردنی بەڵگەنامەکان.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 2 | 2 |
| جێبەجێنەکراو | 6 | 2 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 4 |
| | | |
| کۆی گشتی | 8 | |

Figure – 11 ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە ڕێزگرتن لە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و مافەکانی مرۆڤ




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 2 | 2 | 2 | 2 | 2 | 2 | 2 |
| جێبەجێنەکراو | 6 | 6 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 1 | 2 | 3 | 4 |

Figure – 12 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە ڕێزگرتن لە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و مافەکانی مرۆڤ

لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستان ئامادەکاری دەکەن لە کەیسی دادگاییکردنی تیرۆریستانی داعش لەسەر ئەو تاوانانەی ئەنجامیانداوە دژ بە مرۆڤایەتی لە ڕێی پرۆسەی کۆکردنەوە و بە دیکیۆمێنت کردنی بەڵگە و ئەرشیفی ئەلیکترۆنیی ئەو تاوانانە لەگەڵ ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و ڕێساکانی مافەکانی مرۆڤ. لەلایەکی دیکەوە دەسەڵاتی دادوەری بەپێی یاسای دژە تیرۆر دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان بەردەوام بوونە لە دادگایی کردنی تاوانبارانی داعش بە تاوانی تیرۆر و پرۆسەکە بەردەوامە. هەروەها حکومەتی هەرێم سەرجەم ڕێککارە پێویستەکان دەگرێتەبەر بۆ رزگارکردنی ئێزیدییەکان و ئەوانەی هێشتا چارەنووسیان نادیارە.

لێرەدا پاڵپشتییەکانی حکومەتی هەرێم دەخەینە روو بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بەم بەشە:

<u>لە ڕووی پاڵپشتی یاسایی نێودەوڵەتی:</u>

- تا ئێستا 12 وڵات و 18 ناوەندی نێودەوڵەتی دانیان بە جینۆسایدی ئێزدیان داناوە.
- پەرلەمانی ئەڵمانیا: لە ڕێکەوتی ١٩ کانوونی دووەمی ٢٠٢٣، بڕیاری بەجینۆساید ناساندنی تاوانەکانی داعشی دا دژی ئێزیدییەکان.

<u>لە بارەی ئازادکردنەوەی ئەو ناوچانەی کەوتبوونە ژێر دەستی داعش:</u>

- هێزەکانی پێشمەرگە: لە شەڕەکانی ئازادکردنەوەی ئەو ناوچانەی کەوتبوونە ژێر دەستی داعش، هێزەکانی پێشمەرگە قوربانیی زۆریان داوە، لەوانە (١٨٠٠) شەهید و (١٠) هەزار و (٣٦٩) بریندار و (٤٧) بێ سەروشوێن ماون لە هێزەکانی پێشمەرگە.
- دادگاییکردنی تیرۆریستانی داعش: سەبارەت بەو حوکمانەی بەسەر تیرۆریستانی داعش دەرچووە ژمارەیان (١٥٧) کەیسە بۆ ساڵی ٢٠٢١ و (١٢٢) کەیس بۆ ساڵی ٢٠٢٢.

<u>پرۆژەی ئەرشیفکردن و بە دیجیتاڵ کردنی دۆسیەی تاوانبارانی داعش لە دادگاکانی هەرێم بە هاوکاری یونیتاد:</u>

- تا ١١ی حوزەیران ی ساڵی ٢٠٢٣ پرۆژەکە لە فەرمانگەی کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی بەڵگەکان تەواو بووە کە تێیدا (٦٠٤٩) فایل لە کۆی (٧٩٣٠٥) لاپەڕەوە بە هاوکاری ئۆفیسی یونیتاد لە دهۆک ئەرشیف کراون. لە ئیستادا زیاتر لە (100.000) بەڵگە و دۆکیومێنت ئەرشیف کراوە و گۆڕدراوە بۆ فۆڕماتی دیجیتاڵی.
- لە ٣ی نیسانی ٢٠٢٢ لە نووسینگەی ڕزگارکردنی ئێزدییە ڕفێندراوەکان پرۆژەکە تەواو بوو کە تێیدا (3543) فایل لە (5393) لاپەڕەدا ئەرشیف کراون.

- (٧٣.٩) گێگابایت، (٥٠٣٥) فایل و (٥٠٣) فۆڵدەری هێزی زێرەڤانی ئەرشیف کراوە، هەروەها (٥١) گێگابایتی هێزی ئاسایش لە ئێستادا لە پرۆسەی ئەرشیف کردندان.
- (٥١٧٠) دۆسیە تۆمارکراون لە لایەن یونیتادەوە، لەوانە (٢٣٢٤) دۆسیە لە رووی یاساییەوە کۆتایی هاتووە و ئامادەن بۆ پێشکەش کردنیان بۆ دادگا.
- لە دادگای تاوانی ٢ لە هەولێر و بە سەرپەرشتی سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری و تیمی بەدیجیتاڵکردن سەر بە یونیتاد ئەم پرۆژەیە بەڕێودەچێت.

پاڵپشتی دەروونی قوربانییەکان:


- یارمەتیدانی قوربانیانی دەستی داعشی بۆ دووبارە شیاندنەوە و گێڕانەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگا، تا ئێستا زیاتر لە (١٠٠٠) ئافرەتی رزگارکراو نێردراون بۆ ئەڵمانیا بە مەبەستی چارەسەرکردنی دەروونی.
- کردنەوەی سەنتەرێک لە دهۆک بۆ چارەسەر و پشتیوانی کردن لە ئافرەتانەی کە لە شەری داعش ڕزگاریان بووە، تا ئێستا نزیکەی (١٦٣) ئافرەت لێی سوودمەندبوونە.
- پێشکەش کردنی چارەسەری دەروونی و کۆمەڵایەتی و یاسایی بۆ زیاتر لە (١٢٧٨) کەس لە سەنتەری ڕاوێژکاری لە دهۆک کە لە ڕێگەی یەکەی چارەسەری دەروونی و کۆمەڵایەتی لیژنەی داد و لێپرسینەوەی نێودەوڵەتییەوە ئەنجامدراوە.
- لە پلانی ستراتیژی یونیتاد بۆ ساڵی 2023 دا هاتووە هاوکاری حکومەتی هەرێم دەکات لە یارمەتیدانی قوربانیانی دەستی داعش لەرووی دەروونی و کۆمەڵایەتی لە سەنتەرەکانی راوێژکاری دهۆک بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم.

چاوپێکەوتنی راگیراوان و وەرگرتنی وتەی شاهێدحاڵەکان:

- هاوبەشی پێکردنی وتەی (٥) شاهێد حاڵ لەگەڵ هەریەک لە وڵاتانی سوید و فەرنسا و هۆڵەندا، هەروەها ناردنی وتەی (٥) ڕزگاربووی تر بۆ داواکاری گشتی فیدراڵی ئەڵمانیا و نووسینگەی فیدراڵی ئەڵمانیا بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان، ناردنی وتەی (٨) ڕزگاربووی ئێزیدی بۆ لایەنی سێیەم کە پێکدێت لە (٥) وڵات.


بەشی شەشەم: مافە مەدەنی و سیاسییەکان

لە ڕۆژانی ٧ و ٨ی ئازاری ٢٠٢٢ ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ لە جنێڤ بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئامادەبوونی شاندی حکومەتی هەرێم لە چوارچێوەی شاندی کۆماری عێراق شەشەمین ڕاپۆرتی کۆماری عێراقی بۆ هەڵسەنگاندنی پابەندبوونەکانی وەک وڵاتی ئەندام تاوتوێ کرد تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان کە عێراق لە ساڵی ١٩٧١ پەسەندی کردووە. بەپێی ڕێککەوتننامەکە وڵاتانی ئەندام پابەندن بە پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی وەرزی لەو بابەتانەی کە لەژێر ڕێککەوتننامەکەدا هاتوون لەوانە مافی ژیان، سەربەخۆیی دادگاکان و دادگاییکردنی دادپەروەرانە، مافی هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن، مافی ئازادی بیروڕا و ڕادەربڕین و ڕۆژنامەگەری و داکۆکیکاران لە مافەکانی مرۆڤ، مافی ڕەگەزنامە و بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| له پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 5 | 4 |
| جێبەجێنەکراو | 10 | 5 |
| جێبەجێکراو | 20 | 26 |
| | | |
| کۆی گشتی | 35 | |

Figure – 13 ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە  مافە مەدەنی و سیاسییەکان




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 18 | 18 | 19 | 20 | 22 | 24 | 26 |
| جێبەجێنەکراو | 6 | 6 | 5 | 5 | 5 | 5 | 5 |
| له پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 11 | 11 | 11 | 10 | 8 | 6 | 4 |

Figure – 14 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە  مافە مەدەنی و سیاسییەکان

لقی یەکەم: مافی ژیان

لە هەرێمی کوردستان سزای لەسێدارەدان بەرتەسک کراوەتەوە کە ئەمەش پابەندبوونە بە ڕاسپاردە و داواکارییەکان کە ئاڕاستەی عێراق کراوە بە بەردەوامی لە خولەکانی پانۆرامای گشتگیری نەتەوە یەکگرتووەکان، لەو ڕووەوە ئاماژە بە ستراتیژی حکومەتی هەرێم کراوە لە هەڵپەساردنی جێبەجێکردنی ئەم سزایە لە ماوەی ڕابردوودا هاوتەریب لەگەڵ بنەماکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ. لە ئێستادا کۆی گشتی سزادراوان بە لە سێدارەدان لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە (٤44) سزادراو.





Figure – 15 ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافی ژیان





Figure – 16 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافی ژیان

بازنەی جێبەجێکردنی ئەم سزایە بەمجۆرە تەسک کراوەتەوە:

<u>ساڵی ٢٠٢٢:</u>

- (٤١) تاوانبار سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە، (١١) یان بیانین.
- (٣) سزای لە سێدارەدان کەمکراوەتەوە بۆ زیندانی هەتاهەتایی.

<u>ساڵی ٢٠٢٣:</u>

ژمارەی سزادراوانی سێدارە لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان تا مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٣، ژمارەیان گەیشتبووە (٤٤٤) کەس

- (١٥٠) لە چاکسازی گەورانی هەولێر.
- (١٥٧) لە چاکسازی گەورانی سلێمانی.
- (١٠٧) لە چاکسازی گەورانی دهۆک.
- (١١) ژنان و منداڵان لە هەولێر.
- (١١) ژنان و منداڵان لە سلێمانی.
- (٨) ژنان و منداڵان لە دهۆک.

<u>لقی دووەم: سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و دادگاییکردنی دادبەروەرانە</u>


بەپێی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣ ساڵی ٢٠٠٧) دەسەڵاتی دادوەری جیابووە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمدا. سەرۆکایەتی دادگاکانی تێهەڵچوونەوە کە ژمارەیان (چوار) سەرۆکایەتییە سەر بە ئەنجومەنی دادوەرین، سەربەخۆن لە دەرکردنی بڕیارەکان بەپێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان.

تا ساڵی ٢٠٢٢:

- لە دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی هەرێم (٢٣٢) هەبوون کە (٤٨) یان ئافرەتن.


لە ساڵی ٢٠٢٣:

- (٤٥) دادوەر دامەزران کە دەرچووی خولی چوارەمی پەیمانگای دادوەرین کە لە ماوەی دوو ساڵدا لەرووی زانستی و پراکتیکییەوە بۆ پرۆسەی دادبینی ئامادە کراون.
- (١٥) جێگری داواکاری گشتی دەستبەکاربوون.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 1 |
| جێبەجێنەکراو | 1 | 0 |
| جێبەجێکراو | 6 | 6 |
| | | |
| کۆی گشتی | 7 | |

Figure – 17 ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە دادگاییکردن و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 6 | 6 | 6 | 6 | 6 | 6 | 6 |
| جێبەجێنەکراو | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 0 | 0 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 1 |

Figure – 18 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە دادگاییکردن و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری

- دابینکردنی پارێزەر: حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٠ تا ٢٠٢٢ بڕی زیاتر لە یەک ملیار و حەوت سەد ملیۆن دیناری تەرخان کردووە بۆ دابینکردنی پارێزەران بۆ ئەوتۆمەتبارانەی کە ناتوانن پارێزەر دابین بکەن.
- لە مانگی کانونی دووەمی ٢٠٢٣ تا حوزەیرانی ٢٠٢٣ داواکاری گشتی بەدواداچوونی بۆ کێشەی (٨٢٦) سزادراو کردووە لە گشت چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان.

<u>لقی سێیەم: مافی هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن</u>

مافی هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن ژمارەیەک ڕاسپاردە لەخۆ دەگرێت تایبەتە بە نوێنەرایەتیکردنی پێکهاتەکان، بەشداریکردنی ئافرەتان لە پرۆسەی سیاسیدا، و بەشداریکردنی کەسانی کەمئەندام و کاندیدکردنیان.

له هەرێمدا هەنگاوی گرنگ نراوە بۆ ئەوەی ئافرەتان و پێکهاتەکان بە شێوەیەکی گونجاو لە سەرجەم دەستە هەڵبژێردراوەکان و وەزیفە گشتییەکاندا بە سوود وەرگرتن لە سیستمی کۆتای پێکهاتەکان و ئافرەتان بێبەش نەبن لە مافی هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن.

بەپێی راسپاردەکان پێویستە کار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە تەمیزییەکان بکرێت کە رێگری دەکەن لەوەی کەسانی کەمئەندام لە رووی عەقڵی یان دەروونی- کۆمەڵایەتییەوە مومارەسەی مافەکانیان بکەن لە بارەی دەنگدان و خۆپاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنەکان. هەروەها پێویستە بابەت و کەرەستەی هەڵبژاردن و زانیارییەکان دەستەبەر بکرێت بە شێوەیەك کە بە ئاسانی بتوانرێت بخوێنرێتەوە وەك رێگەی پرایل و زمانی ئاماژە و سیستمی خوێندنەوەی ئاسان.




Figure – 19 ژمارەی جێبەجێکردنی ساڵانەی راسپاردەکان تایبەت بە مافی هەڵبژاردن




Figure – 20 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی راسپاردەکان تایبەت بە مافی هەڵبژاردن

بەشداری پێکهاتەکان لە ژیانی سیاسی:

- دەسەڵاتی یاسادانان: لە کۆی (١١١) ئەندام پەرلەمان، (١١) بۆ کۆتای پێکهاتەکان، (٥) تورکمان، (٥) کریستیان، (١) ئەرمەن، جگە لە کۆتا ژمارەیەک لە ئەندام پەرلەمانەکان وەک پێکهاتە لەناو پارتە سیاسییەکاندا هەن وەک ئێزیدی، کریستیان، کاکەیی.
- نوێنەرایەتیکردنی پێکهاتەکان لە سەرجەم دەستە هەڵبژێردراوەکان و وەزیفە گشتییەکاندا: مادده (٦) لە یاسای پاراستنی مافەکانی پێکهاتەکانی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ زامنی مافەکانیان دەکات لە ڕێی بەشداریکردنیان لە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنەوە، و لەو ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتوانەکانیان پێکدەهێنن ئەوا بەشدارن لە بەڕێوەبردنی دامەزراوە حکومی و کارگێڕییەکان بە گوێرەی یاسا بەرکارەکان.
- لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم (٢) وەزیر هەیە بۆ پێکهاتەکان: وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان تورکمانە، وەزیری گواستنەوە و گەیاندن کریستیانە، هەروەها سکرتێری پەرلەمان ئافرەتێکی پێکهاتەی تورکمانە. (٢) بەڕێوەبەرایەتی گشتی سیریانی و تورکمان لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، هەروەها بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سیریانی لە وەزارەتی پەروەردە هەیە، لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروبای ئایینی بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزیدی و کریستیانەکان هەیە، هەروەها نوێنەرایەتی پێنج پێکهاتەی تریش هەیە.

لقی چوارەم: مافی ئازادی بیروڕا و رادەبڕین و پێکهێنانی کۆمەڵەکان و داکۆکیکاران لە مافەکانی مرۆڤ

ئەنجومەنی دادوەری و داواکاری گشتی لێپرسینەوە و گرتنەبەری رێککاری یاسایی تەواو دەکات تایبەت بە پێشێلکارییەکان بەرامبەر رۆژنامەنووسان و کەسانی دیکەی نێو دەزگاکانی راگەیاندن، هەروەها بۆ پاراستنی گردبوونەوەی ئاشتیانە پشت دەبەسترێت بە هێزی ئەمنی راهێنراو لەسەر مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ گردبوونەوەکان و بەرپرسیارکردنی ئەم هێزانە لەبەرامبەر زیادەڕەویکردن لە بەکارهێنانی هێزدا لە دژی خۆپیشاندەران.

بەپێی یاسای ژمارە (٣٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ دەیان کەیس لە دادگاکانی کوردستان یەکلابوونەتەووە، بەشی زۆری ئەم کەیسانە لە بەرژەوەندی ڕۆژنامەنووسان یەکلابووتەوە.





Figure – 21 ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافی ئازادی بیروڕا





Figure – 22 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافی ئازادی بیروڕا

<u>میکانیزمی ئازادی کاری ڕۆژنامەنووگەری:</u>

- وەزارەتی ناوخۆ و سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان یاداشتی لێکتێگەیشتنیان ئامادەکردووە بۆ ئاسانکاری کاری ڕۆژنامەوانی بەپێی یاسا.
- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان بۆردێکیان پێکهێناوە لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن.

ماف و ڕێکارە کارگێڕییەکانی خۆپیشاندان:

- لە ڕووی یاساییەوە: ئەو (قەیدانەی) کە لە یاساکەدا هاتووە بۆ پاراستنی خۆپیشاندەران، ماڵ و موڵکی هاووڵاتیان، سەقامگیری و تەندروستی گشتییە.
- مامەڵە کردنی هێزە ئەمنیەکان: پۆلیسی پارێزگاری چالاکییە مەدەنیەکان دامەزراوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گردبوونەوە و خۆپیشاندان، ئەم هێزانە ڕاهێنراون بەردەوام مەشق دەکەن سەبارەت بە چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان و بەهیچ شێوەیەك نابێت چەکی کوشندە بەکاربهێنن لە دژی خۆپیشاندەران.
- لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاری بۆ مۆڵەت وەرگرتن، ئەگەر لە ماوەی (٤٨) کاتژمێر وەڵامیان نەدرایەوە ئەوا بە ڕەزامەندی دادەنرێت لەسەر ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکە. نابێ مەبەستی خۆپیشاندانەکە هاندانی گروپێک بێت دژی گروپێکی دیاریکراو بە هۆی جیاوازی ئایینی، نەتەوەیی یان ڕەگەزی.
- لیژنەی سەرپەرشتیاری خۆپیشاندان بۆی هەیە تانە لە بڕیاری ڕەتکردنەوەکە بدات لە دادگای تێهەڵچوونەوە لە ماوەی (٣) ڕۆژ لە مێژووی پێراگەیاندنی ڕەتکردنەوە، پێویستە لە ماوەی (٤٨) تانەکە یەکلایی بکاتەوە و بڕیارەکەش یەکلاکەرەوە دەبێت.
- لە ساڵانی ٢٠١٥ - ٢٠٢٣ تەنیا لە سنووری پارێزگای هەولێر (١٠٥) خۆپیشاندانی بە مۆڵەت ئەنجامدراوە، (٣٢) داواکاری خۆپیشاندان ڕەت کراوەتەوە و (١٢٠) خۆپیشاندانی بێ مۆڵەتی ئەنجامدراوە.
- لەکاتی خۆپێشاندانەکان چەندین جار دەرکەوتووە کە خۆپێشاندەر چەکی لەلابووە.

جوڵاندنی کەیسی تایبەت بە مامەڵە کردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان:

- سەبارەت بە تۆمەتەکانی مامەڵەی نەشیاو بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان (٥) داواکاری پێشکەش کراوە، (٢) داواکار جوڵێنراوە، (٣١) حاڵەت بە غەرامەکردن سزادراون لەبەر بەکارهێنانی توندوتیژی دژی ڕۆژنامەنوسان، لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی توندوتیژی دژی ڕۆژنامەنوسان لە (١) کەیسدا کراوە.
- لە ساڵی ٢٠٢٣ داواکاری گشتی گەرمیان (١) داوای دژی ڕۆژنامەنوسان جولاندووە. هەروەها لە ساڵی ٢٠٢٢، (١) کەیس جوولاندراوە.

ڕێنمایی، ئامار و مۆڵەتی کارکردن و پەخش:

- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ دەرکرد تایبەت بە کاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان بۆ ڕێکخستنی فریکیۆنستی رادیۆ و تەلەفزیۆن، میدیای ئەلیکترۆنی و ریکلامی بازرگانی.
- لە ئێستادا مۆڵەتی کارکردن و پەخش بە (١٤٤) کەناڵی تەلەفزیۆنی هەرێمی کوردستان دراوە کە (٣٦)یان کەناڵی ئاسمانین و (١٠٨) کەناڵی ناوخۆیین، مۆڵەتی کارکردن و پەخش بە (١٥٥) ڕادیۆ دراوە.

- به دەیان ڕۆژنامە، گۆڤار و ویبسایتی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان بە ئازادی کاری خۆیان ئەنجام دەدن.
- سەندیکای ڕۆژنامەنووسان نزیکەی (٧٠٠٠) ئەندامی هەیە.

<u>خولی ڕاهێنان و ڕۆشنبیری سەبارەت بە کاری ڕۆژنامەگەری و ئازادی رادەربڕین:</u>

- وەزارەتی ناوخۆ بە بەردەوامی ڕێنمایی و خولی ڕۆشنبیری بۆ ئەفسەرو کارمەندانی پۆلیس دەکاتەوە لەسەر جێبەجێکردنی یاسا، بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراتی و کۆمەڵگای مەدەنی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگا.
- نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عێراق (یونامی)، وۆرکشۆپێکی بۆ چالاکوانان و ڕۆژنامەنووسان و نوێنەرانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی تایبەت بە یاسای ڕۆژنامەگەری و ئازادی ڕادەربڕین ڕێکخست.
- سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان چەند وۆرکشۆپ و راهێنانی تایبەت بە ماف و ئەرکەکانی رۆژنامەنوسان لەکاتی ئەنجامدانی کاری رۆژنامەوانییان ئەنجامداوە. دابەشکردنی بروشور بۆ ڕۆژنامەنوسان و ڕێکخراوە میدیاییەکان بە بەردەوامی سەبارەت بە سەلامەتی پیشەیی.

<u>ڕێکخستنی دەست گەیشتن بە زانیاری و بەکارهێنانی سۆشیال میدیا:</u>


- رێوشوێنەکان ڕێکبخرێت لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکان  تایبەت بە ئازادی رادەربڕین، هەروەها هەوڵەکان خێرا بکرێن بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی یاسادانان بۆ رێکخستنی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا.
- ئەنجومەنی وەزیران پێویستە بە خێرایی پێداچوونەوە بە میکانیزمی دەستڕاگەیشتن بە زانیاری بکات.
- هەوڵ بدرێت بەشی پێدانی زانیاری هەبێت لە دام و دەزگاکانی هەرێم بە میکانیزمێکی هاوبەش لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و فەرمانگەی میدیا و زانیاری.

<u>لقی پێنجەم: مافی رەگەزنامە:</u>

وەزارەتی ناوخۆ بەرپرسیارە لەو رێوشوێنانەی کە پەیوەندیدارن بە جێبەجێکردنی یاسا و رێنماییەکانی پەیوەست بە رەگەزنامەوە. هەروەها ئاسانکاری بۆ هاوڵاتییان پێشکەش دەکات بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەنامەکانیان وەك کارتی نیشتیمانی و رەگەزنامە و سەرجەم بەڵگەنامە نیشتیمانییەکانیش بەردەوام ئەرشیف دەکرێن. وەزارەتی ناوخۆ بەردەوام بووە لە جێبەجێکردنی رێنماییەکان لەسەر دەرکردنی ناسانامە بۆ پێکهاتە ئیتنی و ئاینییەکان بەبێ جیاوازی، هەروەها گرنگی داوە بە تۆمارکردنی سەرجەم منداڵانی کەمئەندام و رێگری کردووە لەوەی دووچاری بێ رەگەزنامەیی بینەوە.


بەپێی ڕاسپاردەی تایبەت بۆ گەڕاندنەوەی ڕەگەزنامە بۆ کوردە فەیلییەکان و لابردنی سەرجەم ئاستەنگە کارگێڕییەکان لەسەر ئاستی هەرێم هەوڵەکان بەردەوام بوونە لە ڕێگای وەزارەتی ناوخۆوە و لە بەرنامەدا هەیە ئەندامانی کوتلە کوردستانییە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەماهەنگی زیاتر بکەن لەو ڕووەوە بۆ ئەوەی کێشەی پێدانی ڕەگەزنامەیان چارەسەر بکرێت.

لەلایەکی ترەوە دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم بەپێی یاسا بەرکارەکان و جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەستپێشخەرن بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن لە هەمان کاتیشدا لە چوارچێوەی پابەندبوونی کۆماری عێراق بە پلانی نیشتمانی هەماهەنگی بکرێت بۆ هێنانەدیی یەکسانی لە نێوان ئافرەتان و پیاواندا لە بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە لە پرۆسەی مامەڵەکردن.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 |
| جێبەجێنەکراو | 1 | 1 |
| جێبەجێکراو | 4 | 4 |
| | | |
| کۆی گشتی | 5 | |

Figure – 23 ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە ڕەگەزنامە





| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 4 | 4 | 4 | 4 | 4 | 4 | 4 |
| جێبەجێنەکراو | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |

Figure – 24 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە ڕەگەزنامە


<u>لقی شەشەم: بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن</u>

لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە ڕێکخستنی بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن و بەپێی یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨) خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن لە هەرێمی کوردستان گشت سەرپێچییەکان و سزاکان دیاریکراون.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 |
| جێبەجێنەکراو | 0 | 0 |
| جێبەجێکراو | 3 | 3 |
| | | |
| کۆی گشتی | 3 | |

Figure – 25 ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن





| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 3 | 3 | 3 | 3 | 3 | 3 | 3 |
| جێبەجێنەکراو | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |

Figure – 26 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن

- میکانیزمی کارکردن: وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن هاوکاری و هەماهەنگی دەکات لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بۆ پێدانی زانیاری تەواو لەسەر (IP) ی لایەنی گومانلێکراو، لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی گەیاندن لەکاتی بوونی هەر هەڕەشەیەکی ئەلیکترۆنی.
- نەهێشتنی دیاردەی فرۆشتنی سیمکارت: وەزارەتی ناوخۆ بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و نوێنەرایەتی ئاسایش و پۆلیس، ڕێنمایی ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٢١ دەرکردووە بە مەبەستی بەدواداچوونی بەردەوام بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە. لە سەرەتای ٢٠٢٣ توانراوە دەستبەسەر (٩٩٥) سیم کارت بگیرێت کە بەدەر لە ڕێنماییەکان دەفرۆشران.


بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە سەرجەم جۆرەکانی قۆستنەوەی جنسی دەگرێتەوە لەگەڵ بەشدارییپێکردن لە کاری لەشفرۆشی، بە کۆیلەکردن و کارپێکردنی بە زۆرەملێ، و بازرگانیکردن بە ئەندامانی لەشی مرۆڤ و ناچارکردن بە خزمەتپێکردن، وسواڵکردن و مومارەسەی هاوشێوەی بە کۆیلەکردن.

حکومەتی هەرێم بە بەردەوامی کار دەکات لەگەڵ لیژنەی ناوەندی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ کە لە لایەنی حکومەتی ئیتیحادی پێکهاتووە، سەرەڕای لێکۆڵینەوەی خێرا و بێلایەنانە ئەنجام دەدات لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئەم تاوانانەیان ئەنجام داوە. لەم دواییەدا هەوڵەکان چڕ کراونەتەوە بۆ ئەوەی ناوەندە تایبەتمەندەکانی داڵدەدان زیادبکرێت و قوربانییەکان ئامادەبکرێنەوە لە رووی دەروونی و جەستەیی.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 3 | 4 |
| جێبەجێنەکراو | 3 | 2 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 |
| | | |
| کۆی گشتی | 6 | |

Figure -27  ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 3 | 3 | 3 | 3 | 3 | 4 | 4 |
| جێبەجێنەکراو | 3 | 3 | 3 | 3 | 3 | 2 | 2 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |

Figure – 28 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ

ڕێوشوێن و میکانیزمی بەدواداچوون لە بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان:

- بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان ئەندامە لە لێژنەی ناوەندی حکومەتی ئیتیحادی، بەڕێوەبەرایەتییەکە (٢) بەش لەخۆ گرتووە ئەوانیش بەشی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و بەشی (لێکۆڵینەوە لە تاوانی سپیکردنەوە پارە و پارەدارکردنی تیرۆر). لە ئێستادا (٨) نووسینگەی هەیە لە پارێزگاکانی هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە، سلێمانی، گەرمیان، ڕاپەڕین، سۆران و زاخۆ.
- بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان ژمارەی تەلەفۆنی تایبەت بۆ نووسینگەکەیان تەرخان کردووە بۆ ئەم کارە، هەروەها ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییانەی کە هاوبەشن هێڵی پەیوەندی تایبەتیان هەیە.

حەواندنەوەی قوربانیانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ:

- وەزارەتی ناوخۆ یاداشتی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ ڕێکخراوی (سید فاوندەیشنی نێودەوڵەتی) واژوو کردووە لە ساڵانی ٢٠١٩ تا ٢٠٢١ بۆ مەبەستی حەواندنەوەی قوربانیان لە داڵدەی (ستێپس) کە سەر بە ڕێکخراوی ناوبراوە.
- بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان هەماهەنگی لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی ناحکوومی کردووە وەك ڕێکخراوی (المصیر) لە بەغدا بۆ مەبەستی پێشکەشکردنی ڕاوێژ وهاوکاری بۆ قوربانیانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ.

ژمارە و جۆری کەیسەکانی تاوانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ لە دادگاکان:

| ژمارەی کەیسی جۆرەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە دادگاکان | | |
|---|---|---|
| جۆر | 2021 | 2022 - 2023 |
| کاری زۆرەملێ | 17 | 23 |
| بازرگانیکردن بە سێکسەوە | 9 | 14 |
| بازرگانیکردن بە ئەندامەکانی جەستە | 33 | 54 |
| بازرگانیکردن بە منداڵان | 1 | 3 |
| بازرگانیکردن بە کەسانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵەوە | 11 | 15 |
| قاچاخچێتی | 7 | 20 |
| بەکارهێنانی کەسەکان وەک سواڵکەر | 10 | 9 |

Table – 1 ژمارەی کەیسی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان

کەیسی بازرگانی کردن بە مرۆڤ لە دادگاکان:

| کەیسی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە دادگاکان ٢٠٢٢ | |
|---|---|
| کۆی گشتی کەیسەکان | 483 |
| کەیسی یەکلاییکراو | 257 |
| کەیسی داخراو | 48 |
| پەراوی لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە | 178 |
| هاوڵاتی بیانی گەڕێندراونەتەوە | 28 |
| کۆبوونەوەکانی لیژنەی لاوەکی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە | 1 |

Table – 2 کۆی گشتی کەیسەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ بۆ ساڵی ٢٠٢٢

ئاماری بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان لە هەرێمدا:

- (١٧٢) کۆمپانیا خراونەتە لیستی ڕەشەوە.
- (٩٣) کۆمپانیا بەهۆی ناچالاکییەوە ڕاگیراون.
- (١٥٧) کۆمپانیا لەسەر بنەمای فەرمانی دادگا داخراون.
- (٩٩٨) کۆمپانیا لەژێر چاودێریدان.
- (٥٣٤) کۆمپانیا لەژێر لێکۆڵینەوەی دادوەریدان.


مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی ئەندامانی جەستە:

| مامەڵە کڕین و فرۆشتنی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی کەیسەکان | 2021 | 2022 |
| تۆمارکردنی پەراو | 192 | 211 |
| پەراوی داخراو | 17 | 15 |
| پەراوی ئیحالە کراو | 147 | 63 |
| پەراوی لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە | 28 | 73 |

Table – 3 کۆی گشتی کەیسەکانی مامەڵە کڕین و فرۆشتنی ئەندامانی جەستە لە نێوان ساڵی ٢٠٢١ و ٢٠٢٢


## بەشی هەشتەم: بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان

دیاردەی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان سنووردار نییە بە جۆرێکی دیاریکراو یان لە شوێنێکی دیاریکراودا، بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان زیانی گەورەی هەیە لەسەر لایەنە تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و لە هەمان کاتیشدا ئاسایشی هەرێم دەخاتە بەردەم تەحەدیات و ئاستەنگەوە. ئامارەکان ئەوە دەخەنە روو کە بەکارهێنان، بڵاوبوونەوە و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان روو لە هەڵکشانە لە تەواوی ناوچەکە بە هەرێمی کوردستانیشەوە بە جۆرێک لە نێوان ساڵانی (٢٠١٩-٢٠٢٣) رێژەی بەکارهێنانی سێ ئەوەندە زیادی کردووە.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 0 | 0 |
| جێبەجێنەکراو | 18 | 15 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 1 | 4 |
| | | |
| کۆی گشتی | 19 | |

Figure – 29 ژمارەی جێبەجێکردنی ساڵانەی ڕاسپاردەکان تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| جێبەجێنەکراو | 18 | 18 | 18 | 18 | 17 | 17 | 15 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 1 | 1 | 1 | 1 | 2 | 2 | 4 |

Figure – 30 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان

دوایین ئاماری سزادراوانی بەکارهێنەری مادده هۆشبەرەکان لە چاکسازییەکان تا مانگی نیسانی ٢٠٢٣

| بەڕێوەبەرایەتییەکان | سزادراو | سزادراو | راگیراو | راگیراو | کۆی گشتی سزادراو | کۆی گشتی راگیراو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | | |
| هەولێر | 96 | 1 | 4 | 10 | 97 | 14 |
| سلێمانی | 293 | 2 | 1 | 0 | 296 | 1 |
| دهۆک | 181 | 7 | 0 | 6 | 188 | 6 |
| کۆی گشتی | 570 | 11 | 5 | 16 | 581 | 21 |
| کۆی گشتی بەکارهێنەر | | | | | 602 | |

Table – 4 ژمارەی بەکارهێنەر لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان

دوایین ئاماری سزادراوانی بازرگانی کردن بە مادده هۆشبەرەکان لە چاکسازییەکان تا مانگی نیسانی ٢٠٢٣

| بەڕێوەبەرایەتییەکان | سزادراو | سزادراو | راگیراو | راگیراو | کۆی گشتی سزادراو | کۆی گشتی راگیراو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | | |
| هەولێر | 171 | 1 | 0 | 9 | 172 | 9 |
| سلێمانی | 148 | 3 | 0 | 0 | 151 | 0 |
| دهۆک | 84 | 0 | 0 | 2 | 84 | 2 |
| کۆی گشتی | 403 | 4 | 0 | 11 | 407 | 11 |
| کۆی گشتی بازرگانی | | | | | 418 | |

Table – 5 ژمارەی بازرگانەکان لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان

ئاماری سزادراوانی مادده هۆشبەرەکان لە چاکسازیەکانی هەرێمی کوردستان تا مانگی نیسانی ٢٠٢٣

| ژمارەی سزادراوانی مادده هۆشبەرەکان بەکارهێنەر و بازرگان لە چاکسازیەکان | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەڕێوەبەرایەتییەکان | سزادراو نێر | سزادراو مێ | ڕاگیراو نێر | ڕاگیراو مێ | کۆی گشتی سزادراو | کۆی گشتی ڕاگیراو |
| هەولێر | 267 | 2 | 19 | 4 | 269 | 23 |
| سلێمانی | 441 | 6 | 0 | 1 | 447 | 1 |
| دهۆک | 265 | 7 | 8 | 0 | 272 | 8 |
| کۆی گشتی | 973 | 15 | 27 | 5 | 988 | 32 |
| کۆی گشتی | | | | | 1020 | |

Table – 6 ژمارەی سزادراوانی مادده هۆشبەرەکان لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان

ئاماری سزادراوان و ڕاگیراوان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش و چاکسازییەکان تا مانگی نیسانی ٢٠٢٣

| | |
|---|---|
| ژمارەی سزادراوەکانی مادده هۆشبەرەکان لە چاکسازییەکان | 1020 |
| ژمارەی ڕاگیراوەکان لە ئاسایشی هەرێمی کوردستان | 1656 |
| کۆی گشتی | 2676 |

Table – 7 کۆی گشتی ژمارەی سزادراوان و ڕاگیراوانی مادده هۆشبەرەکان لە ئاسایش و چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان

ئەو ماددە هۆشبەرانەی کە لە هەرێم زیاتر بەکاردەهێنرێن:

- کریستال(شیشە)، تلیاک، حەشیش، هیرۆین ئەو جۆرانەن کە زیاتر بڵاوبوونەتەوە.
- کریستاڵ زۆرتر لە جۆرەکانی تر بەکاردەهینرێت لەبەر هەرزانی نرخەکەی و ئاسانی دروستکردن و دەستکەوتنی وەک کە لێرەدا هاتووە:

| جۆر/ کگم | 2020 | 2021 | 2022 |
|---|---|---|---|
| هیرۆیین | 405.123 | 172.778 | 19 |
| کریستال | 52.541 | 96.141 | 101 |
| تریاک | 86.532 | 73.786 | 89 |

Table – 8 جۆری دەستگیرکردنی ماددە هۆشبەرەکان

ساڵی ٢٠٢٠

بڕی ئەو ماددە هۆشبەرانەی دەستی بەسەرداگیراوە بڕی (٥٥٥) کیلوگرام و (٧٤٩) گرام بە شێوەیە:

- کریستاڵ (٥٢.٥٤١) کیلۆگرام.
- هیرۆیین (٤٥.١٢٣) کیلۆگرام.
- جامایکا (١.٧١٩) کیلۆگرام.
- حەشیش (٩.٨٣٤) کیلۆگرام.
- تریاک (٨٦.٥٣٢) کیلۆگرام.

ساڵی ٢٠٢١

بڕی ئەو ماددە هۆشبەرانەی دەستی بەسەرداگیراوە بڕی (٩٢٧) کیلوگرام و (٢٢٩) گرام بە شێوەیە:

- کریستاڵ (٩٦.١٤١) کیلۆگرام.
- هیرۆیین (١٧٢.٧٧٨) کیلۆگرام.
- جامایکا (٤.٤٣٨) کیلۆگرام.
- حەشیش (١٤.٥٦٢) کیلۆگرام.
- تریاک (٧٣.٧٨٦) کیلۆگرام.

- ماریجوانا (٣.٠٢٤) کیلۆگرام.
- توتنی هیندی تۆباکۆ تێکەڵ بە حەشیش (٥٦٢.٥) کیلۆگرام.

<u>ساڵی ٢٠٢٢</u>

بڕی (١٢٠٦)  کیلوگرام، (٨٧٠) گرام، (١٦٤٢) شیت، (٦٦) پاکێت بەم شێوەیە:

- کریستاڵ (١٠١) کیلۆگرام.
- هیرۆیین (١٩) کیلۆگرام.
- حەشیش (١١) کیلۆگرام.
- تریاک (٨٩) کیلۆگرام.
- تۆی شادان (٤٩) کیلۆگرام.
- حەبی کاپتاگۆن (٣٦٧) کیلۆگرام.
- حەبی مێتامێفتامین و ئەمێفتامین (٥٧٠) کیلۆگرام.
- جامایکا، (٧٩) گرام.
- ماریجوانا (٤٨٥) گرام.
- کیتامین (١٧) گرام.
- گراس (٢٢٥) گرام.
- شادانە (٦٤) گرام.
- حەبی ترامادۆڵ (٧٧٧) شیت.
- حەبی میتادۆن (١٦٣) شیت.
- حەبی B2 (٧١ شیت).
- حەبی ئەلپرازولام (٧) شیت.
- حەبی کلونازپام (٣١) شیت.
- حەبی دیازپام (٤) شیت.
- حەبی هۆشبەری جۆراوجۆر (٥٨٩) شیت.
- حەبی مۆبیک (١٦) پاکێت.
- دەرزی هۆشبەر (٥٠) پاکێت.

ڕێژەی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر بۆ ساڵی ٢٠٢٢، بەم شێوەیە:

- (٥٪) ئافرەتن.
- (١٥٪) خوار تەمەنی ٢٥ساڵ.
- (٨٠٪) سەرووی تەمەنی ٢٥ ساڵ.


تێچووی سزادراو و ڕاگیراوەکان لە چاکسازییەکان:

- لە چاکسازی گەوران شوێنی (١٠٠) کەس و لە چاکسازی نەوجەوانان شوێنی (٥٠) کەسی سزادراو بە ماددەی هۆشبەر ئامادەکراوە بە مەبەستی چارەسەرکردنیان.
- ڕۆژانەی تێچووی دەستگیرکردنی یەک کەس بە ماددەی هۆشبەر بریتییە لە (٢٥) دۆلار، تا ئێستا بڕی (١٩٨) ملیۆن دۆلار تێچووی دەستگیرکردنی بازرگانان و بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکانە.

لە بارەی هۆشیاری کردنەوە:


- ماوەی زیاتر لە مانگێک (٦٠٠) مزگەوت وتاری مامۆستایانی ئایینی تەرخان کرابوو بۆ باسکردنی مادده هۆشبەرەکان.
- وەزارەتی پەروەردە لە ساڵنامەی خوێندنی هەر وەرزێک، دوو ڕۆژ تەرخان کراوە لەلایەن کارگێڕی و ناوەندەکانی خوێندن بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی قوتابیان لە بابەتەکانی: کۆمەڵایەتی، پێکەوەژیان، مافەکانی مرۆڤ، تەکنۆلۆژیا و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان، هەروەها مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان.
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توژینەوەی زانستی زیانەکانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵ نمایش دەکات لەڕێگەی چالاکی و پێشبڕکێی هەڵواسینی پۆستەر جێگای بایەخ پێدانێکی زۆرە لەلایەنی زانکۆکانەوە.

لە ٢٠١١/٧/٧ عێراق بووە ئەندامی ڕێککەوتننامەی بەرەنگاربونەوەی ئەشکەنجەدان و شێوەکانی مامەڵە و سزای دڵڕەقانە یان نامرۆییانەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام نەچووە پاڵ پرۆتۆکۆڵی ئارەزومەندانەی پاشکۆی ئەم ڕێککەوتنە. داواکاری گشتی لێکۆڵینەوە لە شێوەکانی ئەشکەنجەدان دەکات و ئەندامانی داواکاری گشتی لە چاکسازییەکاندا بوونیان هەیە، بە مەبەستی ئەوەی سزادراوان ڕووبەڕووی مامەڵەی خراپ و ئەشکەنجەدان نەبنەوە.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 2 | 2 |
| جێبەجێنەکراو | 6 | 4 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 2 |
| | | |
| کۆی گشتی | 8 | |

Figure – 31 ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە ئەشکەنجەدان و شوێنبزرکردنی زۆرەملێ




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 2 | 2 | 2 | 2 | 2 | 2 | 2 |
| جێبەجێنەکراو | 6 | 6 | 6 | 6 | 5 | 5 | 4 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 1 | 2 |

Figure – 32 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە بەرهەڵستیکردنی ئەشکەنجەدان و شوێنبزرکردنی زۆرەملێ

ميكانيزمی بەدواداچوون بۆ کەیسی ئەشکەنجەدان:

- سکاڵاکانی ئەشکەنجەدان بە دوو قۆناغدا تێپەڕ دەبێت، یەکەمیان لێکۆڵەری دادی، دووەمیان دادوەری لێکۆڵینەوە لە هەردوو قۆناغەکە وتەکانی خاوەن سکاڵا وەردەگرن.
- زیاتر لە یەک کەس لێکۆڵینەوە لەگەڵ تاوانبار ئەنجام دەدات.
- ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە (مجلس تحقيق) پێکدەهێنرێت دوای ئەوەی دەسەلمێنرێت کە ئەو کەسە تووشی ئەشکەنجەدان بووتەوە

ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەر بە ئەنجامدەرەی ئەشکەنجەدان وەردەگیرێت:

- (١٠) کەیسی ئەشکەنجەدان جوڵێنراوە.
- بڕیاری قەرەبووکردنەوە بۆ (٤) کەس دەرچووە.
- (٤) کەسیش بە تۆمەتی بەکارهێنانی توندوتیژی سزادراون لە ساڵی ٢٠٢١.

ميكانيزمی ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی بۆ کەیسی ئەشکەنجەدان:

- هەر کەسێک ئیدیعا بکات کە تووشی ئەشکەنجەدان بووە یان سکاڵای تۆمار بکات، دەنێردرێت بۆ پزیشکی دادی.
- ئەنجامی پشکنینەکە لە هەمان ڕۆژدا دەدرێتەوە، لە حاڵەتی هۆکاری ئەمنی یان کەیسەکە هەستیار بێت لە هەمان ڕۆژدا ئەنجامەکە نادرێتەوە.
- هەندێک کەیس زیاتر لە جارێک توێکاریان بۆ دەکرێت ئەمەش کارێکی باشە بۆ دڵنیابوون لە دەرەنجامەکەی.
- هەر ڕاپۆرتێکی پزیشکی دادوەری پێنج وێنەی دەنێردرێت بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان.
- زۆر لە گیراوان سکاڵا پێشکەش ناکەن دواتر ئیدیعا ئەشکەنجەدان دەکەن، هەندێکی تریشیان بۆ ئەوەی واز لە کەیسە سەرەکییەکەی بهێنرێت و ئابڕووی نەچێت ئیدیعای ئەشکەنجەدان دەکات بۆ نموونە لە کەیسەکانی دزی کردن.
- ساڵانە زیاتر لە (١٥٠٠) فایل تۆمار دەکرێت، فایلەکان بەردەستە بۆ هەر فەرمانگەیەکی حکومەت و ڕێکخراوێک کە بیەوێ سەیریان بکات، فایلەکان بۆ ماوەی (١٥) ساڵ هەڵدەگیرێن.

## ڕاهێنان و هۆشیاری:

- حکومەتی هەرێمی کوردستان پۆلیسی کۆمەڵگەیی (الشرطة المجتمعية)ی دامەزراندووە کە پردێکە لە نێوان هاووڵاتیان و هێزەکانی پۆلیس، سەردانی قوتابخانە و کۆلێژەکان دەکات بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی وشیاری.
- خولی مەشقی تایبەت بە وشیار کردنەوەی پۆلیس و ئەفسەرانی لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوە سەبارەت بە چۆنیەتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و ئاشنا بوونیان بە مافەکانی تاوانباران.
- وەزارەتی ناوخۆ لە پلانی ستراتیژیی ساڵانەی خۆیدا بودجە بۆ ئەو سیمینار و خولانە تەرخان دەکات، هەروەها لە ڕێگای ڕێکخراوەکانیشەوە هەوڵ دەدەرێت ئەم جۆرە خولانە ڕێک بخرێت.

## شوێنبزرکردنی زۆرەملێ:

- حکومەتی هەرێم بەردەوامە لە هەوڵەکانی بۆ ڕزگارکردنی کوردانی ئێزیدی ڕفێندراو و پێکهاتەکانی تر ، تا ١٥ی ئایاری ٢٠٢٣ رزگاربووان بەم شێوەیە بوو (٣٥٦٢) ڕفێنراوان ئازاد کران، کە (١٢١٥) ژن و (٣٣٩) پیاو، (١٠٥١) منداڵی کچ، (٩٥٧) منداڵی کوڕ.

## ژمارەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان:

ژمارەی گۆڕی بەکۆمەڵ و ژمارەی ڕوفاتەکان و گۆرستانەکان لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان (٦) گۆڕستانە:

- تاوەکو ئێستا (٦٢) گۆڕی بەکۆمەڵ هەڵدراونەتەوە جگە لە گۆڕی بە کۆمەڵی ئێزیدیەکان، کە (٣٥٦٥) رووفاتی تێدا بووەو بە مەراسیم هێنراونەتەوە و لە کوردستان بە خاک سپێردراون.
- لە ڕێککەوتی ٢٠١٩/٣/١٤ تاوەکو ئێستا لە (٢١) گۆڕی بە کۆمەڵ (٣٤٨) روفات دۆزراونەتەوە و لە گۆڕستانی (کۆجۆ) لە قەزای شەنگال بەخاک سپێردراون .
- لە ئێستادا (٤) گۆڕی بە کۆمەڵ لە پارێزگای سەماوە دەست نیشانکراوە تەنها یەك گۆڕ هەڵدراوەتەوە لەم گۆڕەدا (١٧١) رووفات دەرهێنراون.

## هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان:

- لەلایەن تیمی نیشتیمانی بەڕێوەدەچێت کە ئەم تیمە پێکدێت بە سەرۆکایەتی (دادوەرێک) و ئەندامیەتی ئەندامێکی (وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق و داواکاری گشتی و وەزارەتی ناوخۆی عێراق و دەزگای شەهیدانی

عێراق و پەیمانگەی پزیشکی دادوەری سەر بە وەزارەتی تەندورستی عێراق و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و چەند لایەنێکی پەیوەندیداری تر بە هاوکاری و هەماهەنگی رێکخراوی (ICMP).

- هەندێک لە کەلوپەل و بەڵگەنامەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان (مقتنیات) لەلایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە بەغدا هاتۆتەوە کوردستان لە مۆنۆمێنتی ئەنفال لە قەزای چەمچەماڵ و مۆنۆمێنتی بارزان و مۆنۆمێنتی ئەمنە سوورەکە لە پارێزگای سلێمانی داندراون بەشێکی کەلوپەل و بەڵگەنامەکان لە بەغدان لە سەنتەری لێکۆڵینەوە و بە بەڵگەکردنی سەر بە دەزگای شەهیدی عێراقن.

دەرئەنجامی هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی کوردانی ئێزیدی:

- کۆی روفاتی ئەو ئێزیدیانەی کە گەڕێندرانەوە بۆ کۆجۆ و حەردان (١٨٦).
- کۆی ئەو گۆڕانەی کە لە ماوەی ٢٠١٩-٢٠٢٣ هەڵکەندراون تا ئێستا: (٥٠).
- کۆی گشتی ئەو گۆڕانەی کە لە ماوەی ٢٠٢٢-٢٠٢٣ هەڵکەندراون: (٣٠).
- کەمترین ژمارەی قوربانییە چاکبووەکان: ٧٢٦ کەس.

زانیاری لەسەر سامپڵی ئێسکی رووفاتەکان و خوێنی کەس و کاریان:

- سامپڵی ئێسك لە (٢,٩١٥) رووفات وەرگیراوە و سەرجەمیان لە پەیمانگەی پزیشکی دادوەری بەغدا پارێزراون.
- سامپڵی ئێسك لە (٦٥٠) رووفات وەرنەگیراوە کە (١٨٧) رووفات لە گۆڕستانی مۆنۆمێنتی ئەنفال لەقەزای دوکان نێژراون هەروەها (٥٠٣) ڕووفات لە گۆڕستانی بارزان نێژراون.

بەشی دەیەم: بەڕێوەبردنی چاکسازییەکان و سەنتەرەکانی ڕاگرتن

سەنتەرەکانی ڕاگیرکردن لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە بەڕێوەدەبردرێن، سەنتەرەکانی دەستبەسەرکردن لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و ئاسایشی گشتییەوە بەڕێوەدەبردرێن، هەروەها چاکسازییەکان لەلایەن وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتییەوە بەڕێوەدەبردرێن.




Figure – 33 ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە بەڕێوەبردنی چاکسازییەکان و سەنتەرەکانی ڕاگیرکردن




Figure – 34 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە بەڕێوەبردنی چاکسازییەکان و سەنتەرەکانی ڕاگیرکردن

مافەکانی ڕاگیراو و دەستگیرکراوان:

- هەر کەسێك دەستگیر دەکرێت بەپێی بڕیاری دادوەر پاڵپشت بە یاسا ڕەوانەی گرتن و گواستنەوە دەکرێت و ڕادەگیرێت و گشت مافەکانی پێویستی بۆ دابینکراوە وەک بوونی پارێزەر، پەیوەندی کردن و ئاگادار کردنەوەی کەسوکاری لە هۆکارەکانی دەستگیرکردنی، هەروەها ڕێنمایی پێدەدرێت بۆ زانینی ئەرك و مافەکانی و شوێنی نووستن و خۆشووشتن و گەرمی و ساردی و خواردن و خواردنەوەی تەندروستی بۆ دابینکراوە ولە بەشەکانی گرتن و گواستنەوە تیمی پزیشکی تایبەت کەوا شارەزایی تەواویان هەیە، پسپۆرانی پزیشکی هەڵدەستن بەپشکنینی ڕاگیراوان و چارەسەرکردنیان، و گرنگی زیاتر بە کەمئەندامان دەدرێت.
- لە چاکسازییەکان کار بۆ سزادراوان فەراهەم کراوە وەکو سەرچاوەیەکی داهات بۆ نموونە وەرشەی چاککردنەوە، نانەواخانە، شووشتنگە، کاری دەستی، هەویرکاری، جل دوورین، هەتا کار بۆ فەرمانگەکانی میریش ... هتد.

تۆمارکردنی زانیاری ڕاگیراوەکان:

- سەرجەم چاکسازییەکان تۆمارێکی تەواو رێکخراویان هەیە و تێکڕای زانیارییەکان لەبارەی ئەو کەسەوە لەخۆدەگرێت، هەر لە زانیاری کەسییەوە بۆ زانیاری یاسایی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ناونیشان و سەرجەم زانیارییەکان کە پێویستە لە تۆمارەکانی دامەزراوەکەدا هەبن.

ژمارەی سزادراوانی هاتوو – ئازادکراو لە هەرێمی کوردستان ٢٠٢٢

| کۆی سزادراوانی هاتوو – ئازادکراو لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٢ | |
|---|---|
| کۆی سزادراوانی هاتوو | 7821 |
| کۆی سزادراوانی ئازادکراو | 7571 |

Table – 9 کۆی سزادراوانی هاتوو و ئازادکراو

ژمارەی بەندکراوەکان لە چاکسازیەکانی هەرێمی کوردستان تا حوزەیرانی ٢٠٢٣:

| بەندکراوان لە چاکسازیەکانی هەرێمی کوردستان | |
|---|---|
| کۆی گشتی بەندکراوان | 4954 |
| ئاماری لەسێدارەدان | 444 |
| ژمارەی ئەم منداڵانەی لەگەڵ دایکیانن | 66 |

Table – 10 ژمارەی بەندکراوان، سزای لە سێدارەدان، منداڵەکان لەگەڵ دایکیان لە چاکسازیەکان

چاودێری کۆمەڵایەتی لە خانەکانی هەرێمی کوردستان تا حوزایرانی ٢٠٢٣:

| چاودێری کۆمەڵایەتی لە خانەکان | |
|---|---|
| ژمارەی سودمەندان لە خانەکانی هەولێر | 113 |
| ژمارەی سودمەندان لە خانەکانی سلێمانی | 115 |
| ژمارەی سودمەندان لە خانەکانی دهۆک | 204 |
| ژمارەی سودمەندان لە خانەکانی هەڵەبجە | 0 |
| ژمارەی سودمەندان لە خانەکانی گەرمیان | 21 |
| کۆی گشتی | 453 |

Table – 11 ژمارەی سودمەندان لە خانەکان

برەودان بە رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لە چاکسازییەکان:

| مافی سزادراوان لە چاکسازییەکان ساڵی ٢٠٢٢ | |
|---|---|
| ئازادکردنی بێ مەرج | 1192 |
| لێبووردنی تایبەت | 14 |
| خول و ڕاهێنانی سزادراوان | 44 |
| ژمارەی سوودمەندانی سزادراوەکان لە خول و ڕاهێنانان | 1651 |
| سیمینار و ووٚرک شۆپ بۆ سزادراوان | 139 |
| سوودمەندانی سزادراوەکان لە سیمینار و ووٚرک شۆپەکان | 2885 |

| | |
|---|---|
| خزمەتگوزاری تەندروستی | 26199 |
| خوێندنەوەی کتێب | 48751 |
| کارکردنی سزادراوان لە وەرشەکانی ناو چاکسازیەکان | 344 |
| مۆڵەتیماڵەوەی سزادراوان | 244 |

Table – 12 چۆنیەتی ڕێزگرتن لە سزادراوان لە چاکسازیەکان

مەشق و ڕاهێنان بۆ کارمەندانی چاکسازیەکان ٢٠٢٣

| ڕاهێنان لە چەکسازیەکان ٢٠٢٣ | |
|---|---|
| ژمارەی سوودمەندی کارمەندان لە خول و ڕاهێنانەکان | 1651 |
| سیمینار و وۆرک شۆپ بۆ کارمەندان | 139 |
| ژمارەی سوودمەندی کارمەندان | 283 |
| خول و ڕاهێنانی کارمەندان | 36 |

Table – 13 ڕاهێنانی کارمەندانی چاکسازیەکان

پرۆسەی خوێندن لە چاکسازیەکان ٢٠٢١ – ٢٠٢٣:

بە خۆڕایی کردنی خوێندنی سزادراوان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان، یەکێکی دیکەیە لەو خزمەتانەی کە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی توانی بە هاوکاری وەزارەتی خوێندنی باڵا دەستەبەری بکات ، ژمارەی سوودمەندان لەم پرۆسەیە بەم شێوەیە بوو:

| ژمارەی قوتابیان لە هەر شەش چاکسازیەکانی هەرێمی کوردستان | |
|---|---|
| ژمارەی قوتابیان سالّی 2021 | 135 |
| ژمارەی قوتابیان سالّی 2022 | 412 |
| ژمارەی قوتابیان سالّی 2023 | 338 |
| ژمارەی قوتابیان کە خوێندنیان تەواو کردووە | 90 |

Table – 14 ژمارەی قوتابیان کە چاکسازیەکان

دروستکردنی باڵەخانەی چاکسازی بۆ ئافرەتان و منداڵان:

هەوڵەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی بەردەوامە لە پێناو کەمکردنەوەی قەرەباڵغی ناو چاکسازییەکان، لەوانە دروست کردنی بینا و باڵەخانەی نوێ بەم شێوەی خوارەوە :

- پڕۆژەی بینایەی نوێی چاکسازی ژنان و منداڵان هەولێری لەبواری جێبەجیکردندایە، پڕۆژەکە بە گوژمەی (١,٤٨٠,٧٠١,٠٠٠ ) دینار لەلایەن کۆمپانیایەک جێبەجێ دەکرێت، تەواو کردنی پڕۆژەکە (٣٦٥) رۆژ دەخایەنێت، بە تەواو بوونی کارەکانی تا راددەیەک زۆر کێشەی جەنجاڵی چاکسازییەکان چارەسەر دەکرێت.
- درووستکردنی بینای چاکسازی گەوران لە شاری هەولێر بۆ (٥٠٠٠) تیرۆر و سێدارە کە لە ئێستادا زیاتر لە (٢٠٠٠)ی تیایە ، ڕەزامەندی لەسەری وەرگیراوە .
- لە رێکەوتی ١١ی حوزەیرانی ٢٠٢٣ بڕیاردرا لە ئەنجومەنی وەزیران بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە سنووری ئیدارەی گەرمیان.
- ڕەزامەندی وەرگیراوە بۆ درووستکردنی چاکسازی ژنانی (دهۆك ، سلێمانی) هەروەها نەوجەوانانی (هەولێر ، دهۆك ، سلێمانی).

| دروستکردنی باڵەخانەی چاکسازی ئافرەتان و منداڵان | |
|---|---|
| ساڵی ٢٠٢١ - ٢٠٢٢ | جێبەجێکراوە بە ڕێژەی %٢٦ |
| ساڵی ٢٠٢٣ | جێبەجێکراوە بە ڕێژەی %٦٠ |

Table – 15 دروستکردنی باڵەخانەی چاکسازیەکان

<u>سەردانیکردنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بۆ چاکسازییەکان:</u>

- نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عێراق (یونامی) سەردانی مەیدانی بۆ چاکسازییەکان بە بەردەوامی ئەنجام دەدات.
- تا مانگی ئایاری ٢٠٢٣ زیاتر لە (١٠٠) سەردان ئەنجامدراوە لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان وەک خاچی سووری نێودەوڵەتی.

<u>سەردانیکردنی لایەنە ناوخۆییەکان بۆ چاکسازییەکان:</u>

- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ و لیژنەکانی پەرلەمان بە شێوەیەکی بەردەوام سەردانی مەیدانی ئەنجام دەدەن.


- لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ تا حوزەیرانی ٢٠٢٣ داواکاری گشتی ڕۆژانە سەردانی بەشی ڕاگیراوان دەکات، (٨٧) جار سەردانی هۆڵەکانی چاکسازی گەورانی هەولێری کردووە، هەروەها (٦٠) جار سەردانی چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانانی هەولێری کردووە، سەبارەت بە چاکسازییەکانی سلێمانی و دهۆک رۆژانە سەردانیان دەکرێت.

## بەشی پانزەیەم: ئاشتەوایی نیشتیمانی

لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتحادی بەسەرپەرشتی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق (یۆنامی) ڕێککەوتننامەیەکیان واژوو کرد بۆ گێڕانەوەی ئاسایش و سەقامگیری بۆ شنگال، بەڵام تا ئیستا جێبەجێنەکراوە.


پرسی ناوچە جێناکۆکەکان پرسێکی هەڵپەسێردراوە و چەند هێزی جۆراوجۆری چەکدار و گروپە توندرەوەکان لەم ناوچانەدا بوونیان هەیە ئەمەش وایکردووە بۆشاییە ئەمنییەکان فراوانتر ببن و تیرۆریستانی داعش جموجوڵەکانیان دەست پێبکەنەوە جگە لە پێکدادان و بۆردومانی بەردەوام لەم ناوچانە.

لەلایەکی ترەوە یۆنامی وەک چاودێری جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە ڕۆڵی کاریگەری نەبینیوە لەگەڵ دەسەڵاتە ئیتحادییەکان بەتایبەتی لەرووی دەستبەکاربوونی بەڕێوەبەرە ئیداریيەکان و هەروەها ئەنجومەنەکان لە سنووری ئەم ناوچانە کە هەڵبژێردراو بوون ئەمە جگە لە فەراهەم کردنی کەشوهەوایەکی ئارام و هەبوونی خزمەتگوزاریی سەرەکی لەم ناوچانە و دەستپێنەکردنی پرۆسەی دادپەروەری ڕاگوزەر بۆ قوربانیانی جینۆساید لەم ناوچانە.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 0 | 0 |
| جێبەجێنەکراو | 5 | 5 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 |
| | | |
| کۆی گشتی | 5 | |

Figure – 35 ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە ئاشتەوایی نیشتیمانی




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| جێبەجێنەکراو | 5 | 5 | 5 | 5 | 5 | 5 | 5 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |

Figure – 36 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە ئاشتەوایی نیشتیمانی

<u>دادپەروەری راگوزەری:</u>

میکانیزمەکانی ئاشتەوایی نیشتیمانی وەك دادپەروەری راگوزەری راددەی سەرکەوتن و شکستهێنانی پرۆژەی ئاشتەوایی نیشتیمانی دیاری دەکا، بۆیە پێدانی ئەولەویەت بە پرۆسەکانی زامنکردنی بەدیهێنانی ئاشتەوایی نیشتیمانی و دادپەروەری راگوزەری، لە رێی دارشتنی ستراتیژییەتێکەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پێشێلکارییانەی مافەکانی مرۆڤ کە سەرجەم لایەنەکانی ناکۆکییە چەکدارییەکان ئەنجامیان دەدەن.


<u>جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ لە دەستوری ئیتیحادی:</u>

بەپێی ئەو راسپاردانەی کە هاتوون لە پرسی ئاشتەوایی نیشتمانیدا لایەنی پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی هەرێم هەماهەنگییان هەبووە لەگەڵ حکومەتی ئیتحادی لە کردنەوەی (٦) سەنتەری هەماهەنگی کە (٢)ی سەرەکی لە هەولێر و بەغدان و (٤) سەنتەری لاوەکی لە دیالا، کەرکوک، مەخمور و کەسکن. سەبارەت بە لیوا هاوبەشەکانیش مەشق و راهێنانیان کۆتایی پێهاتووە و لە ئێستادا چاوەڕێی ئەوەن کە بودجە بکەوێتە بواری جێبەجێکردن. لە ساڵی ٢٠٢٣ دا (٨) ئۆپەراسیۆنی هاوبەش ئەنجام دراوە لە ناوچە جێناکۆکەکان. هەروەها پرۆسەی دروستکردنی (٢) لیوای هاوبەش لەگەڵ وەزارەتی بەرگری عیراق ئەنجامدراوە.

لەلایەکی ترەوە لە هەنگاونان بۆ جێبەجێکردنی سێ قۆناغی ماددەی (١٤٠) لەپاش ئەوەی کە بە نێوەندگیری نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق (یۆنامی) ئەو ماددەیە لە ٢٠٠٧/١٢/٣٠ درێژکراوەتەوە بۆ جێبەجێکردنی، بەڵام تا ئێستا هەوڵەکان بێ ئەنجام بوون بەتایبەتی لە گەڕانەوەی یەکە ئیدارییەکان، ئەنجامدانی سەرژمێری و راپرسی.


## بەشی دوانزەیەم: بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر

لە پێناو بەدیهێنانی دادپەروەریدا، دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێم چەند زەمانەتێکی دەستەبەرکردوە بۆ تۆمەتباران لە پرسەکانی تیرۆر لە رێی دادگاییکردنیان بە شێوەیەکی ئاشکرا و دانانی پارێزەر بۆیان، بە گوێرەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ئەو حوکمانەی دەردەچن راستەوخۆ تەمییز دەکرێنەوە وەك زەمانەتێك بۆ مافی تۆمەتباران و هێنانەدیی دادپەروەری.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 3 | 3 |
| جێبەجێنەکراو | 0 | 0 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 |
| | | |
| کۆی گشتی | 3 | |

Figure – 37 ژمارەی جێبەجێکردنی راسپاردەکان تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 3 | 3 | 3 | 3 | 3 | 3 | 3 |
| جێبەجێنەکراو | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |

Figure – 38 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی راسپاردەکان تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر

ھەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پاراستنی دانیشتوان لە تیرۆر:

| زیانەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە ڕێی بۆردومانە ئاسمانیەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و فرۆکەکانی عێراقی | | |
|---|---|---|
| ژمارە | 2022 | 2023 |
| ژمارەی لێدانەکان | 26 | 8 |
| ژمارەی کوژراو | 22 | 11 |
| ژمارەی بریندارببووان | 0 | 0 |
| ژمارەی شوێنەکان | 25 | 9 |

Table – 16 زیانەکانی داعش لە ڕووی لێدانەکان، کوژراو، بریندارببووان، شوێنەکان

ئاماری سزادراوان بە تیرۆر لە چاکسازیەکانی هەرێمی کوردستان:

| ئاماری سزادراوان بە تیرۆر لە چاکسازیەکان | |
|---|---|
| چاکسازی گەورانی هەولێر | 880 |
| چاکسازی گەورانی سلێمانی | 225 |
| چاکسازی گەورانی دهۆک | 368 |
| چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر | 16 |
| چاکسازی ژنان و منداڵانی سلێمانی | 6 |
| چاکسازی ژنان و منداڵانی دهۆک | 1 |
| کۆی گشتی لە چاکسازیەکان | 1496 |

Table – 17 ژمارەی تیرۆر لە چاکسازیەکان

ژمارەی ڕاگیراوان و سزادراوان بە تیرۆر:

لە ماوەی یەک ساڵدا بەڕێوەبەرایەتی دژە تیرۆر لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٩-٢٠٢٢/٨)، (٣٩٣) بەندکراو ڕەوانەی چاکسازیەکان کراوە کە لەلایەن دادگاوە چارەنوسیان دیاری کراوە.


- (١٩٩) ئازادکراون یاخود ڕەوانە کراون.
- لە کۆی (١٩٤) بەندکراو کە ماون پەڕاوی (١٤٢) بەندکراو لەژێر لێکۆڵینەوەدایە و پەڕاوی (٣٨) بەندکراو لە (دادگای تاوانی دووی هەولێر) هەروەها (١٤) بەندکراو سزادروان.

<u>تیرۆری ئەلیکترۆنی:</u>

سەرەڕای بوونی ئاستەنگ لە ڕووی یاساییەوە کە تاکو ئێستا یاسای تیرۆری ئەلیکترۆنی نییە بەڵام بەرێوەبەرایەتی دژە تیرۆر بە بەردەوامی هەوڵی داوە کە تاوانبارانی تیرۆری ئەلیکترۆنی بدرێنە دادگا.


## بەشی سیانزەیەم: مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان

مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان کۆمەڵێك ماف لە خۆدەگرێت کە بەرجەستە دەبن لە مافی تەندروستی، خوێندن، خۆراك، موڵکدارێتی، و پاراستنی کەلتوری، مافی کارکردن و بیمەی کۆمەڵایەتی. نەتەوە یەکگرتووەکان لە رێگەی لیژنەی تایبەت بە رێککەوتننامەی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان چاودێری ئەم مافانە دەکات. لەم رووەوە حکومەتی هەرێم لە چوارچێوەی کۆماری عێراق راپۆرتی خۆی پێشکەش دەکات و هەروەها بەدواداچوون دەکات لەبارەی راسپاردەکان، دەستوری عێراقیش لە ماددەکانی ( ٢٢-٣٦) ئاماژە بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان دەکات.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 18 | 20 |
| جێبەجێنەکراو | 18 | 8 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 8 |
| | | |
| کۆی گشتی | 36 | |

ژمارەی جێبەجێکردنی راسپاردەکان تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان Figure - 39





| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 18 | 18 | 18 | 18 | 19 | 19 | 20 |
| جێبەجێنەکراو | 18 | 18 | 18 | 17 | 14 | 11 | 8 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 1 | 4 | 6 | 8 |

بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی راسپاردەکان تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان Figure – 40


## لقی یەکەم: مافی تەندروستی

- چاودێری تەندروستی: وەزارەتی تەندروستی خزمەتگوزاری تەندروستی بە خۆرایی یان بە نرخەکی ڕەمزی بۆ کەسانی کەمدەرامەت دابین دەکات، بە بەردەوامی هەوڵ دەدات بۆ  برەودان بە چاودێری تەندروستی بۆ دایکان و تازە لەدایکبووان و منداڵان و هەرزەکاران.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 |
| جێبەجێنەکراو | 4 | 3 |
| جێبەجێکراو | 7 | 8 |
| | | |
| کۆی گشتی | 11 | |

Figure – 41 ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافی تەندروستی




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 7 | 7 | 7 | 7 | 7 | 8 | 8 |
| جێبەجێنەکراو | 4 | 4 | 4 | 4 | 4 | 3 | 3 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |

Figure – 42  بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافی تەندروستی

| ژمارەی نەخۆشخانەکان لە هەرێمی کوردستان | |
|---|---|
| نەخۆشخانەی حکوومی | 83 |
| نەخۆشخانەی ئەهلی | 68 |
| کۆی گشتی | 151 |
| بنکەی تەندروستی | 1047 |

Table – 18 ژمارەی نەخۆشخانەکان لە هەرێمی کوردستان

| ژمارەی سەردان بۆ دام و دەزگا تەندروستیەکان | |
|---|---|
| ساڵی ٢٠٢٠ | 10.899.608 |
| ساڵی ٢٠٢١ | 12.950.051 |
| ساڵی ٢٠٢٢ | 14.299.152 |

Table – 19 ژمارەی سەردانکردنی نەخۆش بۆ نەخۆشخانە و دەزگا تەندروستیەکان

| ئاماری خزمەتگوزاری تەندروستی لە نەخۆشخانە حکومیەکان | |
|---|---|
| ژمارەی نەخۆشی نوستوو لە نەخۆشخانی حکومی | 514.789 |
| نەشتەرگەری قەیسەری لە نەخۆشخانەکانی حکومی | 4502 |
| منداڵ بە شێوەی سروشتی لە نەخۆشخانەی حکومی لە دایک بووە | 7802 |

Table – 20 ژمارەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی

| کۆی گشتی پشکنینی تاقیگە | |
|---|---|
| ساڵی ٢٠٢٠ | 4.217.353 |
| ساڵی ٢٠٢١ | 1.353.348 |
| ساڵی ٢٠٢٢ | 1.836.200 |

Table – 21 ژمارەی پشکنینی تاقیگە بۆ نەخۆش لە نەخۆشخانە حکومیەکان

| کۆی گشتی پشکنینی وێنە | |
|---|---|
| ساڵی ٢٠٢٠ | 909.343 |
| ساڵی ٢٠٢١ | 12.876.006 |
| ساڵی ٢٠٢٢ | 15.367.427 |

Table – 22 ژمارەی پشکنینی وێنە بۆ نەخۆش لە نەخۆشخانە حکومیەکان

| پشکنینی تەندروستی لە ساڵی ٢٠٢٢ | |
|---|---|
| ژمارەی پشکنین لە قوتابخانەکان | 477073 |
| پشکنینی ئاو لە قوتابخانەکان | 15290 |
| پشکنینی پێشوەختەی دەستنیشانکردنی شێرپەنجەی مەمک | 21951 |
| پشکنینە پێشوەختەی نەخۆشی شەکرە و پاڵە پەستۆی خوێن | 49812 |

Table – 23 ژمارەی پشکنینی تەندروستی

پشکنینی نەخۆشی تەلاسیما:

بە هۆی پشکنینی پێش هاوسەرگیری و پشکنینی پێش لەدایکبوون ڕێژەی نەخۆشی تەلاسیما بەشێوەیەکی گەورە کەمبووتەوە و بەردەوامە لە کەمبوونەوە لە ساڵی ٢٠١٨ تا ٢٠٢٢.

- ژمارەی نەخۆشانی تەلاسیما لە ساڵانی ٢٠١٨ تا ٢٠٢١ (٣١٦٥) حاڵەت.
- ژمارەی حاڵەتی نوێ لە ساڵی ٢٠٢٢ (٦٩) حاڵەت.
- ژمارەی مردووان لە ساڵی ٢٠٢٢ (١٤) حاڵەت.

| پشکنینی پێشوەختەی هاوسەرگیری | |
|---|---|
| ساڵی ٢٠٢١ | 98660 |
| ساڵی ٢٠٢٢ | 110.383 |

Table – 24 ژمارەی پشکنینی پێشوەختەی هاوسەرگیری

| چالاکی جۆراوجۆر بۆ هۆشیاری تەندروستی | |
|---|---|
| 4427 | ساڵی ٢٠٢١ |
| 4690 | ساڵی ٢٠٢٢ |

Table – 25 پێشکەشکردنی هۆشیاری تەندروستی بۆ هاوڵاتیان

<u>خزمەتگوزاری بۆ کچان و ئافرەتانی خاوەن پێداویستی تایبەت:</u>

ئەم خزمەتگوزاریانەی خوارەوە پێشکەش بە کچان و ئافرەتانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکرێت بەبێ بەرامبەر و بەخۆرایی و لەژێر چاودێری پزیشکی تایبەت و کەسانی مەعنی و شارەزا لەم بوارەدا:

- چاودێری کردن و رێنایی کردنی تەندروستی بۆ کچان و ئافرەتانی دووگیان لە سەنتەرو بنکە تەندروستیەکانی چاودێری خێزانی لە هەر چوار پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەژێر چاودێری پزیشکی پسپۆر.
- خزمەتگوزاری شیاندنەوەی پزیشکی و رێنمایی کردنیان لە سەنتەرەکانی تایبەت بە شیاندنەوەی پزیشکی و چارەسەری سروشتی .
- دابینکردن و دروستکردنی کەل و پەلی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت وەك (Prothosis & Orthosis) لە سەنتەرەکانی(کە ژمارەیان ٤ سەنتەرە) سەر بە وەزارەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها لە رێکخراوی خاچی سوری عێراقی.
- دابینکردنی کورسی کارەبایی بۆ گەوران لەگشت پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

<u>ئاماری خزمەتگوزاری پێشکەشکراو لە سەنتەرەکانی ئامادەکردنەوەی کەم ئەندامان لە ٢٠٢٢:</u>

| پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ کەمئەندامان | |
|---|---|
| 18983 | ژمارەی سەردانیکردنی کەمئەندامان بۆ نەخۆشخانەکان |
| 9248 | پەلی دروسەکراو و چاککاری پێداویستی پەلی دەست کرد |
| 15147 | چارەسەری سروشتی |

Table – 26 پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ کەمئەندامان

پەیڕەوی ڕێکخستنەوەی کەرتی گشتی و تایبەتی تەندروستی:

سەبارەت بە ڕاسپاردەی کەمکردنەوەی تێچووی نرخی نەخۆشخانە تایبەتەکان هەنگاوی پراکتیکی نراوە بۆ مەبەستی ڕێکخستنەوەی کەرتی گشتی و تایبەت لە سێکتەری تەندروستی لەم ڕووەوە. لە ماوەی ٢٠٢٢-٢٠٢٣ لەلایەن لێژنەی تایبەتمەند، هەنگاوەکانیش بریتین لە:

- دانانی نرخ و ئەستێرە و پلەبەندی نەخۆشخانە تایبەتەکان.
- ڕێکخستنەوەی شایستەی دارایی پزیشک و کارمەند ونەخۆشخانە.
- چەسپاندنی میلاک و هەیکەلیەی نەخۆشخانە تایبەتیەکان.


ئاماری کۆنترۆڵی جۆریی دەرمان:

| کۆنترۆلی جۆری دەرمان | |
|---|---|
| پەسەندکرندی سەرەتایی بۆ بەرهەمی دەرمانسازی | 29447 |
| دەرمان | 5676 |
| پێداویستی پزیشکی | 19103 |
| تەواوکەری خۆراکی | 1867 |
| پێداویستی پزیشکی مەترسیدار | 586 |
| دەرمانی گیایی | 313 |
| پرۆتین | 1902 |

Table – 27 ژمارەی کۆنترۆلی جۆری دەرمان

لقی دووەم: مافی خوێندن

لەم دواییەدا لە پەرلەمان یاسای پەروەردە و فێرکردن ژمارە (١٣) ساڵی ٢٠٢٢ دەرچوو، وەزارەتی پەروەردە یاساکە وەک خۆی جێبەجێدەکات. بەپێی یاساکە ژمارەی سەرپێچیکارانی ناوەندی خوێندنی ناحکومی ٢٢ ناوەند بوون کە سزای ماددی لە ١٠ ملیۆن دینار تا ٧٠ ملیۆن دینار و سزای کارگێری پێویست گیراوەتەوەبەر بەرامبەریان بە گوێرەی ڕێژەی سەرپێچییەکان.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| له پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 2 |
| جێبەجێنەکراو | 4 | 2 |
| جێبەجێکراو | 5 | 5 |
| | | |
| کۆی گشتی | 9 | |

Figure – 43 ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافی خوێندن




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 5 | 5 | 5 | 5 | 5 | 5 | 5 |
| جێبەجێنەکراو | 4 | 4 | 4 | 4 | 4 | 3 | 2 |
| له پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 2 |

Figure – 44 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافی خوێندن

<u>دەستەبەرکردنی دەرفەتی خوێندن بە خۆڕایی:</u>

لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم بە هەوڵەکانی وەزارەتی پەروەردە ٢٠،٠٠٠ بیست هەزار منداڵی سەر شەقامی گەڕێندراونەتەوە بەر خوێندن بەپێی ئەو پرۆگرامەی کە لە کابینەی نۆیەمدا کەوتە بواری جێبەجێکردندا.

| گەڕانەوەی قوتابی لە هەرێمی کوردستان (هەولێر، دهۆک، سلێمانی) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ساڵ | ئامانج | دەستنیشانکراو | تۆمارکردن لە خوێندنی ئاسایی | تۆمارکردن لە خوێندنی نائاسایی | نەگەڕانەوە |
| 2020 | 15600 | 15396 | 8156 | 52 | 7188 |
| 2021 | 26500 | 24487 | 4286 | 359 | 19842 |
| 2022 | 30704 | 26100 | 5310 | 1269 | 19521 |

ژمارەی گەڕانەوەی قوتابیان بۆ خوێندن Table – 28

داشکاندنی کرێی خوێندن:

وەك کارئاسانییەک بۆ ئەو قوتابیانەی بەشێوەی پارالیل یان لە زانکۆ و پەیمانگا تایبەت و ئەهلییەکان دەخوێنن، ئەوا وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم بڕیاری ئەم داشکاندنانەی دەرکرد:

- کرێی خوێندن لە خوێندنی ئێواران و پرۆگرامەکانی خوێندنی هاوتەریب- پاراڵێل- بە ڕێژەی ٤٥%.
- لە زانکۆ و پەیمانگا تایبەتییەکان کرێی خوێندن بە ڕێژەی ١٠-٢٠% کەم کرایەوە.

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە ساڵی ٢٠١٩ تا ٢٠٢٣، ساڵانە زیاتر لە (٦٠) ملیار دینار بۆ خانەوادەی قوتابیانی زانکۆکانی کوردستان گەڕاندۆتەوە ئەویش لە ڕێگەی کەمکردنەوەی کرێی خوێندن بەم شێوەی خوارەوە:

- ساڵی یەکەم: ٦٠ ملیار دینار
- ساڵی دووەم: ٦٣ ملیار دینار
- ساڵی سێیەم: ٦٧ ملیار دینار

نۆژەنکردنەوە و دروستکردنی قوتابخانەکان لە ساڵانی ٢٠١٩-٢٠٢٣:

- (٨٠) ناوەندی خوێندن دروستکراوە.
- (١٣٠٠) قوتابخانە نۆژەن کراوەتەوە.

خوێندنی مافەکانی مرۆڤ لە پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانە و زانکۆکاندا:

- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی: لە کۆلێژەکانی یاسا لە هەرێمی کوردستان بابەتی مافەکانی مرۆڤ دەخوێنرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە: بابەتی (مافەکانی مرۆڤ) - قۆناغی یەکەم (ساڵانە)، بابەتی

(ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان)- قۆناغی دووەم (ساڵانە)، بابەتی (یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی)- قۆناغی چوارەم (ساڵانە).

- وەزارەتی پەروەردە: لە پرۆگرامەکان بەتایبەتی لە کتێبی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە پۆلی (١) تاوەکو (٩)ی بنەرەتی کتێبی مافی مرۆڤ و کتێبەکانی زمان باسکراوە پێکەوەژیان و قبوڵکردنی جیاوازییەکان، هەروەها لە پرۆگرامەکانی خوێندن ئامادە کراوە.

<u>خوێندنی پێکهاتەکان:</u>

- لە هەرێمی کوردستان (١٨) قوتابخانە بە تورکمانی و (٤٩) قوتابخانەی سریانی هەیە.
- دەستەیەکی تایبەت لە پەروەردەی پارێزگای دهۆک هەیە بۆ سەرپەرشتی کردنی ئایینی ئێزدیاتی، لە ساڵی (١٩٩٩) قوتابیانی ئێزیدی لە ناوچەکانی خۆیان وانەکە دەخوێنن لە قۆناغی یەک تا دوازدەی بنەڕەتی.

<u>هەلی کار لە کەرتی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردە:</u>

لە ڕێگەی جێبەجێکردنی یاساوە ڕێگە لەوە گیراوە کەرتی خوێندنی حکومی فەرامۆش بکرێت و لەهەمان کاتدا دەرفەتی هەلی کاری زیاتر رەخسێندراوە لە کابینەی نۆیەم.

- لە کەرتی خوێندنی نا حکومی (١٥٦٦٤) مامۆستا و فەرمانبەری دانەمەزراو هەلی کاریان بۆ ڕەخسێندراوە.
- ژمارەی مامۆستایانی خوێندنی ناحکومی بریتین لە (١٢٠٩٠) مامۆستا.
- ژمارەی مامۆستایانی هەمیشەیی کە دانەمەزراون و میلاکی خوێندنی نا حکومی خۆیانن بریتین لە (١١٥٢٤) مامۆستا وژمارەی مامۆستایانی دامەزراوەی حکومی بریتین لە (٥٦٦) مامۆستا.
- ژمارەی فەرمانبەرانی خوێندنی ناحکومی بریتین لە (٤٢٥٩) فەرمانبەر.
- ژمارەی فەرمانبەرانی هەمیشەیی ناحکومی کە میلاکی خۆیانن و دانەمەزراون بریتین لە (٤١٤٠) فەرمانبەر.
- ژمارەی فەرمانبەرانی حکومی کە لە کەرتی ناحکومیش کار دەکەن بە گوێرەی یاسا، بریتین لە (١١٩) فەرمانبەری حکومی.

بەم جۆرە ئەو دەرچووانەی دانەمەزراون و لە کەرتی خوێندنی ناحکومی دەرفەرتی کارکردنیان بۆ ڕەخساوە وەک مامۆستا و فەرمانبەر ژمارەیان بریتیە لە (١٥٦٦٤) مامۆستا وفەرمانبەر لە کۆی گشتی (١٦٣٤٩) مامۆستا و فەرمانبەر لە کەرتی خوێندنی ناحکومی.


لە ساڵی ٢٠٢٣ – ٢٠٢٤ ڕێکارەکانی بەدواداچوون و چاودێریکردن بەردەوام دەبن لەسەر کۆی گشتی ناوەندەکانی خوێندنی ناحکومی و چەندین لێژنەی باڵای هەمیشەیی پێکدەهینرێت لەسەر ئاستی وەزارەتی پەروەردە، هەروەها میکانیزمی نوێ بۆ ئامادەبوونی قوتابیانی پەیمانگە نا حکومییە پێنچ ساڵەییەکان دەگرێتەبەر.

<u>برەودان بە هەلی کار بۆ لاوان لە کەرتی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەییەوە:</u>

- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بایەخێکی زۆر دەدات بە بەرەو پێشبردنی خوێندنی پیشەیی، ژمارەی پەیمانگە تەکنیکییە حکومییەکان (١٢) پەیمانگا و زانکۆ پۆلەتەکنیکییەکان لە هەرێمدا (هەولێر، سلێمانی، دهۆك).
- زانکۆ پۆلەتەکنیکییەکان و زانکۆکانی تر کار دەکەن لەسەر ڕێکخستنی خولەکانی خوێندنی بەردوام و برەودان بە گەشەپێدانی کارامەییە پیشەییەکان، کە بەدواداچوون بۆ دەرچووەکان دەکات لە دوای دەرچوونیان و هاوکارییان دەکات بۆ بەدەستهێنانی دەرفەتی کار.
- لە ساڵانی ٢٠١٩ تا ٢٠٢٢، (٩٥) دەرفەتی کار لە زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان ڕەخسێنراوە، لە زانکۆکانی تر (٥٦٤) دەرفەتی کار ڕەخسێنراوە.


<u>لقی سێیەم: مافی خۆراک</u>

ڕۆڵی زامنکردنی ئاسایشی خۆراک لەسەر وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوە، حکومەتی هەرێم پشت دەبەستێت بە دەرامەتە ناوەخۆییەکان بۆ بەرهەمهێنانی ناوخۆ.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 2 |
| جێبەجێنەکراو | 2 | 0 |
| جێبەجێکراو | 1 | 1 |
| | | |
| کۆی گشتی | 3 | |

Figure – 45 ژمارەی جێبەجێکردنی ساڵانەی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافی خۆراک




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 |
| جێبەجێنەکراو | 2 | 2 | 2 | 2 | 2 | 1 | 0 |
| لە پڕۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 2 |

Figure – 46 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافی خۆراک

<u>دابینکردنی گەنم و دانەوێڵە:</u>

- لە ئاسایشی خۆراک بۆ نموونە دانەوێڵە بە پلە یەک دێت و هەر وولاتێک توانای هەبوو پێداویستی دوو ساڵ گەنم دابین بکات و شوێنی عەمبارکردنی هەبێت ئەوا مانای وایە ستراتیژی ئاسایشی خۆراک بە جێهێناوە.
- لە ئیستادا ٢٠٢٣ هەرێمی کوردستان توانای عەمبارکردنی ٥٨٥،٠٠٠ هەزار تۆن دانەوێلە و پەنکەرەکان توانای ٤١١،٠٠٠ هەزار تۆنیان هەیە.
- لە هەرێمی کوردستان گەنم ، برنج و جۆ بە خۆراکی بنەرەتی دەژمێردرێت بۆ دابینکردنی خۆراکی ڕۆژانە و عەمبارکردنی ئەم بەرهەمانە بەپێی پێویست یەکێکە لە ئەرکەکانی حکومەت . بڕی گەنمی پێویست لە هەرێمی کوردستان ساڵانە ٦٤٠،٠٠٠ تەن خەملێنراوە.
- بڕی گەنمی وەرگیراو لە ١١ حوزەیرانی ٢٠٢٣ لە سایلۆی هەرێمی کوردستان ١٣٠٩٠٥٤٥ تەن.
- بە گوێرەی داتاکانی کۆبونی خۆراك ژمارەی دانیشتوانی هەرێم لە ئێستادا دەگاتە ٥،٢٢٥،٤٧٢ ملیۆن کەس کە بەشە خۆراك وەردەگرن.

<u>سایلۆکان:</u>

- لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩، قەبارەی ئەمبارکردنی کۆگاکانی مەوادی خۆراکی لە سایلۆکان ، (٣٦١،٠٠٠) تەنە و بەپێی بەرنامەی داڕێژراوی وەزارەت و بە پەسەندکردن و جێبەجیکردنی پرۆژەکانی پێشبینیکراو دەگاتە زیاتر لە ٤٤٨،٠٠٠ تەن لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٥.
- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە کاتی ئیستادا ١٤ پرۆژەی بەردەوامی هەیە لە دروست کردنی سایلۆ و ناوچە پیشەسازی و نۆژەن کردنەوە و دروستکردنی تاقیگەی هەمە جۆر.

- له بەرنامەی وەزارتدا بۆ ساڵانی ٢٠٢٠ – ٢٠٢٤، (٢٣) پرۆژەی مامناوەند و گەورە ئەنجام بدرێت وەک دروستکردنی پێنچ سایلۆ لە کفری و هەلەبجە و هەریر و زاخۆ و دهۆک، سەرەڕای دروست کردنی چوار ناوچەی پیشەسازی لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەلەبجە و چەندین کۆگای تایبەت و سەنتەری راهێنان و تاقیگە.
- بەپێی بەرنامەکانی دارێژراوی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەبێت ٥ سایلۆی نویێ لە ماوەی ساڵانی ٢٠٢٠ تا ٢٠٢٥ دروست بکرێت و بە بەگڕخستنی ئەم سایلۆانە توانای ئەمبارکردنی گەنم دەگاتە ٧٨٥،٠٠٠ تەن لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٥ .

پێدانی مۆڵەت بۆ کارگە و کۆمپانیاکان:


- ژمارەی کارگە مۆڵەت پێدراوەکان لە هەرێمی کوردستان تاکو ئێستا (٤٢١٢) کارگەیە بە بڕی ٢ ملیارد و ٢٣٧ ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانی تێداکراوە .
- کۆمپانیا تۆمارکراوەکان لەلایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی تا ئێستا (٣١،٨٢٤) کۆمپانیایە، و٩٤٪ی کۆمپانیای خۆماڵین و ٦٪یان کۆمپانیای بیانین.
- زیاتر لە (٣٤٠٠) کۆمپانیای بیانی کار دەکەن، ٤٠% براندەکان بیانیین کە تۆمارکراون لە بواری کەلوپەلی خۆراک، ئۆتۆمبێل،...هتد.
- لە چوارچێوەی ٢٠ ملیار دۆلار قەبارەی ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل، پشکی هەرێمی کوردستان نزیکەی ٦ ملیار دۆلارە.

ڕەخساندنی هەلی کار:

- ژمارەی کارمەند و کرێکار لەم کارگانە دەگاتە ٤٤٢٠٣ هەلی کار. بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٧٢) لە ٢٠٢٢\٩\٢٠ ڕێژەی دەستی کاری پیشە و پرۆژەکانی تایبەت دەبێت لە ٧٥% کەمتر نەبێت.
- ئەو کارگە پیشەسازییانەی لە کابینەی نۆیەم مۆڵەتیان وەرگرتووە، (١٣،١٩٩) هەلی کاریان ڕەخساندووە.


لقی چوارەم: مافی موڵکدارێتی

تۆمارکردنی خانووبەرەی ناوچە جێناکۆکەکان: سەبارەت بە تۆمارکردنی ئەو خانووبەرانەی لە ناوچە جێناکۆکەکان یان لەو ناوچانەن کە پێشتر لەژێر دەسەڵاتی داعشدا بوون، وەزارەتی داد لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە کار بۆ چارەسەرکردنی ئەو بابەتە دەکات بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ئیتحادی.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| له پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 2 |
| جێبەجێنەکراو | 2 | 0 |
| جێبەجێکراو | 0 | 0 |
| | | |
| کۆی گشتی | 2 | |

Figure – 47 ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافی موڵکدارێتی





| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| جێبەجێنەکراو | 2 | 2 | 2 | 2 | 2 | 1 | 0 |
| له پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 2 |

Figure – 48 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافی مەڵکدارێتی

لقی پێنجەم: پاراستنی کەلەپوری کەلتوری


(پاراستن و نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارەکان)

- (٤١) پرۆژەی شوێنەواری لەپێناو پاراستن و پەرەپێدانی شوێنە مێژووییەکان جێبەجێکراون.
- (٣٢٠٠) ناوچەی شوێنەواری تۆمارکراون.
- لەبارەی نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارەکان لە ساڵی ٢٠٢٢ دا نزیکەی (٢٣) پێگەی کەلەپووری لەسەر بودجەی تایبەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و (١٩) شوێن لەسەر بودجەی ڕێکخراوە بیانییەکان و کەسایەتی و ڕێکخراوە ناوخۆییەکان نۆژەن کراونەتەوە.
- پلانی ساڵی ٢٠٢٣ ئەوەیە کە پەرە بە (٤٩) ناوچەی شوێنەواری و (٥٠) شوێنی کەلەپووری بدات، جگە لە بە گەشتیاریکردنی شوێنەوارە ئاینییەکان.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| له پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 1 |
| جێبەجێنەکراو | 2 | 1 |
| جێبەجێکراو | 2 | 2 |
| | | |
| کۆی گشتی | 4 | |

Figure – 49 ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافی کەلەپوری کەلتوری




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 2 | 2 | 2 | 2 | 2 | 2 | 2 |
| جێبەجێنەکراو | 2 | 2 | 2 | 2 | 2 | 1 | 1 |
| له پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 1 |

Figure – 50 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافی کەلەپوری کەلتوری

## گەشتوگوزار

- لە ساڵی ٢٠٢١ زیاتر لە (٤،١٨٩،٠٠٠) گەشتیار روویان لە هەرێم کردبوو کە (%٨٥)ی گەشتیار خەڵکی ناوەڕاست و باشووری عێراقن و (%١٥) هاووڵاتی بیانی بوون.
- لە ساڵی ٢٠٢٢ زیاتر لە شەش ملیۆن گەشتیار روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە.


## ئاماری ساڵی ٢٠٢٢

- (٧٠) پرۆژەی شوێنەواری (پاراستن، نۆژەنکردنەوە، هەڵکۆڵین) ئەنجام دراوە.
- (١٥٦٢) مۆڵەت و پشکنینی شوێنەواری دراوە بۆ پرۆژەکانی حکومی و کەرتی تایبەت.

- ( ١٢) گرێبەست کراوە بۆ نوێکردنەوەی شوێنەواری.
- (٣٣) داوای یاسایی و بەدواداچوون لە دادگاکان کراوە.
- (٢١٥) قەرەبووکردنەوەی ئەو شوێنانەی دەکرێن بە شوێنەوار.
- (٦٢) خولی هوشیارکردنەوەی خەڵک لە قوتابخانەکان و شوێنی تر کراوە.
- (١٠٠٠) هەلی کار رەخساووە بۆ خەڵک لەگەڵ تیمی بیانی.


<u>لقی شەشەم: مافی کارکردن و بیمەی کۆمەڵایەتی</u>

لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم ١٣٨ هەزار کرێکار دەستەبەرکراون و نزیکەی ١٠٠ هەزار هەلی کاری راستەوخۆش ڕەخسێندراوە.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| له پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 1 |
| جێبەجێنەکراو | 4 | 2 |
| جێبەجێکراو | 3 | 4 |
| | | |
| کۆی گشتی | 7 | |

Figure – 51 جێبەجێکردنی ساڵانەی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافی کارکردن و بیمەی کۆمەڵایەتی




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 3 | 3 | 3 | 3 | 3 | 4 | 4 |
| جێبەجێنەکراو | 4 | 4 | 4 | 4 | 4 | 2 | 2 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 1 |

Figure – 52 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافی کارکردن و بیمەی کۆمەڵایەتی

لە ڕووی یاساییەوە:

- یاسای کار لە ١ ئاداری ٢٠٢٣ خوێندنەوەی دووەمی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ کراوە، لە ئیستادا چاوەڕێ دەکرێ لە وەقائیعی کوردستان بلاوبکرێت تا بچێتە بواری جێبەجێکردن.
- داڕشتنی دوو پرۆژە یاسای کار و خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران بەرزکراوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران. هەردوو پرۆژە یاساکە پشتی بەستووە بە ڕێککەوتننامە و ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەت ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی.
- دەرکردنی ڕێنمایی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە هەماهەنگی وەزارتی تەندروستی، کە لە بەرژەوەندی کرێکاراندایە.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی یاسای چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان داڕشتووە کە ئێستا نێردراوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی ئیتیحادی واژۆی لەسەر (مدوەنەی بەکارخستن) کردووە.
- لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان (١٨) لیژنەی کارا هەن کە پێکهاتوون لە لیژنەی دەستەبەر، لیژنەی باڵای بەکار خستن، لیژنەی خانەنشینی، لیژنەی بازاڕیش کە بۆ یەکەم جار دامەزراوە.
- لیژنەکانی دەستەبەر، لیژنەی باڵای بەکار خستن، لیژنەی خانەنشینی دامەزراون کە ئەمەش دەسکەوتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمە.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕێنمایی دەردەکات لە ماوەی ٦٠ ڕۆژدا بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاساکە.

ژمارەی ئەو کرێکارە بیانیانەی کە هاوردەی هەرێمی کوردستان کراون:

- بەپێی داتای سەندیکای کرێکاران لە ساڵی ٢٠٢٢ بە فەرمی زیاتر لە (٧٠٠٠) حەوت هەزار کرێکاری بیانی هاوردەی هەرێمی کوردستان کراون لە ڕێگەی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتییەوە.

مەرج و ئاستی تەمەنی کارکردنی نەوجەوانان:

- لە یاسای کار پێناسەی کرێکاری نەوجەوانی کردووە کە هەر کەسێک گەیشتبێتە تەمەنی (١٥) ساڵ و تەمەنی (١٨) ساڵی تەواو نەکردبێت.
- یاسای کار نزمترین ئاستی تەمەنی کارکردن لە هەرێم دیاریکردووە کە (١٥) ساڵە.

ڕەخساندنی هەلی کار:

- پاش دەرچوونی بڕیاری ژمارە (١٧٢) لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕێنمایی ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٢٢ی دەرکرد کە تایبەتە بە بوونی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ڕێنماییەکە پێویستە ڕێژەی کرێکارانی ناوخۆ لە گشت کەرتەکان نابێ لە (٧٥%) کەمتر بێت.
- نزیکەی (١٣٠٠) خولی پیشەیی جۆراوجۆر ئەنجامدراوە بۆ هاووڵاتیان بەتایبەتی چینی گەنجان بەمەبەستی ئامادەکردنیان بۆ بازاڕی کار.
- یاداشتی لێکتێگەیشتن لەنێوان هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵا و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەیە بەمەبەستی کردنەوەی بەشی پیشەیی و گرنگی پێدانی بۆ ئامادەکردنی هاووڵاتیان بۆ بازاڕی کار.

کرێکاری بیانی:

- لە ساڵی ٢٠٠٨ تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ ژمارەی کرێکارانی گەیشتە (٧٩.٢٨٩) کرێکارانی بیانی.
- لە بەرنامەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیدایە ڕێنمایی نوێ دەربکات بۆ هێنان و بەکارخستنی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان.

دەستەبەری کۆمەڵایەتی:

- بۆ پاراستنی بەڵگەنامە و دۆسیەی کرێکارانی دەستەبەرکراو، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیکردووە بە ئەلیکترۆنیکردنی دۆسیەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی پلانی ستراتیجی بۆ ساڵی ٢٠٢٢ - ٢٠٢٦ داڕشتووە و لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەندکراوە کە تەوەرێکی سەرەکی تایبەتە بە کارکردن و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران.
- لیژنەکانی پشکنینی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کە هەر لیژنەیەک لە پشکێنەرێک و نوێنەری ژووری بازرگانی و سەندیکای کرێکاران پێکدێن، سەردانی پڕۆژە دەستەبەرکراوەکان و دەستەبەرنەکراوەکانیش دەکەن بۆ بەدواداچوونی پڕۆسەی کارکردن (٢٢٦٥١) سەردانیان هەبووە و ژمارەی کرێکارانی دەستەبەرکراو گەیەندراوەتە (١٣٨٩٢) کرێکار، لە (٢٧٣٥٠) پڕۆژەدا.
- داهاتی سندووقی دەستەبەری کرێکاران، لە ٧٤ ملیارەوە زیادکراوە بۆ زیاتر لە ١٩٤ ملیار دیناری ساڵانە، (٣٢٦٣) کرێکاری بیانی و (٢٤٧٩) کرێکاری خۆماڵی خانەنشین کراون، (٢٠٦٢٧) کرێکاریش پاداشتی کۆتایی خزمەتیان وەرگرتووە.

زامنکردنی مافی کرێکار:

- هێڵی گەرمی (٥٥٠٠) تایبەت بە کرێکاری بیانی بۆ پەیوەندیکردن و چارەسەرکردنی کێشەکانیان تەرخان کراوە.
- چاپکردنی (٢٠٠٠٠) پڕۆشەر بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی کرێکارن لەبارەی مافەکانیانەوە.
- بەپێی یاسای کار نابێت کرێکار لە ٨ کاتژمێر زیاتر کاربکات، شەوانیش ٧ کاتژمێر، هەروەها کەمترین موچەی کرێکار ٤٥٠ هەزار دینار دەبێت.
- بۆ یەکەمجار( ١٢) پشکێنەری کار دامەزراون کە پێشتر نەبوون.

پڕۆژە و کرێکاری دەستەبەرکراوەکان:

- ژمارەی پڕۆژە دەستەبەرکراوەکان لەماوەی ئەم (٣) ساڵە لە (١٦٥٠٠) بوو بە (٣٨٥٠٠)، لە هەمان کاتدا ژمارەی کرێکاری دەستەبەرکراو لە (١٧٠٠٠) و بووە بە (١٣٨٠٠٠) کرێکاری دەستەبەرکراو.

سندوقی خانەنشینی:

- لە ماوەی (٣) ساڵدا داهاتی ساڵانەی سندوقی خانەنشینی و دەستەبەری لە ( ٢٧) ملیار دینارەوە بووە بە (١٩٤) ملیار دینار واتا چەندین جار زیادی کردووە.
- ژمارەی کرێکاری خانەنشین کراو لە (١٦٠) کەس بووە بە (٧٠٢) کرێکار.

مۆڵەتی پیشەوەریی:

- نزیکەی (١٩١١٨) مۆڵەت بەخشراون بە پیشەوەران، کە (١٤٣) مۆڵەتیان لە ساڵی ٢٠٢٢ بووە.
- بە گشتی مۆڵەتی پیشەوەرییەکان لە (١٧٠٠٠) بووە بە (٢٠٠٠) مۆڵەتی پیشەوەری.
- لیژنەکانی تەندروستی سەلامەتی پیشەیی، سەردانی (٥٥١١) پرۆژەیان کردووە و(٢٢) کرێکاری پێکراو و (٢٦) کرێکاری مردوو تۆمارکراون.
- بەڕێوەبەرایەتی راهێنانی پیشەیی، کە هەشت بەڕێوەبەرایەتی راهێنانی پیشەیی و یەک سەنتەر لەخۆدەگرێت، لە کابینەی نۆیەمدا (٥١٤) خولیان کردووەتەوە و (٧٤٨٤) گەنج، تێیدا سوودمەندبوونە.

کرێی کرێکاران و دابینکردنی هەلی کار:


- کرێی کرێکاری نا کارامە بڕەکەی (٢٥٠.٠٠٠) بۆ (٣٥٠.٠٠٠) هەزار دینار مەزەندە کراوە ئەمەش بەشی دابینکردنی پێویستییەکانی ژیان و بژێوییان ناکات.
- حەوت هۆبەی تۆمارکردنی بێکاران لە هەرێمی کوردستاندا هەن، ساڵی رابردوو (٨٦١٨) بێکاریان تۆمارکردووە، تا ئێستاش هەلی کاریان بۆ (٢٣٤٢٥) بێکار رەخساندووە.

خانەنشینکردنی کرێکارانی کەرتی تایبەت:

- پرۆسەی خانەنشینکردنی کرێکارانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی زۆر سنووردار هەڵدەکشێت، بەڕادەیەك کە لەماوەی ساڵانی ٢٠١٣ بۆ ٢٠٢٠ لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا تەنیا ١٧٣ کرێکاری کەرتی تایبەت بەناوخۆی هەرێم و دەرەوەی هەرێم خانەنشین کراون. ئەوە ئاماژەیە بەوەی بیمە کۆمەڵایەتییەکان و زمانکردنی کرێکاران لە کەرتی تایبەت لە دۆخێکی خراپ دایە، جەوهەرەکەی ئەوەیە کەرتی تایبەت کەرتێکی تەواو کەسییە و رێك نەخراوە، وەزارەتی کار نەیتوانیوە ژینگەیەکی ئارام و شکۆمەندانە بۆ کرێکاران.


## <u>بەشی چواردەم: گەشەپێدان و نەهێشتنی هەژاری</u>

لە چوار ساڵی ڕابردوودا، لەسەر بنەمای حوکمڕانی باش و ئەنجامدانی کارایانە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان کابینەی نۆیەم توانیویەتی بە هەزاران پڕۆژە ئەنجام بدات کە ڕۆڵیان دەبێت لە گەشەپێدانی ئابووری لە پارێزگا و ئیدارە و شار و شارۆچکە و گوندەکان لەو ڕووەوە ٢٧٧ مۆڵەتی وەبەرهێنان دراوە کە سەرمایەکەیان ١٣.٥ ملیار دۆلارە.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 3 | 3 |
| جێبەجێنەکراو | 7 | 6 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 1 |
| | | |
| کۆی گشتی | 10 | |

Figure – 53 جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە گەشەپێدان و نەهێشتنی هەژاری




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 3 | 3 | 3 | 3 | 3 | 3 | 3 |
| جێبەجێنەکراو | 7 | 7 | 7 | 7 | 7 | 6 | 6 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 1 |

Figure – 54 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە گەشەپێدان و نەهێشتنی هەژاری

ئەو پرۆژانەی کە کەوتوونەتە بواری جێبەجێکردن لە چوارچێوەی راسپاردەکان بە مەبەستی باشترکردنی توانای دامەزراوەکان، پلان دانانی شارستانی، چالاک کردنی وەبەرهێنان، کەمکردنەوەی هەژاری و بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی. لەم رووەوە (٣٣٥٩) پرۆژەی جیاجیا بە گوژمەی ١٢ تریلیۆن و ٨٣٨ ملیار و ٦٠٧ ملیۆن دینار لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون بەم شێوەیە:

- لە سێکتەری رێگە و گواستنەوەدا (٩٧٧) پرۆژە جێبەجێکراوە.
- لە سێکتەری ئاو و ئاوەڕۆکەکان (٦٧٥) پرۆژە جێبەجێکراوە.
- لە سێکتەری بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی وزە (٤٣٩) پرۆژە جێبەجێکراوە.
- لە سێکتەری ژێرخایەن و خزمەتگوزاری (٤٢٧) پرۆژە جێبەجێکراوە.
- لە سێکتەری پەروەردە (٢٦١) پرۆژە جێبەجێکراوە.
- لە سێکتەری کشتوکاڵ (١٩٠) پرۆژە جێبەجێکراوە.
- لە سێکتەری حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی (١٢٠) پرۆژە.
- لە سێکتەری تەندروستی (٨٣) پرۆژە جێبەجێکراوە.
- لە سێکتەری گەشتوگوزار (١٩٦) پرۆژە جێبەجێکراوە.
- لە سێکتەری بانک و خزمەتگوزاریەکانی دارایی (٣٩) پرۆژە جێبەجێکراوە.
- لە سێکتەری بازرگانی (٣٣٤) پرۆژە جێبەجێکراوە.
- لە سێکتەری پیشەسازی (٣٣٠) پرۆژە جێبەجێکراوە.
- لە سێکتەری رۆشەنبیری و هونەری (٤) پرۆژە جێبەجێکراوە.
- لە سێکتەری وەرزش (٣٨) پرۆژە جێبەجێکراوە.
- لە سێکتەری نیشتەجێبوون (١٣٧) پرۆژە جێبەجێکراوە.
- لە سێکتەری سەکتەرەکانی ترەوە (٦٥) پرۆژە جێبەجێکراوە.

پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بەپێی پارێزگاکان لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوو:

- هەولێر: (١١٠٤) پرۆژە جێبەجێکراوە.
- سلێمانی: (٦٦٤) پرۆژە جێبەجێکراوە.
- دهۆک: (٦١٧) پرۆژە جێبەجێکراوە.
- هەڵەبجە: (١١٣) پرۆژە جێبەجێکراوە.

پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بەپێی ئیدارە محەلیەکان لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوو:

- ئیدارەی گەرمیان: (١٦٠) پرۆژە جێبەجێکراوە.

- ئیدارەی ڕاپەڕین: (٢٠٠) پڕۆژە جێبەجێکراوە.
- ئیدارەی سۆران: (٣٣٨) پڕۆژە جێبەجێکراوە.
- ئیدارەی زاخۆ: (١٣٨) پڕۆژە جێبەجێکراوە.
- ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان: (٢٥) پڕۆژە جێبەجێکراوە.

لە نێوان ساڵانی (٢٠٢١ - ٢٠٢٢) وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە چەندین پڕۆژەی گرنگ و ستراتیژی ئەنجام داوە وەک لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە:

| پڕۆژەکانی دروست کردن و چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان | | | |
|---|---|---|---|
| ساڵ | پڕۆژە | کم | دینار |
| 2021 | 28 | 303.85 | 220.862.000.000 |
| 2022 | 244 | _ | 22.857.194.337 |
| 2023 | 132 | _ | 2.667.129 |

Table – 29 ژمارەی پرۆژەکان بە ساڵ

پڕۆژە تەواوبووەکان و بەردەوامەکان ڕێگاوبانەکان و نیشتەجێبوون:

| پڕۆژە تەواوبووەکان و بەردەوامەکان ڕێگاوبانەکان و نیشتەجێبوون | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ساڵ | جۆر | پڕۆژە | کم ، یەکە | ملیون دینار |
| ٢٠٢١ | ڕێگاوبان | 28 | 303.85 | 220.862 |
| | نیشتەجێبوون | 8 | 540 یەکەی نیشتەجێبوون لەگەڵ 1500 خانوو | 98.268 |
| ٢٠٢٢ | ڕێگاوبان | 144 | 303.85 | 22.857.194.337 |
| | نیشتەجێبوون | 8 | 540 یەکەی نیشتەجێبوون لەگەڵ 1500 خانوو | 98.268 |
| ٢٠٢٣ پڕۆژە بەردەوامەکان | ڕێگاوبان | 132 | _ | 2.667.129 |
| | نیشتەجێبوون | 8 | 9004 یەکەی نیشتەجێبوون | 266.997 |


Table – 30 ژمارەی پرۆژە تەواوەکان و بەردەوام تایبەت بە ڕێگاوبان بە ساڵ

پلانی ستراتیژی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن:

- درووستکردنی (٤٣) پرۆژەی رێگاوبان بە بودجەی (١,٧٠٥,٠٢٢,٠٠٠,٠٠٠) دیناری عێراقی (پرۆژەی نۆێ و پێشنیارکراو). کە بەرهەمەکەی دروستکردنی ( ١٦٩.٥ ) کم ڕێگای دووساید و (٩٠) کم ڕێگای یەك ساید و (١١٦) کم نۆژەنکردنەوەی ڕێگا دەبێت.
- دروستکردنی (١٧) پرۆژەی بیناسازی و نیشتەجێ کردن بە بودجەی ( ٢٧٨,٨٦٧,٠٠٠,٠٠٠ ) د.ع (پرۆژەی نۆێ و پێشنیارکراو). کە بەرهەمەکەی: دروستکردنی ٣٠٠٠ یەکەی نیشتەجێ کردن بە خزمەتگوزاریەوە دەبێت بە شیوازی شووقە یان خانوو دروست بکرێت بۆ هاوڵاتیانی چینی کەم دەرامەت و خاوەن داهاتی سنوردار لەگەڵ دروستکردنی چەندین بینای گشتیش .
- بەردەوامی بە گەشەپێکردنی سیستەمی وێستەگەکانی کێش لە ڕێگای نۆژەنکردنەوەی هەبووەکان و دروستکردنی ١٩ دانەی تازە.
- گەشەپێکردنی تاقیگەکانی کەرەستەی بیناسازی لە ڕێگای دابین کردنی ئامێری نوێ و پشکنین و ڕەوشی ئەندازیاری تازە و مۆدرێن.


بەشی پانزەیەم: بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

چاکسازی و ڕێگرتن لە گەندەڵی لە پێشینەی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە لە گشت سێکتەرەکان، هەر لەم ڕووەوە بە ئامانجی کەمکردنەوەی ڕۆتین و زوو ڕاییکردنی کاروباری هاووڵاتیان، ٢٨ خزمەتگوزاری بە ئەلیکترۆنی کراون.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 2 | 2 |
| جێبەجێنەکراو | 2 | 1 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 1 |
| | | |
| کۆی گشتی | 4 | |

Figure – 55 جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 2 | 2 | 2 | 2 | 2 | 2 | 2 |
| جێبەجێنەکراو | 2 | 2 | 2 | 2 | 2 | 1 | 1 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 1 |

Figure – 56 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

ئاماری لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە کەیسەکانی گەندەڵی بۆ ساڵانی ٢٠٢٠ – ٢٠٢٢:

| ئاماری ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجام دراوە تایبەت بە کەیسەکانی گەندەڵی بۆ ساڵانی ٢٠٢٠ - ٢٠٢٢ | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ | ٢٠٢٢ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی لێکۆڵینەوەکان بە پێی سکاڵا تۆمارکراوان | 67 | 92 | 179 | 338 |
| سکاڵا هەڵگیراوەکان | 44 | 52 | 51 | 147 |
| ئەو حاڵەتانەی کە ئیحاڵەی داواکاری گشی کراوە | 21 | 38 | 36 | 95 |
| ئەو حاڵەتانەی لەژێر لێکۆڵینەوە دان لە لایەن داواکاری گشتی | 169 | 231 | 388 | 788 |
| ئەو کەیسانەی کە لە قۆناغی لێکۆڵینەوە داخراون لەبەر نەبوونی بەڵگەی تەواو | 45 | 132 | 97 | 274 |
| ئەم کەیسانەی لە داواکاری گشتی ئیحالەی دادگای تایبەتمەند کراون | 71 | 145 | 118 | 334 |

Table – 31 ژمارەی لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە کەیسەکانی گەندەڵی بۆ ساڵانی ٢٠٢٠ - ٢٠٢٢

ئاماری داوا تۆمارکراوەکان لە ٢٠١٤ تا ٢٠٢٣ تایبەت بە تاوانی گەندەڵی:

| ژمارەی داوای تۆمارکراو لە ٢٠١٤ تا ٢٠٢٣ تایبەت بە تاوانی گەندەڵی (جريمة الكسب غير المشروع) | |
|---|---|
| داوا لە قۆناغی لێکۆڵینەوە | 50 |
| ئیحالەی تاوانبار بۆ دادگای تایبەتمەند کراوە | 28 |
| کەیسە داخراوەکان | 13 |
| کۆی گشتی | 91 |

Table – 32 ژمارەی داوا تۆمارکراوەکان لە ٢٠١٤ تا ٢٠٢٣ تایبەت بە کەیسەکانی گەندەڵی

پێداچوونە بە مامەڵەی خانەنشینی:

بەهەماهەنگی لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی(UNDP) سیستەمێکی ئەلیکترۆنی بە ناوی سیستەمی زانیاری خانەنشینی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی وەزارەتی دارایی دروست کراوە کە لە ڕێگەی ئەم سیستەمەوە مامەڵەی خانەنشینی بە ئەلیکترۆنی کراوە و بە کەمترین ڕۆتین مامەڵەی خانەنشینی ئەنجامدەدرێت. هەروەها دابینکردنی مافی خانەنشینی بە شێوەی سیستەم کە کەمتر هەڵەی تێدا دەبێت و بەستنەوەی گشتی بەڕێوەبەرایەتیەکانی خانەنشینی بە یەکتری و ئامادەکردنی چەند ڕاپۆرتێک لەسەر حاڵەتەکانی خانەنشینان و دەست کەوتنی داتایەکی ڕاست و دروستی خانەنشینان و میراتگری خانەنشینان.

گەڕانەوەی قەرزی بانکە بازرگانی و پسپۆریەکان:

بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان لە ڕێگەی بانکەکانەوە لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک لە ساڵی ٢٠٢٢ تا ئیستا توانیویەتی بڕێک قەرزی ئاسانکاری وەرگرێتەوە، چ بە پارەی کاش یاخود بە وەرگرتنی موڵک و فرۆشتنی یاخود تەحویل کردنی بۆ سەر وەزارەتی دارایی و ئابووری.

| قەرزی بانکە بازرگانیەکان تا حوزەیران ساڵی ٢٠٢٣ | |
|---|---|
| قەرز | بڕی پارە بە دینار |
| بڕی قەرز | 403.867.571.277 |
| بڕی سوود | 690.383.513.864 |
| قەرزی گەڕاوە | 21.418.156.267 |
| کۆی گشتی قەرزە ماوە | 1.072.832.928.874 |
| کوژمەی موڵکی فرۆشراو | 36.522.213.891 |

Table – 33 بڕی قەرزی بانکە بازرگانیەکان

| بانکه پسپۆریەکان حوزەیران ساڵی ٢٠٢٣ | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناوی بانک | ژمارەی سوودمەند | کۆژمەی پێشینەی خەرج کراو | کۆژمەی کراوە بە فعلی | گوژمەی مارە لای قەرزاردار |
| کۆی گشتی خانوبەر | 196.721 | 3.214.598.458.300 | 1.509.304.652.626 | 1.667.725.872.399 |
| گەشت و گوزار | 20 | 2.230.000.000 | 259.060.000 | 1.931.940.000 |
| کۆی گشتی کشتوکاڵەکان | 8.471 | 209.858.853.600 | 144.012.311.910 | 63.427.510.190 |
| کۆی گشتی نیشتەجێکردنەکان | 22.054 | 577.397.891.750 | 261.174.137.900 | 310.292.486.850 |
| کۆی گشتی پیشەسازیەکان | 135 | 43.633.076.000 | 24.746.791.500 | 18.079.575.250 |
| کۆی گشتی | 227.401 | 4.047.718.279.650 | 1.939.496.953.936 | 2.061.457.384.689 |

Table – 34 ئاماری بانکە پسپۆریەکان

## پرۆژەی هەژماری من:

ئەم پرۆژەیە لە ئیستادا لە قۆناغی جێبەجێکردن دایە، بڕیارە لە ماوەی (٢) ساڵدا سەرجەم مووچە خۆران ببنە خاوەن هەژماری بانکی و مووچەیان بە ئەلکترۆنی بکرێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ڕێگا خۆشکەرە بۆ برەودان بە هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دارایی و گارگێڕی لەپێناو زامنکردنی یەکسانی.

## چاودێری گومرگ و دەروازە سنوورییەکان:

- لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری گومرگ پشکنین و بەدواداچوون و ووردبینی دەکرێت لەسەر مەنەفێست، پسوولەی ژمێریاری(٣٧ أ)، پسوولەی پشکنین، و کاری یاسایی ئەنجام دەدرێت بەرامبەر دیاردەی گەندەڵی و قاچاغ.
- سیستەمی بەڕێوەبردنی دەروازە سنوورییەکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکانی هەرێمی کوردستان کراوەتە ئەلیکترۆنی.

## خەرجیەکان:

سیستەمی بەڕێوەبردنی دارایی هەرێمی کوردستان KMFS یەکێکە لە پرۆژە گرنگەکان کە توانراوە خەرجییە ناپێویستەکان کۆنترۆل بکرێت، لە ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣ نزیکەی (٢٧٥) ملیۆن دۆلار خەرجیی ناپێویست کەمکراوەتەوە.

دۆسییەی خانەنشین:

ووردبین کردنی دۆسییەی خانەنشینی دادوەران، داواکاری گشتی، فەرمانبەری شارەزا، هێزەکانی پێشمەرگە لە لایەن دەستەی دەستپاکی:

| بەراوردی پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەلایەن دەستەی دەستپاکی | | | |
|---|---|---|---|
| بابەت | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ | ٢٠٢٢ |
| خانەنشینی نایاسایی | هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی نایاسایی کردووە بە ڕێژەی 40% | هەڵوەشاندنەوەی 1630 مووچەی خانەنشینی نایاسایی کراوە | |
| مووچەی خانەنشینی دادوەران، داواکاری گشتی، فەرمانبەری شارەزا | ڕاستکردنەوەی مووچە 437 خانەنشین سێ سەد و پانجا ملیۆن دینار گەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت | ڕاست کراوەتەوە بە ڕێژەی 100% | |
| خانەنشینی هێزەکانی پێشمەرگە | | | 2000 دۆسیەی خانەنشینی هێزەکانی پێشمەرگە کێشەی یاساییان نەبووە. سەبارەت بە دۆسیەی خانەنشینی هێزەکانی یەکەی 70 و 80 ڕەزامەندیان دەربڕیوە بۆ ڕادەست کرنی دۆسیەکانیان. |
| هێزەکانی پێشمەرگە | | | ووردبینی لەسەر2560 دۆسیەی کراوە و هیچ کێشەی نەبووە |

Table – 35 قۆناغەکانی بەدواداچوون بە خانەنشینی پێشمەرگە

ووردبینی دۆسییەی فەرمانبەران لەلایەن دەستەی دەستپاکی:

| بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە لایەن دەستەی دەستپاکی | | | |
|---|---|---|---|
| بابەت | 2020 | 2021 | 2022 |
| ژمارەی دۆسیەی فەرمانبەران | 307869 | 410507 | 174365 |
| ژمارەی دۆسیەی ووردبینکراو | 222111 | 355549 | 157373 |
| ژمارەی پلەی زیاد | _ | 1775 | 10548 |

Table – 36 قۆناغەکانی بەدواداچوون تایبەت بە دۆسیەی فەرمەنبەران

## وردبینی دۆسییەی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت لەلایەن دەستەی دەستپاکی:

| بەرەنگاربوونەوەی گەندە ڵی لە لایەن دەستەی دەستپاکی | | | |
|---|---|---|---|
| بابەت | 2020 | 2021 | 2022 |
| سوودمەندانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت | لێژنەیەکی تایبەت پێک هاتووە لە لایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | لە کۆی 13249 کەمئەندامی فەرمانبەر، 648جار کۆدی بایۆمەتری دووبارە بۆتەوە | 14000چواردە هەزار کەمئەندام مووچەیان براوە و شایستە نەبوونە |
| پاراستنی کۆمەڵایەتی | | | 88000 هەشتا و هەشت هەزار کەس مووچەیان وەردەگرت کە زۆری شایستەی ئەم مووچەیە نین |


Table – 37 قۆناغەکانی بەدواداچوون بە دۆسیەی کەمئەندامان و سوودمەدانی پاراستنی کۆمەڵایەتی

## وردبینی دۆسیەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانی سیاسی لەلایەن دەستەی دەستپاکی:

| دۆسییەی شەهیدان و ئەنفالکراوان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| جۆری دۆسیە | ژمارەی دۆسیە | وردبینیکراو | پەسەندە | تێبینی لەسەرە | نایگرێتەوە |
| زیندانی سیاسی | 23769 | 1029 | 760 | 269 | 0 |
| بەرکەوتەی کیمیاوی | 9202 | 203 | 50 | 187 | 4 |
| تاقانەکانی جینۆساید | 361 | 361 | 295 | 14 | 52 |
| سکاڵا | 1041 | 1041 | 0 | 0 | 0 |
| فەرمانبەران | 1359 | 1359 | 1155 | 204 | 0 |

Table – 38 قۆناغەکانی بەدواداچوون بە دۆسیەی شەهیدان و زیندانی سیاسی

بەپێی بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٨ ڕۆژی ١٦ی نیسانی هەموو ساڵێک بە ڕۆژی ژینگە دانراوە. ئەمەش لە چوارچێوەی پابەندبوونی هەرێمەوە دێت لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان کە پەیوەستن بە پاراستن و چاککردنی ژینگە. بۆ ئەم مەبەستەش(٨) بۆردی پاراستنی ژینگە لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم هەیە.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 8 | 10 |
| جێبەجێنەکراو | 4 | 2 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 |
| | | |
| کۆی گشتی | 12 | |

Figure – 57 جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافی ژیان لە ژینگەیەکی خاوێندا




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 8 | 8 | 8 | 8 | 9 | 9 | 10 |
| جێبەجێنەکراو | 4 | 4 | 4 | 4 | 3 | 3 | 2 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |

Figure – 58 بەراوردکردنی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافی ژیان لە ژینگەیەکی خاوێندا

ڕێککارەکانی پاراستنی ژینگە:

دەستەی گشتی کاروباری مین پشت دەبەستێت بە پلانێکی هەشت ساڵە، ئەویش لە چوارچێوەی پلانی نیشتیمانی عێراقیدا وەك درێژبوونەوەی ڕێککەوتننامەی ئۆتاوا بۆ ساڵی ٢٠٢٨، کە ماددەی پێنجەمی ئەم ڕێککەوتننامەیە پەیوەستە بە بەکارهێنانی و هەڵگرتن و بەرهەمهێنان و گواستنەوەی مینی تاکەکەسی و لە ناوبردنی ئەو مینانە.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/١٤ بە بڕیاری حکومەتی هەرێم هیچ ئۆتۆمبێلێک هاوردە ناکرێت ئەگەر هاتوو فلتەری (ئەگزۆزی)ی تایبەت بە ڕێگاگرتن لە گازە زیانبەخشەکانی لێکرابێتەوە.
- لە عێراق (١٥٠،٠٠٠) دینار تاکو (٢٠٠) دوو سەد ملیۆن لەسەر هاوڵاتیان هەژمار دەکات لەکاتی سەرپێچی کردنی ژینگەیی.

| زەوی پاککراو لە مین لە ڕێکەوتی ١حوزەیرانی ٢٠٢٢ تا ٣٠ نیسانی ٢٠٢٣ | |
|---|---|
| جۆر | م٢ |
| کۆی گشتی زەوی پاککراو لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکان | 793.911 |
| کۆی گشتی زەوی پاککراو لە لایەن ڕێکخراوەکان | 1.247.943 |
| کۆی گشتی زەوی پاککراو | 2.041.854 |
| ژمارەی کێلەمینی پاککراو | 49 |
| ژمارەی شەرگەی پاککراو | 5 |

Table – 39 ژمارەی زەوی پاککراو لە مین مەتر دووجا

پاککردنەوەی دارستان و ناوچە شاخاوییەکان لە مین:

- ژمارەی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەشی قوربانیانی مین کراوە ٩٣٨٤
- ژمارەی نەخۆشی تازە تۆمارکراو (سەردان) ٢،٧٤٢، ژمارەی نەخۆشی خەوتوو ٣١٢.
- ژمارەی قوربانیانی مین و تەقەمەنی بە گشتی ٣١، ژمارەی بریندار (١٩) و کوژراو (١٢).

ڕاهێنان و خول لە ٢٠٢٢ بۆ ٢٠٢٣:

خولی ڕاهێنانی دەربارەی ناوبردنی پارچەی تەقەمەنی ئاستی دوو و سێ، پوچەڵکرندی مین بۆ فەرماندە پێشلەرگەی بەرگری فریاکەوتن، چاودێرێکردنی جۆری، چاودێرێکردنی جۆری ناوەخۆ، ڕووپێری ناتەکنیکی، گەڕان بەناو

بنیایەکان، دۆزینەوەی و لاناوبردنی بۆمبی چێندراو، چالاکییە مەیدانییەکان، لێکۆڵینەوە لە رووداوەکان، فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی.

| ڕاهێنان و خول لە 2022 تا نیسانی 2023 | |
|---|---|
| ژمارەی سوودمەندان لە ساڵی 2022 | 97 |
| ژمارەی سوودمەندان تا نیسانی 2023 | 56 |
| کۆی گشتی | 153 |

Table – 40 ژمارەی سوودمەندان لە خول و ڕاهێنان

<u>هۆشیارکردنەوە لەبارەی گرتنەبەری ڕێکاری پاراستن لە پاشماوەکانی جەنگ:</u>

| هۆشیارکردنەوە | | |
|---|---|---|
| بابەت | سوودمەندان | جۆرەکان |
| هۆشیارکردنەوە لە پارێزگای (هەولێر، دهۆک، سلێمانی، گەرمیان) | 15.975 | |
| هۆشیارکردنەوە لە پارێزگاکان لە ڕێگەی پۆستەر، نامیلکە، چیرۆکی وێنەدار، گۆڤار، دەفتەری قوتابخانە | | 21.84 |
| هۆشیارکردنەوە لە لایەن ڕێکخراوەکان MAG,SOS,SHO | 72.899 | |
| هۆشیارکردنەوە لایەن ڕێکخراوەکان لە ڕێگەی پۆستەر، نامیلکە، چیرۆکی وێنەدار، لفلێت، گۆڤار، دەفتەری قوتابخانە | | 169.295 |
| هۆشیارکردنەوەی گروپە شاخەوانییەکانی سەر بە فیدراسیۆنی شاخەوانی کوردستان | 33 | |
| بەرهەمهێنانی کورتە ڤیدیۆ و ئەنیمەیشنی تایبەت بە هۆشیارکردنەوە لە مین و تەقەمەنی | 20 | |
| خولێکی قوتابخانەی هاوینە بۆ قوتابیان | 100 | |
| لەسەر بودجەی ڕێکخراوی UNMAS | | دەفتەری قوتابی، (١٠٠٠) (٢٠٠٠) پۆستەری ڕێنمایی، (٢٠٠٠) لیفلێت، دابین کرا (١١٤٠) یاری زار و مار |
| هۆشیارکردنەوەی ڕۆژنامەنووس و راگەیاندکار | 7 | |
| بڵاوکردنەوەی پەیامێکی هۆشیارکردنەوە | 2391741 | لە ڕێگای نامە لە تۆری پەیوەندیکردنی کۆرەک و زین |
| وەزارەتی پەروەردە ڕێبەری ژینگەیی چاپ کردووە | 10,000 | مامۆستا |

Table – 41 هۆشیارکردنەوە لەبارەی گرتنەبەری ڕێکاری پاراستن لە پاشماوەکانی جەنگ

ئەنجامدانی خول و ڕاهێنان:

| خول و ڕاهێنان | |
|---|---|
| بابەت | سوودمەندان |
| ڕاهێنانی پێکردن و پێگەیاندنی چاودێری سەلامەتی لە گوندە مونرپێژکراوەکان | ٢٦ |
| وۆرکشۆپ بۆ کارمەندی هۆشیارکردنەوەی دەزگای مین لەسەر کارامەییەکانی پەیوەندیکردن و بەکارهێنانی زمانی جەستە | ٣٣ |

Table – 42 ژمارەی سوودمەندان لە خول و ڕاهێنان

دەستەی ژینگە (١٢) مەرجی هەیە بۆ پێدانی مۆڵەت گرنگترینیان مەرجی هەڵسەنگاندنی پرۆژەکەیە و کاریگەری پرۆژەکە لەسەر ژینگە:


| ژمارەی مۆڵەت کە دراون بە خاوەن پرۆژە پیشەسازییەکان | |
|---|---|
| پارێزگا | مۆڵەت |
| هەولێر | 2631 |
| سلێمانی | 1037 |
| دهۆک | 383 |
| کۆی گشتی | 4051 |

Table – 43 ژمارەی مۆڵەتدان بۆ پرۆژە پیشەسازییەکان

لە ڕووی تەندروستیەوە هەموو ئەو کاڵایانەی کە هۆکارن بە تووشبوون بە نەخۆشی شیرپەنجە بە ڕێژەی ٥% وێنەی لێ وەردەگیرێ بۆ وەزارەتی تەندروستی بە مەبەستی خەرجی تایبەت بە تووشبووانی نەخۆشی شیرەپەنجە بەدەر لە ڕەسمی گومرگی ئەم بڕە پارەش لە حیسابی تایبەت لە بانک دادەنرێت.


## بەشی حەڤدەیەم: مافەکانی ئافرەت

بۆ پاراستنی ئافرەتان لە توندوتیژی هێڵی گەرم و تیم مۆبایل دوو بەشن لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی خێزان و ئافرەت هەیە کە ئەرکی فریاکەوتنی خێرانە بۆ حاڵەتەکانی توندوتیژی و دەستدرێژی، لەم دوو بەشە سکاڵا لە هەواڵدەرەکانی دەوری ڕووداوەکە وەرناگرن، بەڵکو دەبێت دەستدرێژی لێکراو خۆی سکاڵا بکات.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 0 | 0 |
| جێبەجێنەکراو | 0 | 0 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 15 | 15 |
| | | |
| کۆی گشتی | 15 | |

Figure – 59 جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافەکانی ئافرەت




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| جێبەجێنەکراو | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 4 | 9 | 12 | 15 |

Figure – 60 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافەکانی ئافرەت

بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی:

| ژمارەی کەیسەکانی توندوتیژی  خێزانی تا مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ | | | | |
|---|---|---|---|---|
| نووسینگە | ژمارەی داوا | لەژێر لێکۆڵینەوە | داخراوە | ئیحالەی دادگا کراوە |
| منارە | 1477 | 744 | 450 | 283 |
| قەڵا | 1704 | 344 | _ | _ |

Table – 44 ژمارەی کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی لە دادگا

جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە ١٣٢٥ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی:

ئەنجوومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان پلانی دە ساڵەی (٢٠١٧-٢٠٢٧)ی داڕشتووە و لە ئێستادا لەگەڵ پەرلەمان هەماهەنگی دەکەن بۆ هەموارکردنەوەی یاسا بەرکارەکان. حکومەتی هەرێم پلانی کارکردنی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارنامەی (١٣٢٥)ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەبارەت بە ژنان و ئاشتی و ئاسایش ئامادەکردووە، کە لەسەر سێ کۆڵەگە ڕاوەستاوە: پاراستن، بەشداریکردن و پێشگرتن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆڵەگەی پاراستنی پێشخستووە وەک کۆمەکییەک بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە پەیوەندیدارەکان بە ڕزگاربووان. بۆ ئەم مەبەستە، بۆردێک پێکهاتووە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارنامەی (١٣٢٥) بە سەرۆکایەتی وەزیری ناوخۆ و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم، کۆمەڵگەی مەدەنی، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان. هەروەها لیژنەیەکی هەماهەنگیکار لە نێوان ئەنجوومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان لە حکوومەتی هەرێم و فەرمانگەی تواناسازی ئافرەتان لە ئەمینداریەتی گشتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی فیدراڵی و سەرۆکی ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان لە عێراق و یەمەن.

ڕێژەی ئافرەت لە ئەنجومەنی دادوەری:

- کۆی ژمارەی دادوەرەکانی سەر بە ئەنجومەنی دادوەری (٢٣٠)
- ژمارەی دادوەری رەگەزی نێر( ١٨٢)
- ژمارەی دادوەری رەگەزی مێ(٤٨)، لەو چل و هەشت دادوەری ئافرەتە:
- هەولێر (١٦)  ئافرەت
- سلێمانی (٢٣) ئافرەت
- دهۆک (٥)  ئافرەت

- گەرمیان (٤) ئافرەت
- ڕێژەی ئافرەتان لە داواکاری گشتی دهۆک (٩) ئافرەتن.

<u>بڵاوکردنەوەی کەلتووری جیاکاری نەکردن بە ژنان:</u>

سەبارەت بەم پرسە ئەنجوومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە لە هەماهەنگیدایە، لەلایەکی دیکەوە ساڵانە چالاکی (١٦) ڕۆژە و ٨ی مارس ئەنجامدەدات، هەروەها توێژینەوە و کۆڕی ڕێکخستووە سەبارەت بە نەهێشتنی ئەو نەریتانەی زیان بە مافەکانی ژنان دەگەیەنێت.

<u>دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون:</u>

سەبارەت بەو ئافرەتانەی لە ماڵەکانی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو و کێشەکانیان چارەسەر بووە، ڕەزامەندی درا لە لایەن بەڕێز جەنابی سەرۆکی وەزیران بۆ دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆیان.

<u>شەڵتەری ئافرەتان:</u>

هەموو ئەو ئافرەتانەی کە لە نێو ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراودا بە بەردەوامی لەڕێی توێژەرانی ماڵەکە و یەکە جیاوازەکانی ماڵ و ئەو ڕێکخراوانەی کە تایبەتمەندن بە کاری ژنان و ئافرەتان خولی شیاندنیان بۆ دەکرێتەوە لە بوارەکانی (بەرگدروو، کاری دەستی، ئارایشتگا ... هتد ) و ئامادە دەکرێن بۆ تێکەڵکردنەوە بە ژیانی ئاسایی کۆمەڵگا. بۆ هەموو کەیسێك پارێزەری خۆبەخش کار دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣ ماددەی(٤) خاڵی(٥) بۆ ماوەی شەش مانگ لە ڕێگەی لێژنەیەکی تایبەتمەندەوە چاودێری پاشینەیان بۆ دەکرێت دوای دەرچوونیان لە ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراو و هەوڵی دۆزینەوەی کاری گونجاو بۆ دەدرێت ، وە ژمارەیەك لەو سوودمەندانە لە ئێستادا وەکو چاودێر لە ماڵەکانی منداڵان کار دەکەن و هەندێکیان وەك ڕاهێنەری کاری دەستی وانە دەڵێنەوە لەناو ماڵەکە و هەندێکیان لە ڕێی ڕێکخراوە نا حکومیەکانەوە هەڵی کاریان بۆ ڕەخساوە.

| سوودمەندان لە شەڵتەرەکان | | | |
|---|---|---|---|
| شار | ئافرەت | منداڵ | کۆی گشتی |
| هەولێر | 38 | 5 | 43 |
| سلێمانی | 30 | 5 | 35 |
| دهۆک | 15 | 2 | 17 |
| گەرمیان | 0 | 0 | 0 |
| هەڵەبجە | 0 | 0 | 0 |
| کۆی گشتی | 83 | 12 | 95 |


Table – 45 ژمارەی سوودمەندان لە شەڵتەرەکان بە پێ ی پارێزگا

<u>ئامارەکانی دادگاکانی کەتن لە هەرێمی کوردستان:</u>

لە ساڵی ٢٠٢١دا (٥٨٥) داوا و لە ساڵی ٢٠٢٢دا ٣٧٤ داواکارییان لەسەر توندوتیژی وەرگرتووە. سەبارەت بە گشت دادگاکانیش، ٢٢٠٤ حاڵەتی توندوتیژی لە ساڵی ٢٠٢١ و ١٦٢٧ حاڵەت لە ساڵی ٢٠٢٢ تۆمارکراون، و لەو دوو ساڵەدا ١٠ حاڵەتی کوشتن تۆمارکراون.


## بەشی هەژدەیەم: مافی منداڵ

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لە ساڵی ٢٠٢٣ ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەر سیاسەتی پاراستنی مافەکانی منداڵ کە لە حەوت تەوەری سەرەکی پێکهاتووە و تایبەتە بە دیدگای حکومەتی هەرێم لە بواری منداڵان و سەرجەم سێکتەرەکان دەگرێتەوە لە بواری یاسایی و تەندروستی و پەروەردە. هەروەها وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لیژنەی دادگەری منداڵ لە هەرێمی کوردستان کارا کردەوە کە یەکێکە لەو لیژنانەی ڕۆڵی هەبووە لە چارەسەرکردنی چەندین گرفتی یاسایی منداڵان.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 5 | 5 |
| جێبەجێنەکراو | 6 | 4 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 2 |
| | | |
| کۆی گشتی | 11 | |

Figure – 61 جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافەکانی منداڵ




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 5 | 5 | 5 | 5 | 5 | 5 | 5 |
| جێبەجێنەکراو | 6 | 6 | 6 | 6 | 5 | 4 | 4 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 2 | 2 |

Figure – 62 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافەکانی منداڵ

خانەی منداڵان:

دابینکردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ ئەو منداڵانەی لە خانەکانن و تەمەنیان دەگاتە سەرو هەژدە ساڵ لە خانەکان نامێنن، وە بۆ ئەو ژنانەی لەماڵەکانی داڵدەدانی ئافرەتانی هەرەشە لێکراون پاش چارەسەری کێشەکانیان کەسوکاریان وەریان ناگرنەوە. لیژنەی چاودێری لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی وەکو چاودێر کاری خۆی دەکات بەسەر ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان خوار (١٥) ساڵە و کار دەکەن.

سوودمەندانی چاودێری کۆمەڵایەتی لە خانەکان لە تەمەنی ٥ تا ١٥ ساڵ، خانەی، خانەی بەساڵاچوان و پەککەوتە:

| سوودمەندان لە خانەکان | |
|---|---|
| شار | سوودمەند |
| هەولێر | 113 |
| سلێمانی | 115 |
| دهۆک | 204 |
| گەرمیان | 21 |
| کۆی گشتی | 453 |

Table – 46 ژمارەی سوودمەندان لە خانەکان بە پێ ی شارەکان

سوودمەندانی چاودێری کۆمەڵایەتی لە داینگەکانی هەرێمی کوردستان:

| سوودمەندان لە داینگەکان | |
|---|---|
| شار | سوودمەند |
| هەولێر | 2735 |
| سلێمانی | 2976 |
| دهۆک | 432 |
| رانیە | 52 |
| زاخۆ | 54 |
| هەڵەبجە | 33 |
| گەرمیان | 178 |
| کۆی گشتی | 6460 |

Table – 47 ژمارەی سوودمەندان لە داینگەکان بە پێی شارەکان

پاراستنی مافی منداڵان:

- پرۆژەی دادپەروەریی منداڵان کۆتایی پێهاتووە و ئێستا لە قۆناغی کۆتاییدایە.
- بەپێی یاسای باری کەسێتی ئەو باوکانەی کە لە خێزانەکانیان جیا بوونەتەوە مافی بینینی منداڵەکانیان هەیە، پێشتر کە لە مانگێکدا دوو جار باوك یان دایك دەیانتوانی منداڵەکانیان ببینن، ئێستا لە هەفتەیەك بۆیان هەیە (٢٤) کاتژمێر بیانبینن. جگە لەمە ئەگەر هەر لایەك رێگر بوو بەرانبەر ئەوی تر لە بینینی منداڵەکە و کەسێك خۆی بەستەم لێکراو زانی، دەتوانێت سکاڵا بکات بۆ گەڕاندنەوەی منداڵەکە بۆ لای خۆی.
- پێشنیاری ئەو کراوە کە شوێنێکی شیاو بۆ ئەنجامدانی ئەو چاوپێکەوتنە دابین بکرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.

نەهێشتنی چەکدار کردنی منداڵان:

سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی چەکدارکردنی منداڵ و بەشداری نەکردنی لە ململانێی چەکداری، بەپێی یاسای (٣٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای راژە و خانەنشینی پێشمەرگە لە مادده (٨) یاساکەدا جەخت کراوە کە ئەو کەسەی لە ریزی پێشمەرگە وەردەگیرێت نابێ تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر بێت.

چاودێری تەندروستی منداڵان:

وەزارەتی تەندروستی خزمەتگوزاری خۆی پێشکەش دەکات بە منداڵان لەکاتی لەدایکبوون لە نەخۆشخانەکان و پێدانی ڤاکسینە پێویستەکان، هەروەها چاودێری کردنی گەشەی منداڵان لە رێگەی چاودێرییان لە بنکەکانی تەندروستی ئەمە جگە لە چاودێری ڕەوشی خواردنیان کە دەبێت تەندروست بێت.

بەرنامەی چاودێری تەندروستی منداڵ:

بەرنامەی رێکخستنی خێزان بەرنامەیەکە بۆ ئافرەتان دوای منداڵ بوون پیشکەش دەکرێت بەمەبەستی دوورخستنەوەی نێوان دووگیانی بۆ پاراستنی تەندروستی دایك و منداڵ و کەمکردنەوەی مردنی دایکان و ئەو منداڵانەی کێشیان کەمە.

دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ ئافرەتان:

سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم ڕەزامەندی داوە لە سەر پێدانی ژمارەیەک لەو (٢٠) هەزار یەکەی نیشتەجێبوونانەی کە بۆ کەسانی هەژار و کەمدەرامەت تەرخان دەکرێن بۆ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی. ئەو یەکە نیشتەجێبوونانە بۆ دوو حاڵەت بەکار دەهێنن کە یەکەمیان بۆ ئەو منداڵانەی کە ١٨ ساڵ تەواو دەکەن، پێیان دەدرێت تا دەگەنە تەمەنی ٢٤ ساڵ و دەبنە خاوەنی خێزان و پیشەی خۆیان و ژیانێک بۆ خۆیان دروست دەکەن. لەلایەکی دیکەوە بەشێکی دیکەی ئەو یەکە نیشتەجێبووانە دەدرێت بەو ئافرەتانەی کەیسەکانیان لە شەڵتەرەکان یەکلابۆتەوە بەڵام کەسوکاریان ئامادە نین وەریان بگرنەوە.

هۆشیارکردنەوە:

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان  بە فەرمانی کارگێری ژمارە ٥٤٦ لە ٢٠٢٠/٦/٢٢ بڕیارێکی ئاڕاستەی سەرجەم تەلەفزیۆنەکان کرد کە پێویستە پێوەی پابەندبن وبریتییە لەمانە: بە هیچ جۆرێک لە کاتی پەخشی بەرنامەی خێرخوازییەکاندا نابێت ڕوخساری منداڵ دەرکەوێت تەنانەت ئەگەر باوانیشی ڕەزامەندیان پیشان دا.

هاوکات وەزارەتی ڕۆشنبیری چەند ئاگادارییەکی بڵاوکردووتەوە لەوانە:

- وەستاندنی ڕومالکردنی سواڵکردنی منداڵ لەبەر ڕەچاوکردنی مافی منداڵ و کەرامەتی خێزانەکانیان بەپێی ڕێککەوتننامەی مافی منداڵ ساڵی ١٩٨٩ و پرەنسیپەکانی ڕێکخراوی یونیسێف.
- بڵاونەکردنەوەی ئەو منداڵە دۆزراو یا خود فڕێ دراو لە سەرجەم کەناڵە ناوخۆییەکان، چونکە پێچەوانەی یاسای چاودێری نەوجەوانانە و ڕێگا نادرێت بە بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە هەواڵانە.

منداڵە وونبووەکان:

وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە هەماهەنگی ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لیستێکی ئامادە کردووە بە ناوی (لیستی منداڵە وونبوەکانی هەڵەبجە کە زیاترن لە ١٠٠ منداڵی وونبوو) کە بریتییە لەو منداڵانەی کە لە ئاکامی جینۆسایدی کیمیابارانی هەڵەبجەدا وون بوون لە وڵاتی ئێران.

چاودێری دەروونی بۆ قوربانییەکانی توندوتیژی سێکسی:

پێنج سەنتەری تایبەت بە هاوکاری ڕێکخراوی یونسێف بەردەستکراوە لە هەولێر و دهۆك و سۆران بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ توشبوانی توندوتیژی و قۆستنەوەی سێکسی ئافرەتان و منداڵان کە تیایدا پزیشك و توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی کاردەکەن. لەم سەنتەرانە خزمەتگوزاری پزیشکی و دەروونی پێشکەش دەکرێت وە لە حاڵەتی پێویست ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێت.

ڕێژەی مردنی منداڵ بۆ ١٠٠٠ لەدایکبوو لە ساڵانی ٢٠١٩، ٢٠٢١، ٢٠٢٢ کە بەرەو کەمبوونەوە دەروات بە هۆی چاودێری لە لایەن وەزارەتی تەندروستیەوە:

| تێکڕای مردنی منداڵانی ٢٠٢٢ بەراورد بە ساڵانی پێشوو | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی مردنی منداڵ بۆ 1000 لەدایکبوو | 2019 | 2021 | 2022 | ڕێژەی جیهانی |
| کۆرپەی تازە لە دایکبوو کەمتر لە ١ مانگ | 10 | 6.7 | 5.84 | 18 |
| کۆرپەی تازە لە دایکبوو کەمتر لە ١ ساڵ | 13 | 10.4 | 8.73 | 29 |
| کەمتر لە ٥ ساڵ | 15 | 14 | 10.22 | 39 |


Table – 48 ژمارەی تێکڕای مردنی منداڵان بە پێ ی ساڵەکان

بەشی نۆزدەیەم: کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی سیستەمی داتابەیسی بەکارخست کە سەرجەم زانیاریەکانی پێویست تایبەت بە کەمئەندامان لە خۆ دەگرێت کە هەر کەمئەندامێک دەکاتە خاوەن ناسنامەی زیرەک.


بە درێژایی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەردەوامە لە پێکهێنانی سەنتەرەکانی ئۆتیزم بۆ وەرگرتنی چارەسەر و ڕاهێنانی منداڵانی تووشبووی ئۆتیزم و دابینکردنی خزەتگوزاری پزیشکی بێ بەرامبەر.

لەسەر ئاستی خزمەتگوزاری وەزارەتی ناوبراو کاری کردووە لەسەر پەسەندکردنی ڕێنمایی (شەبەنگی ئۆتیزم) پاش هەمووارکردنی هەروەها ڕەشنووسی پەیڕەوی سندوقی ڕاهێنان و شیاندنی کەمئەندامان بەرزکراوەتەوە ئەنجومەنی وەزیران بە پێ ی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەی پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢) ساڵی ٢٠١١ هەمووارکراو بە یاسای ژمارە (٨) ساڵی ٢٠٢١.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 7 | 7 |
| جێبەجێنەکراو | 7 | 6 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 1 |
| | | |
| کۆی گشتی | 14 | |

Figure – 63 جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافەکانی کەسانی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 7 | 7 | 7 | 7 | 7 | 7 | 7 |
| جێبەجێنەکراو | 7 | 7 | 7 | 7 | 7 | 6 | 6 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 1 |

Figure – 64 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافەکانی کەسانی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت

<u>لە ڕووی یاسا و ڕێنمایی:</u>

- پەسەندکردنی ڕێنمایی (شەبەنگی ئۆتیزم) دوای هەمواركردن.
- بەرزکردنەوەی ڕەشنووسی پەیڕەوی سندوقی ڕاهێنان و شیاندنی کەمئەندامان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەت ژمارە ٢٢ ساڵی ٢٠١١ هەموارکراو بەیاسای ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠٢١ و ڕەوانەکردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

ژمارەی کەمئەندامان کە تۆمار کراون لە لایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی تا ساڵی ٢٠١٤ و بە بەردەوامی شایستە داراییەکان وەردەگرن:

| ژمارەی کەمئەندامان تا ساڵی ٢٠١٤ تۆمارکراون | |
|---|---|
| کۆی گشتی ژمارەی کەمئەندامانی ئاسایی | 71,303 |
| کۆی گشتی ژمارەی کەمئەندامانی فەرمانبەر | 5,762 |
| کۆی گشتی ژمارەی کەمئەندامان | 77, 065 |

Table – 49 ئاماری ژمارەی کەمئەندامان ٢٠١٤

بەهۆی قەیرانی دارایی دوای ساڵی ٢٠١٤ تۆمارکردنی کەمئەندامان ڕاگیرابوو، بەڵام لە ئیستادا دەستکراوە بە دووبارە تۆمارکردنیان لە لایەن لێژنەی تایبەت لە وەزارەتی کار و کاروباری.

ئاماری کەمئەندامانی نوێ تا ١ حوزەیرانی ٢٠٢٣:

| ژمارەی کەمئەندامانی نوێ لە هەرێمی کوردستان کە تا ١ حوزەیرانی ٢٠٢٣ تۆمار کراون | |
|---|---|
| شار | کۆی گشتی |
| هەولێر | 7, 130 |
| سلێمانی | 5,489 |
| دهۆک | 5, 180 |
| هەڵەبجە | 310 |
| گەرمیان | 1,435 |
| کۆی گشتی | 19, 547 |

Table – 50 ئاماری ژمارەی نوێ کەمئەندامان ٢٠٢٣

| ژمارەی نوی کەمئەندام کە لە قۆناغی تۆمارکردنن لە هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، گەرمیان ٢٠٢٣ | |
|---|---|
| کۆی گشتی تۆمارکراو | 19,547 |
| کۆی گشتی کە لە لایەن لێژنەی تایبەتمەند هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە | 13,667 |
| کۆی گشتی کە لە لایەن لێژنەی تایبەتمەند هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوە لە پرۆسە دایە | 5,880 |

Table – 51 قۆناغەکانی تۆمارکردنی نوێ کەمئەندامان

| ژمارەی نەخۆشی کەمئەندام لە هەرێمی کوردستان | | | |
|---|---|---|---|
| جۆری نەخۆشی کەمئەندامان | کۆی گشتی | جۆری نەخۆشی کەمئەندامان | کۆی گشتی |
| نابینایان | 10771 | ئۆتیزم | 399 |
| ئیفلیجی مێشک | 1710 | تالاسیما | 1549 |
| شلل | 3825 | هیمۆفیلیا | 221 |
| شلل دماغ | 6632 | بیرکۆڵ | 10875 |
| نابیستان | 3534 | شیزۆفرینیا | 3490 |
| لاڵ | 4 | داون | 2409 |
| کورتە باڵا | 982 | نابیستان (کەر و لاڵ) | 2997 |
| کەمئەندامی جەستەیی | 27262 | فیزیایی بێ مووچە | 0 |
| دەروونی | 38 | فیزیایی بە مووچە | 312 |
| کەمئەندامی بێ قاچ | 0 | نەخۆشی شەکرە | 93 |

Table – 52 ژمارەی و جۆری نەخۆشی کەمئەندامان لە هەرێمی کوردستان

سوودمەندانی چاودێری کۆمەڵایەتی لەپەیمانگا و سەنتەرەکانی هەرێمی کوردستان:

| سودمەندانی چاودێری کۆمەڵایەتی لە پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان | |
|---|---|
| شار | کۆی گشتی |
| هەولێر | 0 |
| سلێمانی | 179 |
| دهۆک | 63 |
| هەڵەبجە | 0 |
| گەرمیان | 69 |
| کۆی گشتی | 311 |

Table – 53 ژمارەی سوودمەندانی چاودێری کۆمەڵایەتی لە پەیمانگاکان

| سودمەندانی چاودێری کۆمەڵایەتی لە سەنتەرەکانی هەرێمی کوردستان | |
|---|---|
| شار | کۆی گشتی |
| هەولێر | 734 |
| سلێمانی | 1326 |
| دهۆک | 2367 |
| هەڵەبجە | 550 |
| رانیە | 0 |
| گەرمیان | 927 |
| کۆی گشتی | 5904 |

Table – 54 ژمارەی سوودمەندانی چاودێری کۆمەڵایەتی لە سەنتەرەکان

<u>تۆمارکردنی سەرجەم کەسانی کەمئەندام بۆ ئەوەی سوودمەندبن لە پرۆگرامەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی:</u>

زامنکردنی تۆمارکردنی سەرجەم کەسانی کەم ئەندام بۆ ئەوەی بتوانن سوود لە پرۆگرامەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی وەربگرن، دواتر ئامادەکردنی راپۆرتەکان لەبارەی دووبارە پشکنینەوەی کەمئەندامان و دەستنیشانکردنیان و بڕی (١٥٠،٠٠٠) دیناریش تەرخانکرا وەك مووچەی کەمئەندامی. هەروەها بۆ چاودێریکردینان مۆڵەت بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتی بەخشرا ، سەرباری ئەو مووچەیەی کە وەریدەگرن.

<u>زیادکردنی پشکی تەرخانکراو بۆ کەسانی کەمئەندام لە وەزیفەکانی کەرتی گشتیدا:</u>

لە کەرتی حکومی نزیکەی (١٣،٢٤٩) کەمئەندام فەرمانبەرن، بەڵام لە کەرتی تایبەت پێویستە رێنماییەکی تایبەت دەربکرێت بۆ دامەزراندنیان و رێژەی تەرخان کراو لە بودجە مەبەستی دابینکردنی هەلی کار بۆیان.

<u>دەستەبەرکردنی خوێندنی بە خۆڕایی بۆ سەرجەم کەمئەندامەکان لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن:</u>

- وەزارەتی پەروەردە: کۆی گشتی ژمارەی قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە قۆناغی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان (١٠٤٦٦) کە (٥٨٢٨) نێرن و (٤٦٣٨)مێن، هەروەها (٨٤) مامۆستای پەروەردەی تایبەت هەیە کە دابەشکراون بەسەر قوتابخانەکان بۆ ئەوەی بتوانن مامەڵە لەگەڵ قوتابی خاوەن پێداویستی تایبەت بکەن.

- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی: لە تەمموزی 2023 بڕیاریدا کورسی خوێندن بۆ کەمئەندامان تەرخان بکرێت لە دەرەوەی پلان بە مەرجێک کە ڕێژەی کەمئەندامی لە (٧٠%) کەمتر نەبێت دوای پشت ڕاستکردنەوەی لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.

خزمەتگوزارییەکان بۆ تووشبووانی ئۆتیزم:

بە درێژایی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەردەوامە لە پێکهێنانی سەنتەرەکانی ئۆتیزم بۆ وەرگرتنی چارەسەر و ڕاهێنانی منداڵانی تووشبووی ئۆتیزم بەو شێوەی خوارەوە :

- نۆژەنکردنەوەی سەنتەری ئۆتیزم لە هەولێر.
- بە هاوکاری یەکێتی ئەوروپا و وەزارەتی پلاندانان هەوڵدان بۆ درووستکردنی نەخۆشخانەی ئۆتیزم لە دەڤەری شارەزوور.
- کردنەوەی سەنتەری ئۆتیزمی هیمەت لەشاری دەربەندیخان بۆ ڕاهێنانی منداڵانی ئۆتیزم.
- کردنەوەی سەنتەری ئۆتیزم لەشاری کۆیە.
- کردنەوەی سەنتەری ئۆتیزم لەحاجیاوە کە پێداویستیەکی گرنگبوو بۆ دانیشوانی ناوچەکە و کەم کردنەوەی بارگرانی ئەو خێزانانەی کە منداڵی توش بوی ئۆتیزمیان هەیە.
- کردنەوەی سەنتەری ئۆتیزم و شیاندنی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت لە شاری هەڵەبجە.
- دەرکردنی بڕیارێك بە دابینکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی بێ بەرامبەر بۆ تووشبوانی ئۆتیزم لە نەخۆشخانە حکومیەکان بە هەماهەنگی هەردوو وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی تەندروستی .
- لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران وەرگیرا لەسەر کەمکردنەوەی دەوامی مامۆستایان و فەرمانبەرانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە وەزارەتی پەروەردە بۆ ماوەی (١) یەک کاتژمێر .
- بەکارخستنی سیستمی داتابیس بۆ زانیاری کەمئەندامانی سوودمەند لە حکومەت، کەسەرجەم زانیاریە پێویستەکان لەخۆ دەگرێت، و هەموو کەمئەندامێکی سودمەند دەکاتە خاوەنی ناسنامەی زیرەك .
- وەزارەتی دارایی ڕێنمایی تایبەتی دەرکرد بە ڕێژەی کەمئەندامی بە مەبەستی دیاریکردنی بڕی دەرماڵەی (٥٠%) لە مووچەی بنەڕەتی کەمئەندامی فەرمانبەر بە بڕی (100.000) سەد هەزار دینار.
- ڕاسپاردنی فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ پێشکەشکردنی ئاسانکاری تەکنیکی لە چوارچێوەی پرۆگرامی تۆماری بایۆمەتری مووچەخۆران بۆ ئەم توێژە بۆ کۆکردنەوەی ئامار و داتای پەیوەست بە کەسانی کەمئەندام. هەروەها پێویستە پشکی تەرخانکراو بۆ کەسانی کەمئەندام لە وەزیفەکانی کەرتی گشتیدا زیاد بکرێت.

فەراهەم کردنی زمانی ئاماژە:

وەزارەتی کار لە پارێزگای هەولێر پرۆژەیەکی تایبەت بۆ فێربوونی زمانی ئاماژە بۆ نابیستان ئەنجام دەدات بودجەکە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا تەرخان کراوە کە بە چەند قۆناغێکدا دەڕوات، کە یەکەم قۆناغ پێگەیاندنی (٢٠) وەرگێڕی زمانی ئاماژەیە بۆ نابیستان بۆ(١٤) هەفتە، هەفتانە (٤) ڕۆژ وانە دەخوێنن تا بتوانن هاوکاری نابیستان بن لە ڕاییکردنی مامەڵە حکومییەکان.

تۆمارکردنی وانەکانی فێربوونی زمانی ئاماژە بۆ یەکەم جار لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و بڵاوکردنەوەی لە ماڵپەرەکانی وەزارەتەکە و ڕێکخراوەکە و سۆشیال میدیا تا زۆرترین کەس بتوانن سودی لێببینن. هەوڵدان بۆ بڕوا پێهێنانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن تا لایەنیکەم هەواڵە سەرەکییەکان یاخود بەرنامە پڕبینەرەکانیان لەگەڵ هەبوونی وەرگێڕی زمانی ئاماژە پەخش بکەن تا نابیستان لە هەواڵ و زانیارییە گرنگەکان بێبەش نەبن.

ژمارەی کەمئەندامی بێ مووچە و کەمئەندامی هەژار و ڕەوانەکردنیان بۆ لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند:

| جۆری کەمئەندام | کەس | بڕی شایستە بۆ هەر یەک کەس | کۆی شایستەی گشتی |
|---|---|---|---|
| ژمارەی کەمئەندامانی بێ مووچە | 67390 | 150,000 | 10108500000 |
| ژمارەی کەمئەندامانی هەژاری | 6583 | 100,000 | 658300000 |
| | | | 10766800000 |

Table – 55 ژمارەی کەمئەندامی بێ مووچە و کەمئەندامی هەژار

ئاماری قوتابیانی کەم ئەندام لە قۆناغی بنەڕەتی:

| قوتابی کەمئەندام لە قۆناغی بنەڕەتی | 10466 |
|---|---|
| نێر | 5828 |
| مێ | 4,638 |
| مامۆستا | 84 |

Table – 56 ژمارەی قوتابیانی کەمئەندام

خەرج کردنی مووچە و دەرماڵە و بەخشین(منحە) تایبەت بە کەمئەندامان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/١ تاکو ٢٠٢٣/٦/١

- بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٣) لە ٢٠٢٢/١/٢٥ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری مانگانە بڕی (١٥٠،٠٠٠) دینار خەرج دەکرێت وەك بەخشین (منحە) بۆ ئەو کەمئەندامانەی کە هیچ مووچەیەکیان نییە واتا فەرمانبەر نین ، و بڕی (١٠٠،٠٠٠) دینار خەرج دەکرێت وەك بەخشین (منحە) بۆ ئەو کەمئەندامانەی کە مووچەیان هەیە. کۆی گشتی مانگانە بڕی یازدە ملیار و سەد وحەفتاوحەوت ملیۆن و هەشت سەدو پەنجا هەزار دینار خەرج دەکرێت.
- مووچەی خانەنشینی کۆدەکرێتەوە لەگەڵ ڕێژەی کەمئەندامی بۆ ئەم خانەنشینانەی کە کەمئەندامن لە کاتی ئێستا بڕی (١٠٠,٠٠٠) بۆ ئەو خانەنشینانە خەرج دەکرێت وەکو ڕێژەی پەککەوتن.

پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بۆ منداڵانی کەمئەندام:

- سەرەرای ئەمەش وەزارەتی ناوبراو پرۆژەی (سیتی پاس)ی دیزایین کردووە کە لە داهاتوودا لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە گرنگییەکی تەواو بە دابینکردنی کورسی و ئاسانکارییەکان بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەم ئەندامان دەدرێت.
- سەبارەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ نەخۆشانی ئۆتیزم، بە فەرمانی وەزاری ژمارە (١٢) لە (٢٠٢٢/٢/٣) لە ئێستادا هەموو ئاسانکارییەک دەکرێت بۆ ڕاییکردنی مامەڵەکانی نەخۆشانی ئۆتیزم و خانەوادەکانیان لە فرۆکەخانەکان بە مەبەستی گەشت کردنیان، و لە ماوەیەکی کورتدا شوێنی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ نەخۆشانی ئۆتیزم تەرخان دەکرێت لە فرۆکەخانەکاندا.
- بەخشینی ڕەسمی گومرگی و هێنانی ئۆتۆمبێل بۆ کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت، هەروەها ئەم ئۆتۆمبێلانە کڕین و فرۆشتنیان پێ نەکرێت. هەروەها بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ\وەزارەتی دارایی و ئابووری زیاتر لە (١٠) فەرمانبەری کەمئەندامی هەیە.


دەستەبەرکردنی هێڵی پەیوەندی ڕاستەوخۆ:

بۆ ڕاگەیاندنی حاڵەتەکانی توندوتیژی خێزانی بۆ سەرجەم کەسانی کەمئەندام، لەکاتی داواکردنی هەر داواکارییەک لەلایەن وەزارەت یاخود هەر دەستەیەک بە مەبەستی دابینکردنی ژمارەی کورتکراوە (Short Code)، ئەوا وەزارەتی گواستنەوە داواکارییەکە ئاڕاستەی کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن و گەیاندنی عێراقی (CMC)ی دەکات بە مەبەستی

دابینکردنی ئەو ژمارە کورتکراوە، بۆ دابینکردنی ژمارەی کورتکراوە تایبەت بە کەسانی کەم ئەندام، دەبێت نووسراوێک ئاڕاستەی وەزارەتی گواستنەوە بکات بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست.

بەشی بیستەم: مافەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پابەندبوونی بە بنەما نێودەوڵەتییەکان و پرینسیپ و بەهاکانی مافی مرۆڤ بەردەوام پەناگەی ئارام بووە بۆ خەڵکی لێقەوماو و دەرگای کراوەبووە بە رووی ئاوارە وپەنابەراندا بە هەموو پێکهاتە ئایینی، مەزهەبی و نەتەوەییەکان لە عێراق و وڵاتانی دراوسێ.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 4 | 4 |
| جێبەجێنەکراو | 1 | 0 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 1 |
| | | |
| کۆی گشتی | 5 | |

Figure – 65 جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 4 | 4 | 4 | 4 | 4 | 4 | 4 |
| جێبەجێنەکراو | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 0 | 0 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 1 |

Figure – 66 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان

ژمارەی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان:

لە ئێستادا هەرێمی کوردستان (٩٢٦,٩٩٢) ئاوارەو پەنابەری لەخۆگرتووە، لەو ژمارەیە (٦٦٣,٧٧٥ ئاوارەی ناوخۆن) و (٢٤٥،٦٨٨) پەنابەری سووری و (٧,٨٢١) پەنابەری تورکی و (٨,١٦٨) و پەنابەری ئێرانی و (٦١٨) پەنابەری فەڵەستینی، هەروەها (٨٨١) کەس لە پەنابەری جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت. زۆربەی ئاوارە و پەنابەرەکان لە هەرێم لەگەڵ کۆمەڵگەی خانەخوێ دەژین. لە کاتێک دا تەنها (٣٠٪) لەوانە لە ناو کەمپەکان دەژین کە ژمارەیان (٣٦) کەمپە، هەروەها (٧٠٪) لە دەرەوەی کەمپەکان دەژین. (٤١٪) ئاوارە و پەنابەران لە پارێزگای هەولێر دەژین، (٤٠٪) لە پارێزگای دهۆک، وە (١٩٪) لە پارێزگای سلێمانی.

کۆی گشتی ئاوارە کوردستانیە گەڕاوەکان ٣٠،٧٨٤ کەسن ئاوارە گەراوەکان ئەو کوردستانیانەن کە دوایی ڕێککەوتنامەی شومی جەزائیر و لە پاش شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ لە ئەنجامی پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانی بادینان و هەڵەبجەو بالیسان و گەرمیان پەنابەری وڵاتانی ئێران و تورکیا و سوریا و ئەوروپا بوونە. دوای ڕاپەڕینی (٥)ی ئاداریی ساڵی ١٩٩١ گەڕاونەتەوە هەرێم کوردستان وە پرۆسەی گەڕانەوەیان بەردەوامە.

ژمارەی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان ٢٠٢٢ :

| ژمارەی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٢ | |
|---|---|
| کۆی گشتی ئاوارەکان لە هەرێم | 6,652,914 |
| ئاوارەکانی ناو کەمپەکان | 1,579,941 |
| ئاوارە گەڕاوەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان | 8,091 |
| ئەوە ئاوارە نوێیانەی دووبارە هاتوونەتە کەمپەکان | 5,632 |

Table – 57 ژمارەی ئاوارەکان ٢٠٢٢

ژمارەی ئاوارە و پەنابەران لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان:

| ژمارەی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان تا ڕێکەوتی تەمموزی ٢٠٢٣ | | | |
|---|---|---|---|
| ژ | ناوی کەمپ | خێزان | تاکە کەس |
| 1 | بیرسف ١ | 902 | 4554 |
| 2 | بیرسف ١ | 1348 | 6552 |
| 3 | بارکار | 559 | 2906 |
| 4 | چامشخۆ | 4227 | 20503 |
| 5 | کەبارتۆ١ | 2373 | 11903 |
| 6 | کەبارتۆ٢ | 2400 | 11801 |
| 7 | باجد کاندالا ١+٢ | 1741 | 8523 |
| 8 | خانکێ | 2730 | 14124 |
| 9 | ڕەوانگە | 2363 | 12064 |
| 10 | شاریا | 2480 | 12883 |
| 11 | مامليان | 173 | 860 |
| 12 | داوديە | 432 | 2152 |
| 13 | ئیسیان | 2427 | 12292 |
| 14 | مامرەشان | 1565 | 7589 |
| 15 | شێخان | 671 | 3306 |
| کۆی گشتی | | 26,393 | 132,012 |

Table – 58 ژمارەی ئاوارەکان ٢٠٢٣

| ژمارەی پەنابەران لە هەرێمی کوردستان تا ڕێکەوتی تەمموزی ٢٠٢٣ | | | |
|---|---|---|---|
| ژ | ناوی کەمپ | خێزان | تاکە کەس |
| 1 | دۆمیز١ | 6130 | 29199 |
| 2 | دۆمیز٢ | 2086 | 10088 |
| 3 | گاویلان | 2035 | 9657 |
| 4 | بەردەرەش | 733 | 3317 |
| 5 | ئاکرێ | 226 | 964 |
| | کۆی گشتی | 11,210 | 53,225 |

Table – 59 ژمارەی پەنابەران ٢٠٢٣

پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بۆ کەمپەکان:

- لە بارەی خزمەتگوزارییەوە نزیکەی (٨٠%)ی ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەش بە ئاوارە و پەنابەران کراوە لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابینکراوە هەروەها ڕێکخراوە ناوخۆییەکان بەردەوامن لە پێشکەشکردنی هاوکاری بەم شێوەیە:
- لەکۆی (٩٦٥) کارمەندی دەزگای خێرخوازی بارزانی (١١٩) کارمەندی پەنابەر و (١٧٠) کارمەندی ئاوارە لە دەزگاکەدا کار دەکەن.
- دەزگای خێرخوازی بارزانی ئیدارەی (٣٠) کەمپ دەکات و (٦٧٢٩٤١) کەس لە خزمەتگوزارییەکانیان سوودمەند دەبن.
- کەمپی حەسەن شام کە نزیکەی (٣٠.٠٠٠) ئاوارەی تێدا نیشتەجێیە لە گەرمترین کاتەکانی هاویندا تەنها چوار سەعات کارەبای هەبووە کە لەلایەن دەزگای خێرخوازی بارزانی بە هاوکاری ڕێکخراوەکان بۆیان دابینکرابوو.
- لە ڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کارەبا:
- کاتی هاتنی بە لێشاوی ئاوارەکان بۆ هەرێمی کوردستان لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ ەوە هەرێم لە دۆخێکی خراپدابوو لە ڕووی خزمەتگوزاری کارەبادا.
- دابینکردنی کارەبا کاتی پێویستە و کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە دانانی تۆڕی کارەبا هەیە کە ئەمەش گوژمە و تێچویەکی زۆری دارایی پێویستە.
- بڕی ١٠٠ مێگاوات کارەبا لە ساڵی ٢٠١٤ ەوە بۆ کەمپی ئاوارەکان دابینکرا کە بەبەراورد بەو قەیرانانەی کە ڕویان لە هەرێم کرد بڕێکی باشبوو.
- لە ساڵی ٢٠١٤ تاکو ٢٠٢٢ بڕی کرێی پسولەی کارەبا کە بۆ ئاوارەکان سەرفکراوە نزیکەی ٨ ملیۆن دۆلارە و خەرجییەکەشی دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی هەرێم.

کوردانی ئێزیدی ئاوارە بوو:

- تا ئێستا ٣٥ کەمپی ئاوارە و پەنابەران بوونیان هەیە، کە ١٠ لەوانە کەمپی پەنابەرانن و ٢٥ کەمپیش تایبەتە بە ئاوارەکان، لەوانەش ١٤ کەمپ تایبەتە بە ئاوارەکانی کوردانی ئێزیدی.
- لە ساڵی ٢٠١٤ زیاتر لە (٤٦٠.٠٠٠) ئێزیدی ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، تا ساڵی 2016 نزیکەی سەد هەزار کەس کۆچیان کرد بۆ دەرەوەی وڵات، ئێستا ژمارەی ئەوانەی کە کۆچیان کردووە گەیشتۆتە سەد و شەست هەزار کەس. بە گشتی ڕێژەی کۆچکردنی ئێزیدییەکان تاکو ساڵی ٢٠٢٣ دەگاتە (٢٠٠.٠٠٠) کەس واتە نزیکەی(٥٠%)ی ئێزیدییەکان، ئەمەش مەترسی گۆڕینی دیمۆگرافی ناوچەکانیان لێدەکەوێتەوە.
- ڕێژەی ٥٠% ی ئاوارەکان لەبەر هۆکاری ئەمنی ناگەڕێنەوە زێدی خۆیان و ٣٠% بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری و ٢٠% یش ئەوانەی لە هەرێم دادگایی کراون و ماوەی سزاکانیان بەسەر بردووە، کاتێک دەگەڕینەوە شوێنەکانیان دووبارە دەستگیر دەکرێنەوە بەتۆمەتی ئەوەی کە پێشتر پشتگیریان لە داعش کردووە.

دەستەبەرکردنی دەرفەتی خوێندن بۆ ئاوارە و پەنابەران:

- لە سەرەتای هاتنی شەپولی ئاوارە و پەنابەران لە زۆر قوتابخانە دەوامی ئیزافی کرایەوە بە زمانی عەرەبی کە (٥٨%)ی پەنابەران و (٩١%)ی ئاوارەکان سوودیان لەو دەوامە وەرگرتووە.
- قوتابییە ئاوارەکان لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان وەرگیراون بۆ ئەم مەبەستەش (١٣٨) بۆ ئاوارەکان و(٥٤) قوتابخانە بۆ پەنابەران لە هەرێمی کوردستان تەرخان کراوە ژمارەی قوتابیانیان (٣٣٥٨٤) قوتابییە، جگە لە مامۆستایانی میلاکی سەر بە وەزارەت (١٢٥٢) مامۆستای سووری لەم قوتابخانانە وانە دەڵێنەوە. بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢ - ٢٠٢٣) وەزارەتی پەروەردە بە فەرمانێکی وەزاری هەستاوە بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی تێکەڵکردنی قوتابیانی کۆچبەری سووری لە ناو قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان.
- ئاوارە و پەنابەران لە زانکۆ و پەیمانگا حکومی و تایبەتەکان هاوشانی قوتابیانی هەرێمی کوردستان وەردەگیرێن، هەروەها بەشە ناوخۆییەکان خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانیان بۆ دابینکراوە وەک شوێنی حەوانەوە و ئاوەڕۆ و شوێنە سەلامەتەکان بۆ خوێندن.
- کارئاسانی تەواوی کراوە بۆ وەرگرتنی خوێندکاران و قوتابیانی کەرکوک و ناوچە دابڕێندراوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت ئەو قوتابیانەی لە قوتابخانە کوردییەکان دەخوێنن، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢) زیاتر لە (١١٦٠) قوتابی کارئاسانیان بۆ پێشکەش کرا.


خزمەتگوزاری تەندروستی لە کەمپەکان:

لە گشت کەمپەکان بنکەی تەندروستی هەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوە ناحکومییەکان کە خزمەتگوزاری تەندروستی لە گشت بوارەکان پێشکەش دەکات، دەرمانەکانیش لەلایەن وەزارەتی تەندروستی دابین دەکرێت، هەروەها خول دەکرێتەوە بۆ پزیشکان و ستافەکان دەربارەی بۆشایی تەندروستی دەروونی و یەکسانی جەندەری.

تیمی گەڕۆك لەگشت کەمپەکان دابینکراوە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی وەک گەیاندنی فریاگوزاری سەرەتایی بۆ رووداوە لە ناکاوەکان، ناردنی تیمی پزیشکی و ئەمبولانس و پێداویستییەکان، پێشکەشکردنی رێنمایی و خزمەتگوزاری تەندروستی دەروونی، هەروەها رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هاوکاری و کارئاسانی دەکەن بۆ هێنانی دەرمان و پێداویستی پزیشکییەکان بۆ کەمپەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان و کەمپی پەنابەران.


بەشی بیست و یەکەم: دادپەروەری راگوزەری

سەبارەت بە زامنکردنی بەدیهێنانی دادپەروەری راگوزەری، وەزارەتی پێشمەرگە ستراتیژییەتێکی دارشتووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پێشێلکارییانەی مافەکانی مرۆڤ کە لایەنەکانی ململانێ چەکدارییەکان ئەنجامیان دەدەن، کە بریتییە لە کردنەوەی (٦) سەنتەری هەماهەنگی(٢)ی سەرەکی لە هەولێر و بەغدان و (٤) سەنتەری لاوەکی لە دیالە، کەرکوک، مەخمور و کەسک. سەبارەت بە لیوا هاوبەشەکان پێشمەرگەکان دەست نیشان کران و لە مەشقدان و گفتوگۆ بەردەوامە لەم بابەتە و چاوەڕێی حکومەتی فیدراڵی دەکرێت بۆ ئەنجامدانی رێکارە ئیدارییەکان.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 0 | 0 |
| جێبەجێنەکراو | 4 | 3 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 1 |
| | | |
| کۆی گشتی | 4 | |

Figure – 67 جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە دادپەروەری راگوزەری




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| جێبەجێنەکراو | 4 | 4 | 4 | 4 | 4 | 3 | 3 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 1 |

Figure – 68 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە دادپەروەری راگوزەری

قەرەبووکردنەوەی ڕزگاربووانی ئێزدی:

ئافرەتانی ئێزدی ڕزگاربووی دەستی تیرۆریستانی داعش ئەگەر لە هەرێمی کوردستان بن یان لە هەر شوێنێکی عێراق و تەنانەت دەرەوەی وڵات، ناونووس دەکرێن بۆ ئەوی بەگوێرەی یاسایەکی پێوەندیدار بە قەرەبووکردنەوەیان، مانگانە مووچەیان بۆ ببڕدرێتەوە، ناونووسکردنەکە لە سەرەتای مانگی ئابی ٢٠٢٢ دەستیپێکردووە و لە دهۆک نووسینگەیەکی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم کارە هەڵدەستێت.

یاسای قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکان و هەڵە سەربازییەکان:

سەبارەت بە یاسای قەرەوبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی کردارە جەنگییەکان و هەڵە سەربازییە و کردەوە تیرۆریستییەکان ژمارە (٥٧) بۆ ساڵی ٢٠١٥ ئەوا ئەم یاسایە لەلایەن حکومەتی ئیتیحادییەوە دەرکرا و لە هەرێمی کوردستاندا کاری پێناکرێت لەبەر ئەوەی لە پەرلەمانی کوردستان تێنەپەڕێنراوە و بودجەی پێویستی بۆ تەرخان نەکراوە لەلایەن حکومەتی ئیتیحادییەوە. زیانلێکەوتووانی کردارە جەنگییەکانیش لە سەرجەم پارێزگا عێراقییەکان قەرەبوو دەکرێنەوە - جگە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و بە گوێرەی ڕێژەی کەم ئەندامێتییان مووچەیان بۆ تەرخانکراوە.

قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و زیندانانی سیاسی:

وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان خزمەتکردنی سەرجەم وارس و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدانە بەبێ جیاوازی لەڕووی: (دابینکردنی مووچە، بواری پەروەردەو خوێندن، نیشتەجێکردن، دیاری هاوسەرگیری بۆ کوڕو کچی شەهیدان و جینۆسایدکراوان، چاودێری کۆمەڵایەتی)، هەروەها بەدەنگەوەهاتنی داواکارییەکانی وارسی سەربەرزی شەهیدان کە ئاڕاستەی وەزارەت دەکرێن، لە چوارچێوەی یاساو ڕێنماییەکاندا ئەگەرچی لەئێستادا بەهۆی قەیرانی داراییەوە بەشێك لە خزمەتگوزارییەکان وەستاون.

بڕی قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان:

- خەرج کردنی بڕی (٥٥,٥٣٧,٠٠٠) پەنجاو پێنج ملیۆن وپێنج سەدوسی وحەوت هەزار دینار مانگانە وەك بەخشین(منحه) بۆ (٢٥٢) خێزانی ئەنفال کراوەکان.
- خەرج کردنی بڕی (٣١٨,٥٤٧,٢٥٠) سێ سەدو هەژدە ملیۆن وپێنج سەدو چل و حەوت هەزار ودوو سەدو پەنجا دینار وەك کرێی خوێندن و دەرماڵەی هاتووچۆ و نیشتەجێبوونی کوڕ و کچ و هاوسەری شەهیدان.
- خەرج کردنی بڕی (١٩,٩٩٥,٠٠٠) نۆزدە ملیۆن ونۆسەدو نۆهەد و پێنج هەزار دینار وەك کرێی خوێندن و دەرماڵەی هاتووچۆ و نیشتەجێبوونی کوڕ و کچ و هاوسەری شەهیدان بۆ زانکۆیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.


- خەرج کردنی بڕی (٢٠٩,٤٠٧,٠٠٠) دووسەد و نۆ ملیۆن و چوارسەد و حەوت هەزار دینار وەك کرێی خوێندن و دەرماڵەی هاتووچۆ و نیشتەجێبوونی کوڕ و کچ و هاوسەری شەهیدان بۆ زانکۆکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان/ سلێمانی.
- خەرج کردنی بڕی (٦,٤٥١,٥٦٩,٤٦٠) شەش ملیاروچوارسەدوپەنجاو یەك ملیۆن وپێنج سەدوشەست و نۆهەزار و چوارسەدوشەست دینار وەك کرێی خوێندن و دەرماڵەی هاتووچۆ و نیشتەجێبوونی کوڕ و کچ و هاوسەری شەهیدان بۆ زانکۆیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان/ هەولێر.

قەرەبووکردنەوەی زیندانانی سیاسی:

- خەرج کردنی بڕی ٥٢,٥٠٠,٥٠٠ پەنجاو دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار وەك بەخشین (منحە) بۆ (١١٨) زیندانی سیاسی کە مووچەیان نییە بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٢٤٤٤) لە ٢٠٢٣/٥/٢.
- خەرج کردنی بڕی (٢٥٠.٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دیناربۆ ماوەی(١٠) ساڵ بۆزیندانی سیاسیەکان کە مووچەیان نییە وەك بەخشین (منحە) بە نووسراوی ژمارە (١١٩) لە ٢٠٢٣/٣/٢٠.
- خەرج کردنی بڕی (٧٧,٧١٥,٠٠٠) حەفتاو حەوت ملیۆن و حەوت سەدوپازدە هەزار دینارمانگانە وەك مووچە بۆ(١٨٧) گیراوی سیاسیەکان .
- خەرج کردنی بڕی (٥٧٢,٦٧٥,٠٠٠) پێنج سەدو حەفتاو دوو ملیۆن و شەش سەدو حەفتاو پێنج هەزار دینارمانگانە وەك مووچەبۆ(١٠٩٢)زیندانی سیاسی.


بەشی بیست و دووەم: مافەکانی پێکهاتەکان و ڕێگریکردن لە جیاکاری

لە چوارچێوەی پرۆسەی پیکەوەژیانی ئاشتیانە و بەشداری کارای پێکهاتەکان لە دامەزراوە نیشتمانییەکان لە کابینەی نۆیەمدا ئەندامێکی کابینەی وەزاری دەستینشان کرا وەک وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان ئەمەش ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ گرنگیدان بە پرسی پێکهاتەکان، لەم ڕووەوە چەندین دەقی یاسایی و ڕێکار و ڕێنمایی گیراونەتە بەر بۆ بەدیهێنانی یەکسانی. بوونی نوێنەرانی جو و بەهائییەکان لە هەرێم هەنگاوێکی بوێرانەیە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەموو پێکهاتەکان مافیان هەیە بەبێ جیاوازی لە پاراستن و مومارەسە کردنی سروتە ئایینییەکانیان بە ئازادی.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 6 | 6 |
| جێبەجێنەکراو | 2 | 1 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 1 |
| | | |
| کۆی گشتی | 8 | |

Figure – 69  جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافەکانی پێکهاتەکان و ڕێگریکردن لە جیاکاری




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 6 | 6 | 6 | 6 | 6 | 6 | 6 |
| جێبەجێنەکراو | 2 | 2 | 2 | 2 | 2 | 1 | 1 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 1 |

Figure – 70  بەراوردکردنی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە مافەکانی پێکهاتەکان و ڕێگریکردن لە جیاکاری

له هەرێمی کوردستان (١٨) قوتابخانە بە تورکمانی و (٤٩) قوتابخانەی سریانی هەیە.

ئاماری پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان ٢٠٢٣:

| ئاماری پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٣ | |
|---|---|
| پێکاتەی کرستیان | 300,000 - 350,000 |
| پێکهاتەی ئێزیدی | 500,000 |
| پێکهاتەی جوو | 100 خێزان |
| پێکهاتەی کاکەیی | 90,000 - 100,000 |
| پێکهاتەی بەهائی | 200 خێزان |
| پێکهاتەی زەردەشتی | 100,000 |
| پێکهاتەی مندائی | 5000 - 7000 |

Table – 60 ئاماری پێکهاتەکان

زمانی دایکی پێکهاتەکان

- جیاکاری نەکراوە لە وەزارەتی پەروەردە بۆ نەتەوەکانی تر لەبەر ئەوەی هەموو پێکهاتەکان مافی ئەوەیان هەیە بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن.
- دەستەیەکی تایبەت لە پەروەردەی پارێزگای دهۆک هەیە بۆ سەرپەرشتی کردنی ئایینی ئێزدیاتی، لە ساڵی (١٩٩٩) قوتابیانی ئێزیدی لە ناوچەکانی خۆیان وانەکە دەخوێنن لە قۆناغی یەک تا دوازدەی بنەڕەتی.

کێشەی زەوی و زاری مەسیحیەکان لە شاروچکەی عەنکاوە و قەرەبووکردنەوەی زەوییەکانی بۆ فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر:

- لە سنووری شارۆچکەی عەنکاوە زەوی تەنها بە ناوی پێکهاتەی مەسیحی دەکرێت و ئەویش بە مەبەستی پارێزگاری کردن لە گۆڕانی دیمۆگرافی ئەو ناوچەیە و دانیشتوانی ئەو قەزاییە کە زۆرینەی مەسیحین و پاڵپشت بە یاسای ژمارە (٥) ساڵی ٢٠١٥ بۆ پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان و عیراق.
- ئەو زەویانەی کە کەوتوونەتە سنووری فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لە گردجوتیار بە ڕێژەی ١٢% قەرەبوو کرانەتەوە و تاپۆکراون و هیچ کێشەیان نەماوە.

- ئەو زەویانەی دەکەونە دەرەوەی سنووری فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و کە بە لۆجستی و محرماتی فرۆکەخانە ناسراون رێژەیەکی زۆری ماوە قەرەبوو نەکراوەتەوە و بۆ ئەم مەبەستە لێژنەیەک پێکهاتووە بە سەرۆکایەتی وەزیری گواستنەوە و گەیاندن کە لە پێکهاتەی کریستیانە و ئەندامیتی بەرێزان وەزیری ناوەخۆ، داد، شارەوانی و گەشت و گوزار و کارەکانیان تەواو کردیە و نووسراو بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ بڕیار لێدان.
- لێژنەیەکی تریش پێکهاتووە بە سەرۆکایەتی بەرێز پارێزگای هەولێر بۆ هەمان مەبەست بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.
- بە پشت بەستن بە بڕیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠٢٢/٣/٢٧ بڕیاردرا بە زیادکردنی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان بۆ لیژنەی چارەسەری کێشەی زەوی وزاری کریستیانەکان کە لە ئێستادا کارایە.

<u>کێشەی زەوی و زاری مەسیحیەکان لە قەزای ئاکرێ و قەزای ئامێدی:</u>

- لە گوندی هزار جوت لە سنووری قەزای ئاکرێ دوای هاتنی داعش و ئاوارە بوونی خەڵک بڕیاردرابوو خانوو بۆ ئاوارە مەسیحیەکان دروست بکرێت  و رێکخراوێکی نێودەوڵەتی یارمەتیان بدات و بەڵێندەرێکیان هێنابوو بۆ ئەو مەبەستە وە بۆ هەر خانووێک بڕی (٣٠٠٠) دۆلاریان وەرگرتووە و ئیستا بەڵێندەرەکە هەڵاتووە و کێشەکە تووشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە.
- لەبەردرەمش کێشەی پێکهاتەکان نیە تەنها ئەوەی کە ئێزیدیەکانی ئەو ناوچەیە سەر بە ماددەی ١٤٠ ن وەک هەموو شوێنەکانی تری ماددەی ١٤٠.
- لە سنووری قەزای ئامێدی فراوان کردنی سنووری شارەوانی هەیە و ئەوان داوادەکەن کە زەویەکانیان بەدەر بکرێت لەو فراوان کردنە و نەخرێتە سەر سنووری شارەوانیەکان.

هەروەها بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی شارەوانی لە یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١٩ ماددەی (٩) کە تایبەتە بە تاپۆکردنی زەویە زێدەرۆییەکان و تایبەت بە پێکهاتەکان بەو دەقە باسی زەوی پێکهاتەکان دەکات و قەدغەی تاپۆکردنیان دەکات: حوکمەکانی ئەو یاسایە ئەو زەویانە ناگرێتەوە کە مافی خاوەندارتی، یان رەفتارکرندی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی لەسەرە و لەلایەن کەسانی تر زێدەرۆیی کراوەتە سەر جگە لە زۆیان دەتوانن لە حوکمەکانی ئەو یاسایە سوودمەندبن.

<u>خزمەتگوزاری ئیداری و یاسایی بۆ پێکهاتەکان:</u>

- سەبارەت بە ئازادی پابەندبوون بە باری کەسی بە پێی ئایین و ئایینزا و بیروباوەڕ و هەڵبژاردنی تاکەکەسی، وەزارەتی ئەوقاف یاسای ژمارە (٥) ساڵی ٢٠١٥ پەیڕەو دەکات کە رەهەندێکی یاسایی دەستوورییە، لە ئێستادا

ڕەشنووسێك ئامادەیە بۆ  ڕێكخستنی باری كەسێتی ئێزیدییەكان. لەبارەی ئیدارە خۆجێییەكانەوە، بە قەزاكردنی عەنكاوە و بە ناحیەكردنی خانكێ لە سنووری قەزای سمێل لە پارێزگای دهۆك ئەنجامدراون، هەروەها بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی لە شاری كەركوك و قەزای مەخمور كرایەوە.

- لە هەولێر بەردی بناغەی كەنیسە و بارەگای سەرەكی پاتریاركی ڕۆژهەڵاتی ئاشووری لە جیهان دانراوە.
- لە ئێستادا وەزارەتی ئەوقاف ڕەشنووسێكی یاسای نوێی ئامادەكردووە و ڕەوانەی سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران كراوە تاوەكو بەرزبكرێتەوە بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان. ئەم ڕەشنووسە یاسایە زیاتر برەودانە بە ڕەوشی پێكەوەژیان و زامنكردنی مافی زیاتر بۆ پێكهاتە ئایینیەكان و خزمەتكردنیان لە هەموو كاییەكانی ژیان.

<u>بڵاوكردنەوەی كەلتووری جیاكاری نەكردن و ڕێزگرتن و لێبوردەیی:</u>

- وەزارەتی ئەوقاف كار دەكات لەسەر بڵاوكردنەوەی كەلتووری جیاكاری نەكردن و ڕێزگرتن لەوانی دیكە و لێبووردەیی لەڕێی پەرەپێدانی پرۆگرامە پەروەردەییەكانەوە. وەزارەت بەردەوام گرنگی دەدات بە یەكخستنەوەی گوتاری ئایینی مزگەوتەكانی كوردستان لەلایەن بۆردی ئامادەكردنی وتاری هەینی لەسەرەتای كابینەی نۆیەم، كە ڕۆڵێكی زۆر كاریگەری هەبووە لە پێشكەش كردن و دانانی وتاری میانڕەوی و قوڵكردنەوەی گیانی لێبوردەیی و یەكتر قبوڵكردن . هەروەها لە ڕێگەی مامۆستایانی ئایینی كە لە مینبەرەكانیانەوە وتاری میانڕەو و دژ بە جیاكاری پێشكەش دەكەن لەژێر چاودێری بۆردی وتاری هەینی و یەكێكە لە تەوەرەكانی پلانی ستراتیژی وەزارەت.
- ڕۆژی (٢٧)ی ئۆكتۆبەری هەموو ساڵێک یادی ڕۆژی جیهانی ئازادی ئایینیەكان دەكرێتەوە، بە بەشداری نوێنەر و كەسایەتییە ئایینیەكانی هەرێمی كوردستان. وەزارەتی ئەوقاف ئەم یادە بەرز ڕادەگرێت. چالاكییەكی تایبەتی لە ٢٠٢٢/٥/٢٢ ئەنجامدراوە بۆ یادكردنەوەی ڕۆژی جیهانی كەلتووری فرەچەشن بۆ گفتوگۆ و گەشەپێدان بە بەشداری گشت پێكهاتە ئایینی و ئیتنیەكەكان لە هەرێمی كوردستان.
- چاپكردنی پەرتووكێكی فەرهەنگی لەسەر پێكەوە ژیانی ئایینی لە هەرێمی كوردستان بە هەرسێ زمانی كوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و خستنەڕووی چەندین بەڵگەی زیندووی پێكەوە ژیان لە هەرێمی كوردستان و پێشكەش بە قەداسەتی پاپای فاتیكان كرا لە كاتی سەردانە مێژووییەكەی بۆ هەرێم.
- بەدەر لەمانەش، وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ ئەو كەسانە سزا دەدات كە پێشێلكاری دەكەن و  هەڵدەستن بە دیاردەی قێزەوەن و ناشەرعییانە لە پەنای ئایین و دەرهەق بە كۆمەڵگا و بەدواداچوونی ئەم بابەتانە.

ئایین و کەلەپوور و ماددی پێکهاتەی ئێزیدی:

- وەزارەتی ئەوقاف کاری کردووە لەسەر بە فەرمی کردنی چوار جەژنی ئێزیدی بۆ ئێزیدییەکان و پشووی جەژنی سەری ساڵ لە سەرتاسەری هەرێم، و بە فەرمیکردنی خوێندنی بابەتی ئایینی ئێزیدی لە قوتابخانەکانی ناوچە ئێزیدی نیشینەکان. بۆ ئاسانکاری پێویست لە کاری دەرهێنانی دۆکیومێنتی فەرمی، دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مەسیحیەکان و ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف کار دەکات لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجومەنی دادوەری بۆ ئەم پرسە. لە ڕێگای نوێنەرایەتی گشت ئایینەکانی تر لە وەزارەتی ناوبراو بە هەماهەنگی کارەکانی ئایینەکانی تر جێبەجێ دەکرێن.
- بە بەردەوامی پشتیوانی بنکەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لالش دەکرێت، و کار لەسەر نۆژەنکردنەوەی مەزارگەی لالش و قوب لە شێخان و دروستکردنی ڕێگای جووت ساید بۆ مەزارگەی لالش و دروستکردنی عەمباری ئاو و کارگەی بەرهەمهێنانی ڕۆنی زەیتون لەسەر شێوازی کۆن بۆ ئەنجامدانی ڕێورەسمی تایبەت بە ئێزیدییەکان.
- پلان هەیە بۆ ئەنجامدانی (١٣) پرۆژەی تر بۆ نۆژەنکردنەوەی شوێنی پیرۆزی ئێزیدییەکان لە ناوچەکانی دێرەبون، شێخان، شێخکا، خانکین،باعەدرێ. و بە هاوکاری کەسانی خێرخواز (چوار) شوێنی پیرۆز نۆژەنکرانەوە لە ناحیەی فایدە. هەروەها دانانی کەسایەتییەکی ئێزیدی وەك بەرێوەبەری ناحیە لە سنوری پارێزگای دهۆك.
- حکومەتی هەرێم هاوکاری پێشکەش بە (٣٢١) پیاوی ئایینی کردووە وەك وتاربێژ و بەرێوەبەری ڕێورەسمی ئایینی و خزمەتکردن و پاراستنی شوێنە ئایینە پیرۆزەکان.
- بوونی وەزارەتێک تایبەت بە کاروباری پێکهاتەکان ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ گرنگیدانی کابینەی نۆیەمی حکومەت بە پرسی پێکهاتەکان. لە هەرێمی کوردستان بۆنە و یادی پێکهاتەکان بە پشووی فەرمی دادەنرێن. بوونی نوێنەرانی جو و بەهائییەکان لە کوردستان هەنگاوێکی بوێرانەیە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان هەموو پێکهاتەکان مافیان هەیە بەبێ جیاوازی. هەروەها ئافرەتانی پێکهاتەکان بەشداری سیاسی و ئابووری کارایان هەیە.

بەشی بیست و سێیەم: جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن دادگاکانەوە

دەسەڵاتی دادوەری بەردەوامە لە هەوڵی هۆشیارکردن و پەرەپێدانی زیاتری ئاستی توانای دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتی و فەرمانبەرانی دادوەری بە گشتی ئەویش بەرێگەی بەشداری کردن لە خولی جۆراوجۆرەکان چ لە نێوخۆی هەرێم یان لە دەرەوە.

لە میانەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە هاوکاری ڕێکخراوی یەکتر قبوڵکردن هەستاوە بە سازدانی زنجیرەیەک مێزگەردی تایبەت بە بونیادنانی تواناکانی دادوەران، لێکۆڵەرانی دادگای تایبەت بە دادگای توندوتیژی خێزانی، داواکاری گشتی تایبەت بە باری کەسی و فەرمانبەرانی خامەی دادگای باری کەسی و شارستانی.

پرۆژەکە پێکدێت لە زنجیرەیەک مێزگەرد کە (١٢٠) بەشداربوو لە هەر چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان سوودمەند دەبن (٤٥) لە هەولێر، (٣٠) سلێمانی، (٣٠) دهۆک و (١٥) هەڵەبجە.





Figure – 71 جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لە لایەن دادگاکان





Figure – 72 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لە لایەن دادگاکان

لە ماوەی ڕابردوودا ژمارەیەک خولی تر لەلایەن ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکا کراونەتەوە، چوارچێوەو بابەتی خولەکانیش یاسایی و پەیوەندیدار بە کاروباری دادگاکان بووە. بە تایبەت بابەتی تیرۆر و سپیکردنەوەی پارەو شەفافیەت و مادەی هۆشبەر و مافەکانی مرۆڤ و ڕوبەڕوبوونەوەی توندوتیژی ئافرەتان و بازرگانی کردن بە مرۆڤ بووە.

<u>ژمارەی خولی ڕاهێنان و ئەو دادوەرانەی بەشدارییان لە خولەکان کردووە بەم شێوەیە بووە:</u>

| خولی ڕاهێنان بۆ دادوەران | |
|---|---|
| ساڵی ٢٠٢١ | 46 |
| ساڵی ٢٠٢٢ | 67 |
| کۆی گشتی | 113 |


Table – 61 خولی ڕاهێنان بۆ دادوەران

<u>چالاکییەکانی بە تاوانەکانی داعش لە دەرەوە:</u>

- تاکو ئێستا نوێنەری حکومەتی هەرێم بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ یونیتاد بەشداربووە لە ٣ کۆبوونەوە لە دەرەوە سەبارەت بە تاوانەکانی داعش لە بەرلین و نیویۆرک.
- تاکو ئێستا یونیتاد توانیویەتی ٨ ووۆرکشۆپ و خول پێشکەش بکات بۆ بنیاتنانی توانای دادوەران و داواکارانی گشتی هەرێم، هەروەها شارەزایانی تەندروستی و یاسایی.


<u>بەشی بیست و چوارەم: ئاماژەکانی مافەکانی مرۆڤ</u>

گرنگی کۆکردنەوەی ئاماری پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەو بەرەوپێشچوونە دەخەنەڕوو کە بەدەستهاتووە لە جێبەجێکردنی پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکان و خستنەڕووی ئەوەی چی داواکراوە لەو دام و دەزگایانەی کە بەرپرسیارێتیان پێسپێردراوە بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت، هەروەها بۆ مەبەستی داڕشتنی سیاسەتی گشتی و پرۆگرامەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی کارنامەی حکومەتدا.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 2 | 2 |
| جێبەجێنەکراو | 8 | 2 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 6 |
| | | |
| کۆی گشتی | 10 | |

Figure – 73 جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە ئاماژەکانی مافەکانی مرۆڤ





| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 2 | 2 | 2 | 2 | 3 | 3 | 2 |
| جێبەجێنەکراو | 8 | 8 | 8 | 7 | 5 | 3 | 2 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 1 | 2 | 4 | 6 |

Figure – 74 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە جێبەجێکردنی ئاماژەکانی مافەکانی مرۆڤ

## بەشی بیست و پێنجەم: ڕاهێنان و بڵاوکردنەوەی کەلتوری مافەکانی مرۆڤ

لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم دام و دەزگاکان پابەند کراون بە جێبەجێکردنی ئەو پەرنسیپ و ڕێکارانە لەرووی حوکمڕانیی باش، شەفافیەت، سەروەری یاسا و پێکەوەژیانی ئاشتیانە بۆ ئەم مەبەستەش ڕاسپاردە پێشکەش کراوە بۆ ئەوەی بەپێی پێوەر دەرەنجامەکان بخرێنە روو لە دۆسیەکانی مافەکانی مرۆڤ لەوانە دادپەروەری ڕاگوزەری، بازرگانیکردن بە مرۆڤ، دەستبەسەرکردن، جێندەر، توندوتیژی خێزانی، هەروەها ڕێزگرتن لە بابەتەکانی مافەکانی مرۆڤ لە پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانە و زانکۆکان، هێزە ئەمنییەکان، کەلەپوری کەلتوری.....هتد بە هاوبەشی لەگەڵ دامەزراوە نیشتیمانییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا.




| | 2022 | 2023 |
|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 0 | 0 |
| جێبەجێنەکراو | 3 | 0 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکرادن دایە | 0 | 3 |
| | | |
| کۆی گشتی | 3 | |

Figure – 75 جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە ڕاهێنان و بڵاوکردنەوەی کەلتوری مافەکانی مرۆڤ




| | Jan-22 | Apr-22 | Jul-22 | Oct-22 | Jan-23 | Apr-23 | jul-203 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| جێبەجێنەکراو | 3 | 3 | 3 | 3 | 2 | 1 | 0 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 2 | 3 |

Figure – 76 بەرەوپێشەوەچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان تایبەت بە ڕاهێنان و بڵاوکردنەوەی کەلتوری مافەکانی مر

## وۆرکشۆپی تایبەت بە ڕاهێنان و جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ:

| وۆرکشۆپ | | |
|---|---|---|
| ١ | وۆرکشۆپی تایبەت بە ئەشکەنجەندان | ٢٠٢١-٩-٢٠ |
| ٢ | وۆرکشۆپی تایبەت بە ئازادی ڕادەربڕین و گەیشتن بە زانیارییەکان | ٢٠٢١-٩-٢٢/٢١ |
| ٣ | وۆرکشۆپی تایبەت بە شێوازی نووسینی ڕاپۆرت | ٢٠٢١-١١-٢٣ |
| ٤ | وۆرکشۆپی تایبەت بە مامەڵەکردنی نەشیاو و شوێن بزرکردنی بە زۆرەملێ | ٢٠٢١-١١-٢٧ |
| ٥ | وۆرکشۆپی ڕاوێژکاری لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ | ٢٠٢٢-٢-٢٨ |
| ٦ | وۆرکشۆپی تایبەت بە ئاستی جێبەجێکردنی یاسای چاندن و بەخشینی ئەندامانی لەشی مرۆڤ | ٢٠٢٢-٤-٧ |
| ٧ | وۆرکشۆپی پرۆژەی باشترکردنی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ بۆ بەندیان و ڕاگیراوان | ٢٠٢٢-٤-١٨ |
| ٨ | وۆرکشۆپی تایبەت بە مافی بەدەست هێنانی زانیاری | ٢٠٢٢-٥-٢٥ |
| ٩ | وۆرکشۆپی تایبەت بە ئازادی ڕادەربڕین و گەیشتن بە زانیارییەکان | ٢٠٢٢-٥-٢٥ |
| ١٠ | وۆرکشۆپی بنەمای یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی | ٢٠٢٢-٦-٧ |
| ١١ | وۆرکشۆپی تایبەت بە ئەشکەنجەدان و شوێنبزرکردن بە زۆرەملێ | ٢٠٢٢-٦-٢٦ |
| ١٢ | وۆرکشۆپی تایبەت بە شێوازی دادگایی کردنی تاوانبارانی کەیسی توندوتیژی خێزانی | ٢٠٢٢-٦-٢٧ |
| ١٣ | وۆرکشۆپی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لەسەر پرسی جێندەر | ٢٠٢٢-٨-٢ |
| ١٤ | وۆرکشۆپی بنەمای یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و یاسای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ | ٢٠٢٢-٨-١٠ |
| ١٥ | وۆرکشۆپی تایبەت بە باشترکردنی ڕەوشی کەمینەکان | ٢٠٢٢-٨-٣٠ |
| ١٦ | وۆرکشۆپی ڕاوێژکاری لە بارەی مافی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان | ٢٠٢٢-٩-٢١ |
| ١٧ | وۆرکشۆپی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەر وکارتێکەرە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان | ٢٠٢٢-١٠-١٨ |
| ١٨ | وۆرکشۆپی ڕاوێژکاری لە بارەی مافەکانی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت | ٢٠٢٢-١٠-١٩ |
| ١٩ | وۆرکشۆپی دەست پێشخەری بونیادنانی توانا و پەرەپێدانی کەیس بۆ لێپێچینەوەی تۆمەتبارانی داعش | ٢٠٢٢-١٠-٢٣ |
| ٢٠ | وۆرکشۆپی تایبەت بە بارودۆخی ئاوارەکان | ٢٠٢٢-١٠-٢٤ |
| ٢١ | وۆرکشۆپی تایبەت بە ئازادی ڕادەربڕین و گەیشتن بە زانیارییەکان | ٢٠٢٢-١٢-١٤ |
| ٢٢ | وۆرکشۆپی تاوتوێکردنی بەدواداچوونی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ | ٢٠٢٢-١٢-٢٠ |
| ٢٣ | وۆرکشۆپی تایبەت بە مافی خوێندن | ٢٠٢٣-٢-١٥ |
| ٢٤ | وۆرکشۆپی مافی پێکهاتەکان و ڕێگریکردن لە جیاکاری و گوتاری ڕق لێبوونەوە | ٢٠٢٣-٢-١٥ |
| ٢٥ | وۆرکشۆپی مافی ژیان لە ژینگەیەکی خاوێندا | ٢٠٢٣-٧-٣ |
| ٢٦ | وۆرکشۆپی باشترکردنی بارودۆخی ڕاگیراوان و نەهێشتنی ئەشکەنجەدان | ٢٠٢٣-٥-٤ |
| ٢٧ | وۆرکشۆپی مافی کارکردن و بیمەی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان | ٢٠٢٣-٥-٨ |
| ٢٨ | وۆرکشۆپی ڕاوێژکاری لە بارەی گەشەپێدان و بنبڕکردنی هەژاری | ٢٠٢٣-٥-١٤ |
| ٢٩ | وۆرکشۆپی ڕاوێژکاری لە بارەی مافی مەدەنی و سیاسی | ٢٠٢٢-٥-٢٢ |
| ٣٠ | وۆرکشۆپی ڕاوێژکاری لە بارەی بەڕێوەبردنی چاکسازییەکان و بنکەی ڕاگیراوان | ٢٠٢٣-٥-٢٥ |
| ٣١ | وۆرکشۆپی ڕاوێژکاری لە مافەکانی منداڵ | ٢٠٢٣-٦-١ |
| ٣٢ | وۆرکشۆپی ڕاوێژکاری لە مافەکانی ئافرەت | ٢٠٢٣-٦-٧ |
| ٣٣ | وۆرکشۆپی تایبەت بونیادنانی توانای دادوەر و لێکۆلەرانی دادوەری هەرێم | ٢٠٢٣-٦-٢٤ |
| ٣٤ | وۆرکشۆپی تایبەت مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان | ٢٠٢٣-٧-١١ |
| ٣٥ | وۆرکشۆپی مافی قەرەبووکردنەوە | ٢٠٢٣-٧-١٢ |

Table – 62 وۆرکشۆپی تایبەت بە پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ

وەزارەتی پێشمەرگە:

(١٥) سیمینار و خولی تایبەت بە مافی مرۆڤ و یاساکانی جەنگ لە ساڵی ٢٠٢٢- ٢٠٢٣ بۆ وەزارەتی پێشمەرگە ئەنجام دراون لەلایەن ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی و پەیمانگا و قورتبە دەربارەی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و یاسای ناکۆکی چەکداری.

خولەکانی مەشق و راهێنان لە بارەی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی (UNAMI):

لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠٢٢ و سەرەتای ٢٠٢٣ دام و دەزگاکانی هەرێم بە هاوبەشی لەگەڵ ئەم ئاژانسانەی کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدراوە خولی مەشق و ڕاهێنان و وۆرکشۆپ ئەنجامدراوە:

لە سەرەتای ئامادەکردنی ڕاپۆرتی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی نووسینگەی (یونامی) هەماهەنگ بوون لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی پلانی هەرێمی و لە دوای پەسەندکردنی پلانەکەش لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە و دەستپێکردنی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی، نووسینگەی ناوبراو هەماهەنگ بوون لە ئامادەکردنی ڕێکارەکان بۆ چەندین بابەتی وەک ئازادی ڕادەربڕین، ئەشکەنجەدان و مافەکانی ئافرەتان، هەروەها ڕێکخستنی ژمارەیەک وۆرکشۆپ و مێزگرد تایبەت بە ڕێکارەکان.

خشتەی مێزگردی نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی (UNAMI) لە ساڵی ٢٠٢٢:

| ناوی مێزگرد | ڕێکەوت |
|---|---|
| ئازادی ڕادەربڕین و دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان | ٢٥ ئایاری ٢٠٢٢ |
| مێزگەردێکی تایبەت بە ئازادی ڕادەربڕین بۆ کارمەندانی یاسایی لە دامودەزگا ئەمنییکان لە حکومەتی هەرێم | ١٤ کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢ |
| ۆورك شۆپی راسپاردەکانی تایبەت بە ئازادی رادەربڕین | رۆژی ٢٠٢٣/٧/٥ |

Table – 63 خولی ڕاهێنان

خشتەی وۆرک شۆپ و مەشقەکانی ڕێکخراوی پەرەپێدانی پیشەسازی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNIDO) و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێم ٢٠٢٢-کۆتایی ئازاری ٢٠٢٣:

| بابەت | پرۆگرام | پێناسە | ژمارەی بەشداربووان | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|
| گەشەپێدانی ناوچە پیشەسازییەکان | | | | |
| | بەرزکردنەوەی ئاستی یاسادانانی ناوچە پیشەسازییەکان بۆ عێراق و حکومەتی هەرێم | وۆرک شۆپی ئۆنلاین بۆ ناوچەی پیشەسازی و ئازاد (١٢ دانیشتن) | ٥ | تشرینی یەکەم-کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢ |
| | بەشداریکردن لە وۆرک شۆپێک کە لەلایەن یونیدۆوە بە هەماهەنگی لەگەڵ ناوچە پیشەسازییەکانی ئوردن و ژووری پیشەسازییەکان ڕێکخرابوو، کە لەلایەن کۆماری ئیتالیا پارەدار دەکرێت | AICS عەممان، گەشتی خوێندن بۆ ئاشکراکردنی سیاسەت و بەرنامە و خزمەتگوزارییە جیاوازەکانی کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان کە لەلایەن دامەزراوە ئوردنەکانەوە پێشکەش دەکرێن و بۆ پێشخستنی هاوکاری دامەزراوەیی لە نێوان ٢ وڵات و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ناوچە پیشەسازییەکانی ئوردن. | ٢ | ١٢-١٦ ئازاری ٢٠٢٣ |
| گەشەپێدانی توانای تاکەکانی حکومەتی هەرێم | | | | |
| | خولی ڕاهێنانی COMFAR (مۆدیۆلی کۆمپیوتەر بۆ شیکاری و ڕاپۆرتکردنی تواناکان | خولی ڕاهێنانی ئۆنلاین، مۆدیولەکانی یونیدۆ | ٤ | کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢ |
| | خولی ڕاهێنانی بازرگانی ئەلیکترۆنی | خولی ڕاهێنانی ئۆنلاین، مۆدیولەکانی یونیدۆ | ٣ | نیسانی ٢٠٢٢ |
| | ڕاهێنانی ڕاوێژکاری بەرەوپێشبردنی وەبەرهێنان بۆ فێرخوازان | خولی ڕاهێنانی ئۆنلاین، مۆدیولەکانی یونیدۆ | ٦ | حوزەیرانی ٢٠٢٢ |

Table - 64 خولی مەشق

## خشتەی وۆرک شۆپ و مەشقەکانی ڕێکخراوی گەشپێدانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP) مانگی شوبات تا نیسانی ٢٠٢٣

| ناوی وۆرک شۆپ و بابەتەکانی باسکراو | شوێن | دامەزراوە پەیوەندیدارەکان | ژمارەی ئامادەبووان | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|
| وۆرکشۆپی ڕاهێنان بۆ ڕۆژنامەنووسانی لێکۆڵینەوە (٤) | سلێمانی | ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی / ڕۆژنامەنوسان | ٢٦ | ١٠-١٢ شوباتی ٢٠٢٣ |
| هەڵسەنگاندنی مەترسی گەندەڵی (بە گرنگیدان بە تەداروکی گشتی) | هەولێر | دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان | ٣٠ | ٢٧-٢٨ شوباتی ٢٠٢٣ |
| وۆرک شۆپێکی ڕاوێژکاری بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕێسای ڕەفتاری بۆ چالاکییەکانی لێکۆڵینەوە لە دەسەڵاتی دەستپاکی فیدراڵی | هەولێر | کۆمیسیۆنی دەستپاکی فیدراڵی | ٣٠ | ١-٢ ئازاری ٢٠٢٣ |
| لێکۆڵینەوە و ناوبژیوانی گەندەڵی لە تەداروکی گشتی | هەولێر | دەستەی دەستپاکی و ئەنجومەنی دادوەری و دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان | ٤٠ | ١-٢ ئازاری ٢٠٢٣ |
| لێکۆڵینەوە و ناوبژیوانی گەندەڵی لە تەداروکی گشتی | هەولێر | کۆمیسیۆنی دەستپاکی فیدراڵی و دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵی | ٤٠ | ٥-٦ئازاری ٢٠٢٣ |
| وۆرک شۆپی پێشنیار چاکسازی لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی مەترسییەکانی گەندەڵی لە بواری توێژینەوەی زانستیدا | هەولێر | دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان - وەزارەتی خوێندنی باڵا، و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان | ٤٥ | ٥-٦ئازاری ٢٠٢٣ |
| وۆرک شۆپێکی ڕاهێنان لەسەر وردبینی پزیشکی دادوەری | هەولێر | کۆمیسیۆنی دەستپاکی فیدراڵی و دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵی | ٤٠ | ٧-٩ ئازاری ٢٠٢٣ |
| ڕێسای ڕەفتاری دادوەری فیدراڵی | هەولێر | ئەنجومەنی باڵای دادوەری فیدراڵی | ٣٠ | ١٠-١١ ئازاری ٢٠٢٣ |
| | هەولێر | | ٢٦ | ١٠-١٢ ئازاری ٢٠٢٣ |
| وۆرکشۆپی ڕاهێنان بۆ ڕۆژنامەنووسانی لێکۆڵەر (5) | | ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی / ڕۆژنامەنوسان | | |
| وۆرک شۆپێکی ڕاهێنان لەسەر وردبینی پزیشکی دادوەری | هەولێر | دەستەی دەستپاکی و ئەنجومەنی دادوەری و دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان | ٤٠ | ١٣-١٦ ئازاری ٢٠٢٣ |

Table – 65 ژمارەی ۆورکشۆپ

خشتەی وۆرک شۆپ و مەشقەکانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (ILO) لەساڵی ٢٠٢٢ تاکو سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣

| ناوی وۆرک شۆپ و بابەتەکانی باسکراو | ژمارەی ئامادەبووان |
|---|---|
| پشتگیریکردن لە مافەکانی منداڵان لە ڕێگەی پەروەردە و هونەر و میدیا ڕاهێنانەکانی SCREAM (27 دانیشتن) | ٢٩٩ |
| دەستنیشانکردنی مەترسییەکان و بارودۆخی ئازاردان و نوێکردنەوەی لیستی جۆرە مەترسیدارەکانی کاری منداڵان | ٢٢ |
| وۆرکشۆپی ڕاهێنان لەسەر کەمترین تەمەن بۆ وەرگرتن لە دامەزراندن (کەمترین تەمەنی کارکردن) | ١٠ |
| ڕاهێنان و وۆرک شۆپی پلانی کارکردنی نیشتمانی ٢ دانیشتن | ١٥ |
| هەڵسەنگاندنی چوارچێوەی سیاسەت و ڕێکخستنی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاری منداڵان لە عێراق دانیشتن و وۆرک شۆپەکان | ٣١ |

Table – 66 ژمارەی وۆرکشۆپ لە لایەن ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی

خشتەی وۆرک شۆپ و مەشقەکانی نووسینگەی خزمەتگوزاری پرۆژەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNOPS) لە ساڵی ٢٠٢٢ تاکو سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣

| ناوی پرۆژە | ماوەی پرۆژە |
|---|---|
| سەنتەری بانگەوازی عێراق کە بنکەکەی لە هەولێرە 2015-2022 خزمەت بە ئاوارەکان و ئاوارەکان دەکات بۆ پێداویستیەکانی هاوکاری مرۆیی | ٢٠١٥-٢٠٢٢ |

Table – 67 بابەتی وۆرکشۆپ

خشتەی وۆرک شۆپ و مەشقەکانی نووسینگەی هەماهەنگی کاری مرۆیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (OCHA) لە ساڵی ٢٠٢٢

| ناوی پلان | ساڵی جێبەجێکردنی پلان |
|---|---|
| تێڕوانینێکی گشتی بۆ پێداویستیە مرۆییەکان 2022 (HNO) | ٢٠٢٢ |
| پلانی وەڵامدانەوەی مرۆیی ٢٠٢٢ (HRP) | ٢٠٢٢ |
| تێڕوانینێکی گشتی بۆ گواستنەوەی مرۆیی 2023 (HTO) | ٢٠٢٢ |

Table – 68 بابەتی وۆرکشۆپ

## خشتەی وۆرک شۆپ و مەشقەکانی ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی  سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (IOM) لەساڵی ٢٠٢٢

| ماوەی پرۆژە | ناوی پرۆژە |
|---|---|
| ٢٧-٢٨ تەمموزی ٢٠٢٢ | ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق ڕاهێنانی لەسەر پاراستنی سەرەکی پێشکەش بە ئەفسەرانی IKMAA کرد. کۆی گشتی 27 ئەفسەر لە IKMAA بەشداریان کرد (14 ژن، 13 پیاو) بۆ مەشق و ڕاهێنانەکان کە لە سلێمانی بەڕێوەچوو. ڕاهێنانەکە بریتی بوو لە ناساندنی مافەکانی مرۆڤ و پاراستن، ڕەوانەکردنی سەلامەتی کەیسەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، UNSCR 1325، بنەماکانی پاراستن و ڕێگا پراکتیکییەکان بۆ بەرزکردنەوەی لێپرسینەوە بەرامبەر بە دانیشتوانی زیانلێکەوتوو. |

Table – 69  بابەتی وۆرکشۆپ